
رۆژنامە ٧

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦١٣) سێشەممە ٢٠١٠/١٢/٢١ | www.sbeiy.com | نرخ ٧٥٠ دینار



پەرلەمانی کوردستان سیستمی سەرۆکایەتی پەیڕەو دەکات، نەک پەرلەمانیی

ل...١٢



سەرکردە کوردەکان ڕاستگۆ نەبن، ئابڕووییان دەچێت

ل...٥

وەزیرە کوردەکان ئیمزای کەمکردنەوەی بودجەی هەرێمیان کردووە

ئیئتیلافی کوردستانیی دەنگی بە لێخۆشبوونی بەعسییەکان دا



فۆتۆ: ئاکام ئەبوبەکر

هەولێرو کۆیەش دوای سلێمانیو کەلار خۆپیشاندان دەکەن ل...٤

رۆژنامە

پەرلەمانتارانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەنگ بە لێخۆشبوونی بەعسییەکان دەدەنو وەزیرە کوردەکانیش لە بەغدا ئیمزایان لەسەر بودجەی (٢٠١١)ی عێراق کردووە کە برگەی هەڕەشەئامێزی لەسەر پشکی هەرێم تێدایە.

لە دانیشتنی (١٢/١٨)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بە زۆرینەی دەنگ، بڕیاردرا، کە یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس لەسەر هەریەک لە (سالح موتلەگو زافر ئەلعانیو جەمال کەربولی) هەڵبگیرێت.

شوان تەها، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانیی، بە مالپەڕی «پەیامنێر»ی ڕاگەیاند: «ئێمە وەکو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەنگمان دا لەسەر هەڵگرتنی ریشەکێشکردن لەسەر ئەو سەرکردانەی لیستی «ئەلعێراقییە».

هاوکات، سەعید ڕەسوڵ، پەرلەمانتاری هاوپەیمانی کوردستانیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کە لەبەر سەرکەوتنی موبادەرەکەی سەرۆک بارزانیو ڕێزگرتن لە ڕێککەوتنەکە ئێمە دەنگمان بۆ ئەو بڕیارە دا، هەرچەندە ناتوانم بڵێم؛ هەموو ئەندامەکانمان ئەو هەڵوێستەیان هەبوو».

لەلایەکی دیکەوە بەپێی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی عێراق، کە کۆپییەکی لای ڕۆژنامەیە، لە برگەی (ب) مادەی یەکەمی پرۆژەکەدا، هەرێم پابەند دەکات بە ناردنی (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە بۆ دەرەوەو ئەگەر پابەندیش نەبێت بە هەناردەی ئەو بڕە نەوتە، ئەوا لە ڕێژەی (١٧٪)ەکەی هەرێم دەبڕدرێت.

وردەکاریی زیاتر لەوبارەیەوە لە لاپەڕە (٢)دایە.

سەرۆکایەتی پەرلەمان، ڕاپۆرتەکانی چاودێریی دارایی، ڕەوانە دەکاتەوە

رۆژنامە

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی ڕەوانەی دیوانە تازەکە دەکاتەوە، ئەوە لەکاتێکدایە دوای زیاتر لە سێ مانگ سەرۆکی نوێی دیوان دەستبەکار نەبووە.

هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٠/٩/٢٠)دا، هادی ڕەحمانی وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم دەستنیشانکرد، بەڵام بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دیوانی چاودێریی دارایی، تا ئێستا ئەو دیوانە یەکگرتووە دەستبەکار نەبووەو هەردوو دیوان وەک خۆیان کاردەکەن.

سەرچاوەکەی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم، بۆ ڕۆژنامە جەختی لەوە کردەوە، کە تا ئێستا سەرۆکی دیوانی چاودێریی هەولێرو سلێمانی لە بەڕێکردنی کارەکانی دیوان بەردەوامنو سەرۆکی نوێ، هەرچەندە لە دیوان دەوام دەکات، بەڵام دەستبەکار نەبووە.

دەستبەکارنەبوونی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم، کارنەکردنە بە یاسای ژمارە (٢)ی سالی(٢٠٠٨) یاسای یەکگرتووی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان.

هاوکات وەک پێشتر ڕاگەیەنرابوو، بڕیاربوو دوای یەکگرتنەوەو دەستبەکاربوونی سەرۆکی دەستنیشانکراوی دیوان لەپەرلەمانەوە، ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی کە لەلای سەرۆکایەتی پەرلەمانە، بخرێتە بەردەست پەرلەمانتارانو کاریان لەسەر بکرێت، بەڵام بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕاپۆرتەکانی ڕەوانەی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم کردوونەتەوە بۆ یەکلاییکردنەوە.

د. زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی نەزاهەو یاسایی لە پەرلەمان، ئەگەر کارێکی لەو شێوەیە کرابێت، ئەوا هەڵوێەکی یاسایی کوشندەیە، چونکە دیوانی چاودێریی دارایی جا هەولێر بێت، یان سلێمانی، ئەو ڕاپۆرتانەی کاتێک گەڵاڵە کردووە کە هەموو ڕێوشوێنەکانی تەواوکراوەو داوا لە پەرلەمان دەکات، ڕێوشوێنی دیکەیان بەرامبەر وەربگرێت.

هەروەک دەڵێت: «ئەگەر ئەو ڕاپۆرتانە کە پەرلەمان بە لیژنەی نەزاهەشی ڕەوا نابینێت، بیانبینێت، بگەڕێنرێنەوە بۆ دیوان، ئەوا هیچ بە هایەک نامێنێت بۆ ئەو کارانەی پێشتر کراوە، ئەمەش هەڵوێەکەو هیوادارم بەمەبەست نەکرابێت، چونکە ئەمە لە خۆدزینەوەی پەرلەمان لە بەرپرسیارێتیی زیاتر، هیچی دیکە نییە».

بۆ ل٣

وردەکاریی دابەشکردنی وەزارەتەکانی کابینە نوێیەکەی مالیکی

ل...٢

پەرلەمانتارانی گۆڕان (٤٠٩) ملیۆنیان بەخشییە بزووتنەوەکەیان

رۆژنامە

پەرلەمانتارانی گۆڕان لە بەغدا، جگە لە (٢٠٪)ی مووچەکانیان، تەواوی پارەی کرێنی ئۆتۆمبێل، کە پێکهاتووە لە (٤٠٩)ملیۆن دینار، گەڕاندەوە بۆ بزووتنەوەی گۆڕانو پەخشکردنی کەناڵی (KNN) لەسەر مانگی دەستکردی هۆتبێرد.

شۆڕش حاجی، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی وت: «خەلک دەزانێت کە لەپەرلەمانی کوردستان، یاسای ئەحزاب جێبەجێ ناکرێتو تەنیا دەستکەوتی بزووتنەوەی گۆڕان ئەو نیو ملیۆن دۆلارەیە کە مانگانە بە سلفە پێیدەدرێت، ئەمەش بودجەیەکی کەمەو لەسەر ئێمە پێویستە یارمەتی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمپانیای وشە بدەین».

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژەی بەوەش کرد: تەواوی پارەی ئۆتۆمبێلی پەرلەمانتارەکان دراوەتە کەناڵی (KNN)، بۆئەوەی بتوانێت پەخشی بەرنامەکانی لەسەر مانگی دەستکردی هۆتبێرد دەستپێبکاتەوە، چونکە جەماوەری بەرفراوانی گۆڕان لە ئەمریکاو ئەوروپاو ئوستورالیا دەمێکە داخوازیی ئەوەیان هەیەو لەبەر نەبوونی پارە، پەخشەکە ڕاگیرابوو.

لای خۆشیەوە، کوێستان کەریم، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان، باس لەوەدەکات، کە زۆربەی کاندیدەکانی گۆڕان لە خێزانە هەژارەکان بوونو پێشتر دەولەمەند نەبوون، تەنانەت بانگەشەی هەلبژاردنەکانیشیان لەسەر گیرفانی خۆیان بەڕێوەبردووە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە بە بەشێک لە ئیمتیازاتەکانی خۆیان، خزمەتی جەماوەرو دامەزراوەکانی گۆڕانی پێبکەن.

کوێستان، وتیشی: «بۆ ئێمە کە دەوامێکمان لە بەغدایەو یەکێک لە سلێمانی، بۆ هاتوچۆو ڕاییکردنی ئیشوکارەکانمان زۆر پێویستمان بە ئۆتۆمبێلە، پێشتریش زۆرینەمان بێ ئۆتۆمبێل بووین، واتە لەڕاستیدا پێویستمان پێیەتی، بەڵام وەک ئەرکێکی سیاسییو ئەخلاقی،ئەو پارەیەمان بۆ بزووتنەوەکەو پشتگیریی لە کۆمپانیای وشە گەڕاندووەتەوە».

پەرلەمانتارانی عێراق، جگە لە مووچەکانی خۆیانو پاسەوانەکانیان کە مانگانە (٣٥)ملیۆن دیناڕە، بۆ کرینی ئۆتۆمبێلیش ڕۆژانی ڕابردوو (٥٨)ملیۆنو (٥٠٠)هەزار دیناریان پێدرا، لەو پارەیە (٨) پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، کۆی پارەکەو مانگانە (٢٠٪)ی مووچەکانیشیان بۆ بزووتنەوەکە دەگەڕێننەوە.

لەوبارەیەوە، شۆڕش حاجی، وتی: «هیوادارین ئەم هەولەی ئێمە سەرەتایەک بێت، تا ئەو خەڵکانەی لەناو گۆڕانیشو بە مووچەی بەرز لە پەرلەمان یان حکومەت خانەنشینن، ئەوانیش بەشێک لە مووچەو دەستکەوتی مانگانەیان پێشکەشی گۆڕان بکەن».

لەو چوارچێوەیەدا، کوێستان کەریم ڕایدەگەیەنێت: «وەک چۆن بزووتنەوەکە توانیی گۆڕانی گرنگ لە هەرێمی کوردستان بکاتو لە ڕووی کاری سیاسییو کەم مەسرەفییەوە جیاوازبێت لە هێزەکانی تر، بەهەمان شێوەش نوێنەرەکانیشی دەیانەوێت بەو هەوڵانەیان خاڵە جیاوازەکانی خۆیان لەگەڵ پەرلەمانتارانی تر دەربخەن».

یەکێتیو پارتی، لەسەر سەرۆکی دەستەی مافەکانی مرۆڤ ڕێکناکەون


رۆژنامە

دوای زیاتر لە (٧) مانگ بەسەر دەرچوونی یاساکەیدا، یەکێتیو پارتی لەسەر دانانی سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ڕێکنەکەوتوون.

لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا، پەرلەمانی کوردستان یاسای دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی پەسەند کرد، کە بەپێی یاساکە ئەو دەستەیە کەسایەتییەکی مەعنەویی و سەربەخۆی دارایی و ئیداریی دەبێتو پەیوەست دەبێت بە پەرلەمانەوەو لە بەردەمیدا بەرپرس دەبێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: یەکێتیو پارتی هەر یەکەو لای خۆیەوە دەیەوێت سەرۆکی ئەو دەستەیە لە خۆی بێت، بۆ ئەو مەبەستەش تائێستاو پاش تێپەڕبوونی (٧) مانگ بەسەر دەرچوونی یاساکەیدا، لەسەر ئەو پۆستە ناکۆکنو بەو هۆیەشەوە دەستەکە پێکنەهێنراوە.

بۆ ل٧



پێتەر بۆوکایرت:

کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان مەترسیی جەنگی لێدەکرێت

ل...٩

حکومەت (١٥) ملیاری داوەتە کرێی پەیوەندیکردن

ل...١٤



ئابڕووبەری «ووتەر گێت»

پەندێک بۆ سیاسییو میدیاکارو دادوەرەکانمان

ل...٢٢

تا ئێستا دیوانی چاودێریی دارایی دەستبەکار نەبووە

پەرلەمان، ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی ڕەوانەی دیوان دەکاتەوە



دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان

فۆتۆ: ڕۆژنامە

چاوان عەلی

تا ئێستا دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم، دەستبەکار نەبووەو پەرلەمانیش لە بری کارکردن بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی، ڕەوانەی دیوانی دەکاتەوە.

هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٠/٩/٢٠)دا، هادی ڕەحمانی وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم دەستنیشانکردو لە (١١/١)شدا سوێندی یاسایی خوارد، بەڵام بەوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دیوانی چاودێریی دارایی، تا ئێستا ئەو دیوانە یەکگرتووە دەستبەکار نەبووەو هەردوو دیوان وەک خۆیان کاردەکەن.

سەرچاوەکەی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم، بۆ ڕۆژنامە جەختی لەوە کردەوە، کە تا ئێستا سەرۆکی دیوانی چاودێریی هەولێرو سلێمانی لە بەڕێکردنی کارەکانی دیوان بەردەوامنو سەرۆکی نوێ هەرچەندە لە دیوان دەوام دەکات، بەڵام دەستبەکار نەبووە.

دەستبەکارنەبوونی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم، کارنەکردنە بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی(٢٠٠٨) یاسای دیوانی چاودێریی داریی هەرێمی کوردستان.

لەوبارەیەوە، گۆران ئازاد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان دەڵێت: «بە گوێرەی سوێندخواردنەکەی و بە گوێرەی دەقی یاسایی دیوانی چاودێریی داراییش کە خۆی کاری پێدەکات، پێویست بوو دوای دەرچوونی یاساکەو دەستنیشانکردنو سوێندخواردنی سەرۆکی نوێ، یەک دیوان هەبوایەو یەک سەرۆکیان هەبێتو دەستبەکاربن، ئەوەشی کە لەراگەیاندنەکان بیستومانە، دەڵێن؛ دەستبەکاربوون».

گۆران ئازاد، ئەوەشی خستەڕوو کە ئەم سەرۆکە نوێیە، تەنیا کاری ڕێکخستنەوەی ئەو دامەزراوەیەیە، نەک دروستکردنی، هەربۆیە دەستبەکاربوونی کارێکی گران نییە.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، هۆکاری دەستبەکارنەبوونی سەرۆکی نوێی دیوانی چاودێریی دارایی، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا مەرسومی تایبەت بە ئیعفاکردنو خانەنشینکردنی دوو سەرۆکەکەی دیوانی چاودێریی دارایی هەولێرو سلێمانی دەرنەچووە، کە لە ئێستادا لەبەردەم سەرۆکی هەرێمە بۆ ئیمزاکردن، هەرکات ئەو مەرسومە دەرچوو، سەرۆکی نوێ دەستبەکاردەبێت، بەڵام بەپرواى یاساناسان، دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێ، پەیوەندیی بە بڕیاری خانەنشینکردنی سەرۆکەکانی پێشووی هەردوو دیوانەوە نییە.

د.زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، جەختی لەوە کردەوە، کە هەرچەندە پێویست بوو لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێ، بڕیاری خانەنشینکردنی دووسەرۆکەکەی پێشوو دەکرێت، بەڵام دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم بە یاسای ژمارە (٢) کاردەکات، کە هیچ دەقێکی یاسایی تێدانییە لەوبارەیەوە، ئەمە جگە لەوەی پێشتر کە ئەو دوو دیوانە سەرۆکیان بۆ دەستنیشانکراوە، لەکاتی دوو ئیدارەییدا بووەو لە پەرلەمان سوێندیان نەخواردووە تا لە پەرلەمانەوە بڕیاری خانەنشینکردنیان بۆ دەربکرێت.

هاوکات، پەرلەمانتاران کۆکبوون لەسەر ئەوەی، ڕێز لە تواناو ماندووبوونی سەرۆکی هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی هەولێرو سلێمانی بگیرێت کە لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا کاریان کردووە، بە تایبەت دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کە سەدان ڕاپۆرتی گەندەڵیی ئاشکراکردووەو زۆرێکیش لەو ڕاپۆرتانە دراونەتە پەرلەمان.

گۆران ئازاد، ئاماژەی بەوەکرد: فەرمان، یان مەرسومی ئیعفاکردنو خانەنشینکردنی ئەو بەڕێزانە، هەڵوێستێکی جوانە لەلایەن حکومەت، یان سەرۆکایەتیی هەرێمەوە وەک ڕێزلێنانێک لە ماندووبوونیان، بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەدواکەوتنی کاری دیوانو سەرۆکەکەیەوە نییە.

> **ئەگەر ئەو ڕاپۆرتانە کە پەرلەمان بە لیژنەی نەزاهەشی ڕەوا نابینێت، بیانبینێت، بگەڕێنرێتەوە بۆ دیوان، ئەوا هیچ بە هایەک نامێنێت بۆ ئەو کارانەی پێشتر کراوە، ئەمەش هەڵیەکەو هیوادارم بەمەبەست نەکرابێت**

دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی کە بە دیوانێکی کارا ناودەبرا، بەپێی ئامارەکان توانیویەتی (٤٨٪)ی بەرنامەکەی خۆی لە ماوەی ڕابردوودا جێبەجێبکات، لەگەڵ ئەوەشدا (١٠٥) ڕاپۆرتی ڕەوانەی پەرلەمان کردووە کە تەزویرو ئیختلاس، یاخود سەرپێچی زۆر گەورەو زەقیان تێدا تۆمارکراوە.

لە دوای سوێندخواردنی سەرۆکی نوێی دیوانی چاودێریی دارایی، پێویستە پەرلەمان کار لەسەر ئەو ڕاپۆرتانە بکات، بەڵام بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پەرلەمان، ئەو ڕاپۆرتانە ڕەوانەی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم کراونەتەوە بۆ یەکلاییکردنەوە بەو بیانووەی ئەم دیوانەی ئێستا شەرعیەو پێویستە دوای پیاچوونەوە ڕاپۆرتەکان لەوێوە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێنەوە.

د. زانا ڕەئوف، کە هاوکات ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانیشە، پێیوابوو ئەگەر کارێکی لەو شێوەیە کرابێت، ئەوا هەڵیەکی یاسایی کوشندەیە، چونکە کاتێک دیوانی چاودێریی دارایی جا هەولێر بێت، یان سلێمانی، ئەو ڕاپۆرتانەی کاتێک گەڵاڵە کردووە کە هەموو ڕێوشوێنەکانی تەواوکراوەو داوا لە پەرلەمان دەکات، ڕێوشوێنی دیکەیان بەرامبەر وەربگرێت.

هەروەک دەڵێت: «ئەگەر ئەو ڕاپۆرتانە کە پەرلەمان بە لیژنەی نەزاهەشی ڕەوا نابینێت، بیانبینێت، بگەڕێنرێتەوە بۆ دیوان، ئەوا هیچ بە هایەک نامێنێت بۆ ئەو کارانەی پێشتر کراوە، ئەمەش هەڵیەکەو هیوادارم بەمەبەست نەکرابێت، چونکە ئەمە لە خۆدزینەوەی پەرلەمان لە بەرپرسیارێتیی زیاتر، هیچی دیکە نییە».

ئێستا وەک نووسینگەی هاوبەشی یەکێتیو پارتی کاردەکات

ئێران نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم بە ڕەسمیی قبووڵ ناکات

دلێر عەبدولخالق

بەهۆی بە فەرمیی نەناساندنی لە لایەن ئەو وڵاتەوە، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە تاران، وەک نووسینگەی هاوبەشی یەکێتیو پارتی دەستبەکار دەبێتو سەرۆکی نووسینگەکە نوێنەری یەکێتیو جێگرەکەشی نوێنەری پارتی دەبێت لە تاران.

نەبوونی پاڵپشتی یاسایی، (٢٤) نوێنەرایەتییەکەی هەرێمی کوردستانی لە وڵاتانی دنیا بێ ناونیشان هێشتووەتەوە، لەو چوارچێوەیەداو ئەگەرچی پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ هەرێمی کوردستانو کۆماری ئیسلامیی بە یەکەوە گرێدەدات، بەڵام بەهۆی ڕازینەبوونی ئێرانەوە، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم وەک نووسینگەیەکی حیزبیی کارەکانی ڕایی دەکات.

نازم عومەر، لێپرسراوی نووسینگەی هاوبەشی یەکێتیو پارتی لە تاران، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، من سەرۆکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمم لە ئێران، بەڵام بۆ دۆزینەوەی دەرگایەکی یاسایی، کە شوێنێکی کارکردنمان هەبێت، نووسینگەکەمان لەژێر ناوی نووسینگەی هاوبەشی یەکێتیو پارتی کردووەتەوە».





سەبارەت بەوەی، چۆن نووسینگەیەکی حیزبیی دەتوانێت کارە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێکبخات؟، نازم عومەر، ئاماژەی بەوە کرد؛ ناوهێنانی ئەو پارتە بووە لە ئێران.

چوارچێوەی یاسایی نوێنەرایەتی هەرێم لە وڵاتانی دەرەوە، بەپێی دەستووری عێراقو یاسا پەیوەندیدارەکان، تەنیا یەک کەس وەک نوێنەری هەرێم لە سەفارەتەکانی عێراقی قبووڵکراوە، واتە بەپێی ڕێوشوێنە دیبلۆماسییەکان نوێنەرایەتییەکانی هەرێم بە فەرمیی لە لایەن وڵاتانی خانەخوێوە نەناسراون، ئەو حاڵەتەش درێژە دەکێشێت تا هێزە سیاسییەکانی عێراق کۆکەبن لەسەر هەبوونی یاسایەک لەوبارەیەوە وەزیری دەرەوەی عێراق بتوانێت ئەو نوێنەرایەتییانە بناسێنێت.

نازم عومەر، وتیشی: «لەبەر گرنگییێدانی وڵاتان بە هەرێمی کوردستان، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە زۆربەی ئەو وڵاتانە لەژێر ناوی جیا جیادا هەیە، هەبوونی شوێنێک لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئێمە گرنگە، بۆیە لەژێر ئەو ناوەدا کراوەتەوە».

ئەم یاسایەش ئیمزا کرا!



ئازاد چالاک

سەرەڕای هەموو ئەو تێبینیو گلەییو مشتومڕەی کە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەگەڵ خۆی هێنایو وروژاندی، کار لە کار ترازاو سەرۆک یاسای لیستی زۆرینەی ئیمزا کرد.

موستەشارەکانی نزیک سەرۆکو خودی سەرۆک هەروا بێ شیکردنەوەو لێکدانەوە ئەو هەڵوێستەیان وەرنەگرتووەو نەگەیشتوونەتە ئەو بڕیارە، چونکە لۆژیک پێمان دەڵێ؛ کە نەک هەر سەرۆک، یاخود موستەشارەکانی، بەڵکو هەر کەسێکی سادەش کە ڕووبەڕووی مەسەلەو کارێکی هەستیارو گرنگ دەبێتەوە، چەندین جار بیردەکاتەوەو دوای لێکدانەوەیەکی وردی هەمەلایەنە زەرەرو قازانجی ئەو بڕیارە دەخاتە بەرچاو، ئەوجا بڕیاری خۆی دەدا.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا، کە هەموو دامەزراوەکان تایبەتمەندو بە موئەسەسات کراون، وەرگرتنی بڕیار بە چەندین قۆناغ تێدەپەڕێو هەموو ئەگەرەکان بە مەترسییەکانیشەوە وەک کاکڵە دەخرێنە بەردەم سەرۆک.

لەوێ میزاجی تاکەکەس، یان چەند کەسێک بە تەنیا ڕۆڵ نابینێ، بەڵکو پشت بە ژمارەو ئامارو بە وردبینیی شارەزایان و پسپۆڕان لە بوارە جیاجیاکاندا دەبەسترێ، هەر بۆیە کە بڕیار گەڵاڵە دەبێ لەسەر بنەماو کۆمەڵێک زانیاریی (جا چ دروست، یان هەندێکجار نادروست) بەرجەستە دەبێ لە وڵاتە دواکەوتووەکانی دنیاش، کە سەرۆک پێیوایە؛ یاخود وای لێدەکەن، کە بگاتە ئەو باوەڕەی کە تەنیا ڕاستییەکان لای ئەو کۆدەبنەوەو دڵسۆزەکانی حیزبو وڵاتیش تەنیا ئەوانەن، کە وەک بازنەیەکی تەسک دەوریان داوەو ئەوەی لە دەرەوەی ئەو بازنەیەش بجوڵێتەوە ئەوا نەیارو دوژمنە، یاخود کەمفامو کاڵفامە.

لە هەرێمی کوردستان ململانێیەکی سەخت لە ئارادایە، لایەنی ئۆپۆزسیۆنو تۆڕی ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەنووسانو پارێزەرانی دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنیو ئازادیخوازانی هەرێم هەوڵو تواناى خۆیان خستووەتەگەڕو بە شێوازێکی دیموکراسییانەو ئاشتییانە دەیانەوێ ڕێ لە دەسەڵاتی زۆرینەی هەرێم بگرن، کە بە هەمان ئەو ڕێچکە خراپەدا نەڕوات، کە وڵاتە نادیموکراتییەکانی دنیا پێیدا گوزەریان کردووەو وڵاتەکەیان و خەڵکەکەیان تووشی نەهامەتی گەورە کردووە، دەیانەوێ ئەو ڕێگەیە کورت بکەنەوەو هەرێمی کوردستانیش لە ئازارو مەینەتی بپارێزن.

ئیمزاکردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانیش چووەپاڵ ئیمزاکردنی بودجەی هەرێم، کە بە هەموو کەموکورتییەو ئەو بێسەروبەرییەوە پەسەندکرا، بەڵام ئاخۆ سەرۆکی هەرێمو دەسەڵات لە کوردستان دەیانەوێ چی بە ئۆپۆزسیۆنو هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە بڵێن؟ **ئەم بەدەنگ نەماتنو ئەم ڕێزنەگرتنو بە کەم سەیرکردنە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دژی ئەم یاسایە دەنگیان هەڵبڕیو خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، چ مانایەکی ترسناکو خەتەرناکیزی لە دووتوێدا شاردووەتەوەو بەرەو کوێی دەبات؟!**

دەسەڵات بەهەڵەدا چووە، ئەگەر پێی وابێت کە زەمان زەمانی ترسو فەرزی ئیرادەو تۆقاندنەو ئازادیخوازانی کوردیش ملکەچو سەرشۆڕ دەکرێن، سەرۆکی هەرێمیش فرسەتێکی زێڕینی لەدەست خۆی دا، چونکە دەیتوانی بە ڕەتکردنەوەی ئەو یاسایە بەشێک لەو بێ متمانەییە بسڕێتەوە، هەق وایە سەرۆک ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە ئاخۆ ئەو زەرەرو زیانانە چی دەبوون بۆ ئەو گەر ئەو یاسایەی ئیمزا نەکردایەو ئەو مافەی بۆ هاوڵاتییان بە ڕەوا ببینیایە!

دوای (١٣) ساڵ لە کارکردن... کۆمپانیاکە نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکەی جێهێشت

رۆژنامە

وەزیری تەندروستی هەرێم ئاشکرایکرد؛ کۆمپانیای جێبەجێکاری نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی، کوردستانی بەجێهێشتووە.

ژمارەیەک ڕێکخراو و کەسایەتیش مۆڵەتی (١٥) ڕۆژ دەدەنە حکومەت بۆ دەستبەکاربوونەوە لە پرۆژەکەدا.

د.تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاشکرایکرد: ئەو کۆمپانیایەی بڕیاربوو نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکەی سلێمانی دروستبکات، لە کوردستاندا نەماوەو بڕێک لە بودجەی دروستکردنی نەخۆشخانەکەشی لەگەڵ خۆیدا بردووە.

وتیشی: «لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لیژنەیەکی هەماهەنگیمان پێکهێناوە، بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی لە بەرامبەر ئەو کۆمپانیایەی، کە ئەرکی دروستکردنی نەخۆشخانەکەی گرتبووە ئەستۆو لە هەوڵی ئەوەداین جارێکی دیکە تەواوکردنی کارەکانی نەخۆشخانەکە بدەین بە تەندەر، هەرچەندە نازانین چەندی تر پارەی دەوێتو بە ماوەی چەند ڕۆژ تەواو دەبێت.

نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی سلێمانی، لەسەر ڕووبەری (٧٣) دۆنم زەوی لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە درایە کۆمپانیای (U.I) کۆرپەرەیشنی کۆریی‌و بڕی تێچوونی پرۆژەکەش بە بڕی (٥٧) ملیۆن (٣٦١) هەزارو (٨٥٨) دۆلار بوو، بڕیار بوو لە ماوەی (٧٣٠) ڕۆژدا تەواو بکرێتو لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٩/٢٤-وە خراوەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا بۆ ماوەی هەشت مانگ ڕاگیراو دواتریش بە هۆی گرانبوونی نرخی کەرەستەی بیناسازییەوە، کۆمپانیای جێبەجێکار نرخی خەملێنراوی بە کەم زانیوەو کارکردن لە پرۆژەکەدا وەکو پێویست نەبووەو دووبارە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە لێژنەیەکی دیکەی بۆ پێکهێنراو پارەی زیاتر خرایە سەر بودجەی پرۆژەکە.

هەر سەبارەت بە دواکەوتنی پرۆژەکەش ژمارەیەک کەسایەتیو کۆمەڵەو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە یاداشتێکدا، کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی تەندروستیو پارێزگای سلێمانی-یان کردووە، داوا دەکەن پەلە بکرێت لە تەواوکردنی نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکەی سلێمانی.



لە یاداشتەکەدا هاتووە: نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکەی سلێمانی ماوەی (١٣) ساڵە بڕیاری جێبەجێکردنی دەرچووەو بەشێکی زۆری کاری بیناسازیی تێدا تەواو بووە، بەداخەوە تائێستا کارەکان لەو نەخۆشخانەیە وەستاوەو بە ناتەواویی هێڵراوەتەوە.

ئەو ڕێکخراوانە ماوەی (١٥) ڕۆژیان وەک مۆڵەت داناوە بۆ دەژگا پەیوەندیدارەکانو داوای دەستپێکردنەوەی کارەکان دەکەن لە نەخۆشخانەکەداو دەڵێن: «بە پێچەوانەوە فشاری مەدەنیو یاسایی دەگرینە بەر بۆ ناچارکردنی ئەو دەزگایانە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکەو خستنەگەڕی بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان».

نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی سلێمانی، ماوەی شەش ساڵە لە لایەن کۆمپانیای (U.I) ئینەرجی کۆرییەوە وەرگیراوەو تائێستا کارەکانی تەواو نەبووە، جگە لەوەی کۆمپانیاکە ئەزموونێکی خراپی هەیە لە بەجێهێشتنو تەواونەکردنی پرۆژەکاندا، بەڵام حکومەتی هەرێم لە ساڵی (٢٠٠٧)دا پرۆژەی دانانی وێستگەی (٥١) میگاواتی کارەبای تاسلوجەی سپاردەوە بە هەمان کۆمپانیا (U.I)ی کۆریای باشوور، ئەو پرۆژەیەش تائێستا کارەکانی تەواو نەبووە.

وردەکاریی کابینەکەی مالیکی

ناوی وەزارەت	کاندیدی سەرەکی	لیستەکەی
جێگری یەکەم	سالح موتلەک	عیراقیە
جێگری دووەم	یەها تەعرەجی	نەجەف
جێگری سێیەم	ڕۆژ نوری شاوەیس	هاوپەیمانی کوردستانی
بەرگری	فلاح نەقیب	عیراقیە
ناوخۆ	یەکگرتووە	دەوڵەتی یاسا
دارایی و ئابووری	رافع عیساوی	گردیونەوەی نیشتمانی
دەرەوە	هۆشیار زێباری	پارتی
نەوت	حسێن شەهرستانی	دەوڵەتی یاسا
ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن	یەکگرتووە	نەجەف
پلاندانان	یەکگرتووە	دەوڵەتی یاسا
خوێندنی باڵا	عەلی ئەدیب	دەوڵەتی یاسا
بەروبوم	محەمەد تەمیم	عیراقیە
تەندروستی	ئەجمەدین کەریم	یەکێتی
وەبەرهێنان	یەها تەعرەجی	نەجەف
گواستنەوەو گەیاندن	عەلی دەباغ	هاوپەیمانی نیشتمانی
دەوڵەت - کاروباری پەرلەمان	یەکگرتووە	هاوپەیمانی نیشتمانی
دادگا	حەسەن شەعری	کۆتەی فەزیلە
شارەوانیەکان	یەکگرتووە	نەجەف
سەرچاوە ئاوییەکان	یەکگرتووە	نەجەف
کار و کاروباری کۆمەڵایەتی	یەکگرتووە	نەجەف
وەرزش و لاوان	یەکگرتووە	دەوڵەتی یاسا
گەشت و گوزار	یەکگرتووە	نەجەف
ئاسایشی نیشتمانی	یەکگرتووە	هاوپەیمانی نیشتمانی
بازرگانی	یەکگرتووە	بزوتنەوەی گۆران
پیشەسازی و کانزاکان	ئەحمەد کەریولی	بزوتنەوەی حەل
کۆچ و کۆچبەران	دیندار دۆسکی	یەکگرتوو
دەوڵەت - پارێزگاکان	سەلاح جبووری	دیالۆگی نیشتمانی
کشتوکاڵ	جەمال بەتیخ	عیراقیوون
زانستو تەکنەلۆجیا	سەعدون دلیمی	هاوپەیمانی وەسەت
مافی مرۆف	یەکگرتووە	دەوڵەتی یاسا
دەوڵەت - کاروباری ژنان	یەکگرتووە	یەکێتی
دەوڵەت - کۆمەڵی مەدەنی	یەکگرتووە	هاوپەیمانی کوردستانی
ڕۆشنبیری	سەلیم جبووری	هاوپەیمانی وەسەت
ژینگە	یەکگرتووە	مەسیحییەکان
دەوڵەت - کاروباری ژنگاوەکان	یەکگرتووە	نەجەف
کارەبا	ژیاد زەرب	بزوتنەوەی حەل
پەیوەندیەکان	محەمەد عەلاوی	بزوتنەوەی ویفاق
دەوڵەت - کاروباری دەرەوە	یەکگرتووە	نەجەف
ئاشتەوایی نیشتمانی	یەکگرتووە	ڕێکخراوی بەدر
دەوڵەت - مافی مرۆف	یەکگرتووە	عیراقیە
دەوڵەت	یەکگرتووە	دەوڵەتی یاسا
دەوڵەت	یەکگرتووە	دەوڵەتی یاسا
دەوڵەت - کاروباری عەشایری	حسێن شەعلان	بزوتنەوەی ویفاق
دەوڵەت	یەکگرتووە	عیراقیە
دەوڵەت	یەکگرتووە	شیزدیەکان

ئیمزای وەزیرە کوردەکانو دەنگدان بە لێخۆشبوونی بەعسییەکان

چاوان عەلی
پشتیوان سەعدوڵڵا

پەرلەمانتارانی ئیئتیلافی فراکسیۆنی کوردستانیی دەنگ بە لێخۆشبوون بە بەعسییەکان دەدەنو وەزیرە کوردەکانیش لە بەغدا بەپێی یاسای بودجەی (٢٠١١) ئیمزایان لەسەر گەمارۆی ئابووریی هەرێم کردووە.

لە دانیشتنی (١٢/١٨)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بە زۆرینەی دەنگ، بڕیار درا، کە یاسای ریشەکێشکردنی بەعس لەسەر هەریەک لە (ساڵح موتلەگو زافر ئەلعانیو جەمال کەربولی) هەڵبگیرێت.

شوان تەها، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانیی، بە ماڵپەڕی «پەیامنێر»ی ڕاگەیاند: «ئێمە وەکو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەنگمان دا لەسەر هەڵگرتنی ریشەکێشکردن، لەسەر ئەو سەرکردانەی لیستی «ئەلعێراقییە»، بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی لە عێراق بەشێوەیەکی تەندروست بەڕێوە بچێت، ئەوان لە نووسراوێکدا کە بۆ دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی ناردوویانە، بێتاوانیی خۆیان ڕاگەیاندووە لە تاوانو کردەوەکانی ڕژێمی پێشوو.

بۆ هەمان مەبەست سەعید ڕەسوڵ، پەرلەمانتاری هاوپەیمانی کوردستانیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کە لەبەر سەرکەوتنی موبادەرەکەی سەرۆک بارزانیو ڕیزگرتن لە ڕێککەوتنەکە ئێمە دەنگمان بۆ ئەو بڕیارە دا، هەرچەندە ناتوانم بڵێم؛ هەموو ئەندامەکانمان ئەو هەڵوێستەیان هەبوو».

شۆڕش حاجی، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان، دەنگمان نەدا لەسەر بڕیاری هەڵگرتنی ریشەکێشکردنی بەعس لەسەر ئەو سەرکردانەی لیستی ئەلعێراقییە، چونکە بەشێک نەبووین لەو ڕێککەوتنە سیاسییەی پێشووترو هەروەها پێمانوایە؛ دەبوایە ئەو مەسەلەیە لە ڕێگەی دەستەی لێپرسینەوەو دادوەریی و دادگاوە یەکلایی بکرایەتەوە».

هەروەک، لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی بەرژەوەندییەکانی هەرێم».

بەپێی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی عێراق، کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامەکەوتووە، لە بڕگەی چوارەمی مادەی (١٤)یدا هاتووە: کە وەزارەتی نەوتی عێراق ئەو زیانانە دیاریدەکات، کە هەر لایەنێک بە نەوتی وڵاتی دەگەیەنێت، لە ڕێگەی دەرهێنانی نەوتی خاو بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی ناوخۆ، یان ناردنەدەرەوەی.

پرۆژەیاسای بودجە لە وەزارەتی دارایی عێراقەوە، کە ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کراوە، گۆڕانکاریی تێدا کراوە، بە جۆرێک لە بڕگەی (ب) مادەی یەکەمی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی عێراقدا، هەرێم پابەند دەکات بە ناردنی (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە بۆدەرەوەو داهاتەکەشی دەخرێتە سندووقی ئاوەدانکردنەوەی عێراق (DFI)، ئەمەش دوای لێشکاندنی (٥٪)ی ئەو پارەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی جەنگی کوەیت، یان هەر ڕێژەیەکی دیکە بۆ هەرمەبەستێکی دیکە، کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری لێ بدات، هەر لەو بڕگەیەدا بە ڕوونی ئەوە باسکراوە، کە ئەگەر هەرێم پابەند نەبێت بە ناردنی ئەو (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوتە، ئەوا لە ڕێژەی (١٧٪)ەکەی هەرێم دەبڕدرێت.

جگە لەو خاڵە، لە بڕگەی چوارەم مادەی (١٤)ی پرۆژەیاساکەشدا هاتووە: کەوەزارەتی نەوتی عێراق ئەو زیانانە دیاریدەکات، کە هەر لایەنێک بە نەوتی وڵاتی دەگەیەنێت، لە ڕێگەی دەرهێنانی نەوتی خاو بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی ناوخۆ، یان ناردنەدەرەوەی.

ئەمەش بە بڕوای د.بایەزید حەسەن، مەترسییەکەی لە (١٥٠) هەزار بەرمیلەکە کەمتر نییە، چونکە هەرێم پابەند دەکات بە دەرنەهێنانی نەوت، ئەگەر بیکات، ئەوا لە ڕێژەی (١٧٪)ەکەی دەبڕدرێت، هەر بۆیە ئەم دوو خاڵە زۆر مەترسیدارن بۆ هەرێمو ئەو سەرکردانەی لیستی ئەلعێراقییە، چونکە بەشێک نەبووین لەو ڕێککەوتنە سیاسییەی پێشووترو هەروەها پێمانوایە؛ دەبوایە ئەو مەسەلەیە لە ڕێگەی دەستەی لێپرسینەوەو دادوەریی و دادگاوە یەکلایی بکرایەتەوە».

هەروەک، لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستە ڕوو: «ئێمە زۆر بە ناڕەوامان زانی کە دەنگ بەو مەسەلەیە بدەینو دەنگنەدانی ئێمە تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، کە ئەو سەرکردانە لە ڕابردوودا بەشێک بوون لە بەعس، بەڵکو ئەوان لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)شەوە هەمیشە دژایەتی مافە ڕەواکانی گەلی کوردیان کردووەو سووڕن لە دژایەتیکردنی مافەکانمان».

وتیشی: «دەبوایە لەنێو بەڵێننامەکەی ئەو سەرکردانەدا، باس لەوە بکرایە، کە لەمەودا دژایەتی مافەکانی خەڵکی کوردستان ناکەن، ئێمە بەنیازبووین ئەو پێشنیازە بکەین، بەڵام لە دانیشتنەکەی پەرلەماندا ڕێگەی قسەکردن نەدراو یەکسەر خرایە دەنگدانەوە».

هاوکات دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی، بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە نایاسایی لە قەڵەم دەدات، هەروەک عەلی لامی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: بەپێی یاسا ئەنجومەنی نوێنەران سەرپشک نەکراوە بۆ هەڵگرتنی سزای ریشەکێشکردنی بەعس لەسەر هەر کەسێک، کە ئەو سزایە بیگرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، زۆربەی وەزیرە کوردەکانی بەغدا ئیمزایان لەسەر بودجەی (٢٠١١)ی عێراق کردووە، کە هەرێم بە پارە، یان نەوتەکەی بە ناوەند پابەند دەکاتو پەرلەمانتارێکی کوردیش لە بەغدا پێیوایە: «بێئاگایی نوێنەرانی کوردە لە نەدەبوو بەسەر وەزیرە کوردەکان، کە نوێنەری کوردن لە بەغدا، تێپەڕبێت، یان لانی کەم تێبینییان لەسەری هەبوایە.

لەگەڵ بوونی چەند خاڵێک لە پرۆژەیاساکەدا، کە هەرێم پابەند دەکات و شێوە گەمارۆیەکی ئابووریی لەسەری دروست دەکات، بەڵام وەزیرە کوردەکان ئیمزایان لەسەر کردووە، بێ ئەوەی تێبینییان لەسەر ئەم خاڵانە هەبووبێت، وەک لە میزانیەکەدا بڵاوکراوەتەوە، هیچ وەزیرێکی کورد تێبینیی لەسەر ئەم خاڵانە نەداوە، لەوانەش د.ڕۆژ نوری شاوەیس، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە تەنیا تێبینیی لەسەر ئەو بڕگەیە هەبووە، کە باس لە قەرزەکەی بانکی ناوەندی دەکات، هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوە د.عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو، عەلی محەمەد، وەزیری دەوڵەت، بەبێ هیچ تێبینییەک واژۆیان لەسەر بودجەکە کردووە، نەرمین عوسمان، وەزیری ژینگە تەنیا تێبینیی لەسەر ئەو بەشە هەبووە کە پەیوەندی بە وەزارەتەکەیەوە هەبووەو دواتر بودجەی ئیمزا کردووە، بەڵام هەرچەندە فەوزی فرانسوا حەریری، وەزیری پیشەسازیی و کانزاکان، دارا نوری، وەزیری داد ئیمزایان لەو بەشەدا کردووە، کە نووسراوە: (ئیمتناع)، واتە: ڕازی نین میزانییەکە بەو شێوەیە بڕواتو داوای چاکسازیی دەکەن، بەڵام ئەو خاڵانەی تایبەتە بە کورد دیاریان نەکردووە تا گۆڕانی تێدا بکرێتو تەنیا بەیان دزەیی، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون ئیمزای لەسەر بودجەکە نەکردووە، ئەویش لەبەر ئەوەی لە سەفەر بووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، نەرمین عوسمان، وەزیری ژینگە لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە پێیوابوو: کە وەزیرە کوردەکان کەمتەرخەم نەبوونو گفتوگۆیان کردووە، بەڵام (٨) وەزیر لەنێو (٤٠) وەزیردا هیچیان پێ ناکرێت، ئەگەر ئیمزاش نەکەن.

بەڵام، پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا وەزیرە کوردەکان بە کەمتەرخەم دەزانن، وەک د.مەحمود عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، دەڵێت: «وەزیرە کوردەکان نوێنەری کوردن، دەبوو بە وردیی پرۆژەکەیان تاوتوێ بکردایە، بەڵام بەداخەوە هەموو ئیمزایان کردووە، لە بەرامبەردا، وەزیری ژینگە هۆکاری ئیمزاکردنی وەزیرانی کوردی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە سااڵنی ڕابردوو بەر لە وتوێژ لەسەر بودجە، سەرۆکی حکومەتو وەفدێکی هەرێم لەگەڵ وەزیرە کوردەکان کۆدەبوونەوەو تێبینییەکانیان لەسەر بودجەکە دیاریی دەکرد، بەڵام ئەمسااڵ.د.ڕۆژ، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق خۆی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان دەکاتو هیچیش باس نەکراوە، کە ئەو خاڵانە تێبینییان لەسەرە، ئەمە جگە لەوەی کە نەرمین عوسمان، جەختی لەوە کردەوە؛ کە ئەوان گفتوگۆیان لەسەر ئەو (١٥٠) هەزار بەرمیلەی هەرێمی پێوە پابەند کردووە، ئەنجامدراوە، بەڵام وەڵامی وەزیری نەوتی عێراق بۆ ئەوان ئەوەبووە، کە ئەو زانیارییەی لە لێدوانێکی فەرمیی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمەوە وەرگرتووە لە ڕاگەیاندنەکانەوە.

لەمبارەیەوە، د.فازل نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق بۆ ڕۆژنامە جەختی لەوە کردەوە؛ کە ئەم بڕگەیە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١) زیادکراوەو وەزارەتی دارایی عێراق ئامادەی بەوەشکرد؛ کە ئەوان ناتوانن هیچ تێبینییەکیان لەسەر ئەو زیادکردنە هەبێت، چونکە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران لە وەزارەتی دارایی بەرزترەو مافی گۆڕانکاریی هەیە.

د. کەمال مەزهەر بۆ رۆژنامە:

سەرکردە کوردەکان راستگۆ نەبن، ئەمڕۆ یان سبەی ئابڕووی دەچێت

سازدانی: رۆژنامە

د. کەمال مەزهەر، بڕوای وایە کە گەندەڵی لە هەموو شوێنێک هەیەو ئاستییە لە کوردستانیش هەبێت، بەڵام دەڵێت: «مالی کورد، مالی هەتیوەو نابێت کەس دەستی تێی بچێت». لەم دیدارەی رۆژنامەدا، مێژوونووسی کورد، بۆچوونەکانی لەبارەی حوکمڕانیی لە کوردستان دەخاتەڕوو، هاوکات سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسینو ئەو بانگەشانەی لەوبارەیەوە دەکرێن، دەڵێت: ئەگەر (سەرکردەکان) راستگۆ نەبن لەوەدا، ئەمڕۆ یان سبەینێ، ئەوانە فەزح دەبنو ئابڕووییان دەچێت.

رۆژنامە: بەڕێزتان ئاگادارن کە لەماوەی چەندین ساڵی رابـردوودا، کورد هەوڵی زۆری دا، خوێنی زۆری رژا، تا کوردستان ئازاد بکرێتو حکومەتی خۆمالی دروست ببێت، بەڵام ئەوەی دەبینرێت، کێشەکان زۆرن، بەرپرسەکان هـەر «سەرگەرمی خـۆدەوڵـەمـەندکـردنـن»، جـۆرێـک لە بێبەرنامەیی لە بەڕێوەبردندا دەبینرێت، زۆر ڕەخنەی تر کە ڕۆژانـە دەگیرێن لە حیزبەکانو حکومەت، بەڕێزتان لەم ڕوانگەیەوە، بۆچوونتان چییە؟

* ناڵێم گەندەڵیی نییە، گەندەڵیی هەیە، بـەڵام ئەوەندە دەڵێم کە ئەمڕۆمان لە دوێنێمان باشترەو هیوادارم، سبەینێمان لە ئەمڕۆمان باشتر بێت.

دیسانەوە ئەوە دووپاتدەکەمەوە کە دەڵێم، گەندەڵیی لەهەموو شوێنێک هەیە، من خۆم سێ وڵاتی پێشکەوتووم بینیوە، لە بەریتانیا، دوو ساڵ مامەوە، چوار جار سەردانی فەرەنسام کردووەو لەکۆنفرانسی بایەخداندا بەشداریم کردووە، دواجاریش لەگەڵ شەهلای هـاوسـەرم، چووین بۆ ئەمریکا، سەرەتا لە کۆنفرانسی واشنتۆن بەشداریمان کردو دواتر دوو مانگ لەوێ ماینەوە، لەو وڵاتانەدا هەستم کردووە، گەندەلیی هەیە، لەبەرئەوە شتێکی ڕەوایە کە لە کوردستانیشدا گەندەڵیی هەبێت، بەڵام وتووەو دەیڵێمەوە، مالی کورد، مالی هەتیوەو نابێت کەس دەستی تێی بچێت.

رۆژنامە: ئەی لە بوارەکانی تردا، لەڕووی ئابووریو نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە کە حکومەت بتوانێت کوردستان بە باشی بەڕێوەببەرێت، نەماندەتوانی زیاتر بەرەو پێشتر بچین؟

* لەو بـوارەشدا کەموکورتی هەیە، لەگەڵیدا بین، یان نا، لینین قسەیەکی نازداری هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت: «تەنیا ئەوانە ناکەونە هەڵەوە کە هیچ ناکەن». کەس نایەوێت بکەوێتە هەڵەوە، بەڵام هەموو مەعـرەزن بۆئەوەی بکەونە هەڵەوە.



پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەک لەسەر بوونی ئۆپۆزسیۆن ڕاوەستاوە

پێموایە، لـەو گۆشەنیگایەوەو بە سنگـودڵی فراوانەوە سەیری ئەو مسەلانە بکەین، بۆیە بڕواناکەم کە هیچ لایەنێک لە لایەنەکان دڵسۆز نەبن بۆ کوردو کوردستان. ئێمە دەبێت سەنگی مەحەکمان ئەوە بێت کە نابێت بەهیچ کارێک هەستین، کە دوژمنی نەتەوەکەمان دڵی پێی خۆش بێت، دوژمنان چەپڵەمان بۆ لێبدەن، ئێمە دوژمنمان زۆرە.

رۆژنامە: پێتوانییە لە هەرێمی کوردستان، چەند دیموکراسیتر بین، چەند ئەوەندە خزمەتی کێشە نەتەوایەتییەکەمان دەکەینو پێگەو ئەزموونەکەشمان بەهێزترو جوانتر دەبێت؟

* مەسەلەیەکی ئـەوروپـایـی هەیە، دەڵێت: «دیموکراسییەت، بەدیلی نییە»، بەڕاستی دیموکراسییەت بووە بە ماکی پێشکەوتنی خۆرئاواییەکان، دەبێت ئێمە دیموکراسیپەروەر بین، چونکە بووە بە هۆی پێشکەوتنی خۆرئاواییەکان، بەڵام ئێمە ئەوەندە درکی پێدەکەین، وەک وتم، ئەمڕۆمان لە دوێنێمان باشترەو هیوادارم، سبەینێمان لە ئەمڕۆمان باشتر بێت.

رۆژنامە: ئێستا بەشێکی زۆر لە خەڵکو ڕۆشنبیران گلەییان لە حوکمڕانیی ئەم حکومەتە هەیە، تاچەند ئەوە بەڵای تۆوە ڕەوایەو پێتوایە، حکومەت پلانێکی باشی بۆ بەرەوپێشبردنی هەیە؟

*هەمان وەڵامم هەیە، ئێمە دەبێت ئاگامان لە ژیانی ئابووریی نەتەوەکەمان بێت، دەبێت ئابووریی وڵاتەکە پێش بخەین، کۆمەڵو ئابووریی بریتییە لەوەی کە سیاسەتمان پێویست بێت، بۆیە دەبێت بایەخێکی زۆرو تەواو بدەین بە لایەنی کۆمەڵایەتیو دواتر نەتەوەیی کورد، وەک وتم، مالی کورد، مالی هەتیوەو نابێت کورد دەستی تێی بچێت، بێگومان گەندەلیی هەیە، هیوادارین کە سەرچاوەی ئەو گەندەلییان بنەبڕبکرێنو بەبێ ئەوەش ناتوانین هەنگاوی باش بەرەو پێش بنێین.

رۆژنامە: پێتوایە، هیمەتێک هەیە بۆئەوەی گەندەڵیی بنەبڕ بکرێت؟

*من، هەرکەسێک لە ڕەهبەرە کوردەکان دەبینم، هەستدەکەم کە بەدڵ دەیانەوێت کار لەومەسەلانەدا بکرێتو گەندەڵیی بنەبڕ بکەن.

چەند ڕۆژێـک لەمەوبەر، سـەرۆکو ئەندامانی ئەکادیمیا لەگەڵ د. بەرهەم ئەحمەد سالح کۆبوونەوەمان کرد، ئاخر دەزگای ئەکادیمیا ئێجگار بەرزە، ئێمە کۆمەڵێک کێشەمان هەیە، وا دیارە ئەو ئاگای لە زۆر لەو کێشانە نییە، پتر لە سەعاتێک دانیشتین، بەڵێنی دا ئەو کێشانە چارەسەر بکات. جا لەو بوارە زانستییەدا کار گەیشتبێت بەوە، ئەی لەبوارەکانی تردا.

با بڕوامان بەهەموو لایەنەکان هەبێت، چونکە هەموو لایەنەکان ئایندەی کوردو نەتەوەی کوردیان لەسەر وەستاوە.

رۆژنامە: سەبارەت بە مەسەلەی مافی چـارەی خۆنووسین، لە ساڵی (١٩٨٣)وە یەکێتی بڕیاری لێداوە بەڵام تالەبانی دەڵێت، سەربەخۆیی خەونی شاعیرانەیە، ویکیلیکس باسی سازشی پارتی لەسەر کورد دەکات، بەڵام بارزانی لە کۆنگرەی پارتیدا باسی مافی چارەی خۆنووسین دەکات، لەم ڕوانگەیەوە، ڕات چییە؟

* سەبارەت بە ویکیلیکس، وابزانم یارییەکی ولایـەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، لەوەش دڵنیام، چەند جارێکیش دووپـاتـم کـردووەتـەوە، چونکە من لە نزیکەوە جەنابی مـام جەلال دەناسمو دەزانم لە ساڵی (١٩٨٣)ەوە یەکێتی مافی چارەی خۆنووسینی بەرزکردووەتەوە، گەلێک جاریش لە مام جەلالم بیستووە، دەبێت براعەرەبەکانمان دان بەمافی چارەی خۆنووسیندا بنێن.

لێدوانەکەی کاک مەسعودیش زۆر گـەورەبـوو، هەرئەوەتا ئەو بابەتە هاتە پێش، قەومچییەکان کەوتنە هەراو وتیان دواڕۆژی عێراق کەوتووەتە مەترسییەوە، تا کاک نێچیرڤان لێدوانێکی زۆر ڕێکوپێکی دا، کـاک مەسعودیش مەبەستی ئەو لێکدانەوانەی ئەوان نەبوو، چونکە مافی چارەی خۆنووسین، مافی هەموو میللەتێکە.

ڕەهـەبـەرە کـوردەکـان، بەپێی توانا دڕێغییان نـەکـردووە، یانی ئـەوەی کاک مـەسـعـود بـارزانـی کـردوویـەتـی، بۆ کۆکردنەوەی هەموو دەستەو بەرپرسانی عەرەبەکان لە هەولێر، کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پێکهێنانی کابینەی نوری مالیکی، جا لەگەڵ ئەوەشدا ببینە، قەومچییەکان چ ڕەخنەیەک لە کاک مەسعود بارزانی دەگرن، دەڵێن، وتوویەتی کە کورد مافی چارەی خۆنووسینی دەوێت، بۆ دەبێت پێ لەسەر ئەو بابەتە ڕابگرن، لەکاتێکدا مافی چارەی خۆنووسین مافێکی ڕەوای هەموو نەتەوەکانی دنیایەو ئەو مافەیان هەیە، مافی چارەی خۆنووسین واتـای جیابوونەوە نییە، بـەڵام دەبێت ئەو مافەت هەبێت بۆئەوەی کەس منەتت بەسەردا نەکات.

رۆژنامە: ئەمانە هەموو ڕەوان، بەڵام ئایا ئەمان بۆ ئەو مەبەستە کاردەکەن؟

* ئەگەر ڕاستگۆ نەبن لـەوەدا، ئەمڕۆ یان سبەینێ، ئەوانە فەزح دەبنو ئابڕووییان دەچێت، چونکە مێژوو ڕەحم بەکەس ناکات، دەبێت مێژوو وەک خۆی بنووسرێتەوەو بۆ داهاتوو بمێنێتەوە.

من قەت ناتوانم بیر لـەوە بکەمەوە کە کەسێک لەو سەرکردانە بە دڵسۆزیی نەهاتبنە پێشەوە، یەکێکیش لەوانە بەڵای خۆمەوە کاک نەوشیروان مستەفایە، ئەو دڵسۆزە، بۆچوونی خۆی هەیە، پیاوێکی دڵسۆزە.

رۆژنـامـە: وتـت، دیموکراسی، ماکی پێشکەوتنە، بۆچوونێکی تریش هەیە کە دیموکراسی بەبێ ئۆپۆزسیۆن نابێت، ئێستا ئۆپۆزسیۆن هەیەو نارەزاییەکانی لە لولەی تفەنگەکانەوە گواستەوە بۆ سندووقەکانی دەنگدان، بەڕێزتان ئومێدتان بە ئۆپۆزسیۆن چییە؟

* ئۆپۆزسیۆن، دیاردەیەکی ئێجگار پێویستە، هیچ زەرەڕێکی تیانییە، بەمەرجێک ئەو ئۆپۆزسیۆنە، هەولی ڕووخاندنی هیچ لایەنێکی نەبێت، بەچاوێکی یەکسان سەیری هەموو لایەنەکان بکات، دەبێت ئۆپۆزسیۆن هەبێت، پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەک لەسەر بوونی ئۆپۆزسیۆن ڕاوەسـتـاوە، بۆیە دیاردەیەکی زۆر ئیجابییە.

رۆژنامە: ڕۆشنبیریی خەڵکی کوردستان لە ئێستاو جاراندا، لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟

*ڕۆشنبیریی جاران، چونکە لە ڕۆژگاری پاشاییدا بوو، جیاواز بوو، من هاتوومەتە سـەر جـادەو بەشداریی خۆپیشاندانم کردووە، بۆ نموونە یەکێکی وەک کامەران موکری کە شاعیر بوو، خەتیبێکی زۆر لێهاوتوو بـوو، هەموومانی دەبـزواند، بەراورد لەگەڵ ئەو ڕۆژگارەدا، جیاوازیی هەیە، ئەو ڕۆژگارە خەباتێکی زۆر ڕەوامان دەکرد، بۆنموونە ئێوە کە هاتن کونسوڵی میسری لێرەبوو، پێموت، هەموو ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە کۆلێجەکانی بەغدا دەکـران، هەموو کوردەکان بەشداریان دەکـرد، ئەوکاتە شیعارێک هەبوو کە دەمانوتەوە لە ساڵی (١٩٥٦)، (مصر الحرة من ببعهة عشر سنين نحارب بيهة)، من لە قۆناغی دووی (دارالمعلمین تعلیم عالی) بووم.

پاشان باسی ئـەوەم کرد کە جەمال عەبدولناسر کوردی زۆر خۆش دەویست، سدیق شەنشەل بە یەکێک لە قەومییە عەرەبەکان قەناعەتی پێکرد، ئێستگەیەک بۆ کـورد دابمەزرێنێت، کـاک هوشیار بابان لەوێ بێژەر بوو، هەرکاتێک گوێمان لێدەگرت، هەموومان دەبزواین.

پاشان بارزانی کە دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموز گەڕایەوە، لەپێشدا چوو بۆ قاهیرە، جەمال عەبدولناسر زۆر بایەخی پێدا، ئەوەبوو مام جەلاڵو برایم ئەحمەد چوون بەرەو پیری، جەمال عەبدولناسر لەمالی خۆیدا دەعوەتی کردن، زۆر بەپەڕۆش بوو کە چارەی مەسەلەی کورد بکات.

ئێستاش بە بیرم دێـت کە (١٩٧٠) جەمال عەبدولناسر وەفاتی کرد، قوتابییە کوردو عەرەبەکان کە پرسەیان بۆ گێڕاو بەعسییەکان هەموویان دڕاند.

رۆژنامە: پێویستە سەرکردایەتیی کورد، چ هەنگاوێک بنێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد لەبەغدا؟

* هەموو دواڕۆژەکەمان لەسەر ئەوە وەستاوە، جا بۆیە سیاسییەکانی کورد، جا ئەوەی دەسەڵاتیان بەدەستە یان نا، دەبێت خۆیان بکەن بە کونی دەرزیدا، بۆ جێبەجێکردنی ئەو هیوایەو ئەو مەبەستە.

رۆژنامە: ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت؟

* بەنیسبەت عێراقیشەوە، گەشبینم، بەڵام کاتی دەوێت تا بتوانیت لەو ڕووبارە زۆرەی کێشەکان بپەڕیتەوە، چونکە سەدام بە شانازییەوە وتی کە دوژمنانی ئەو هیچ شتێکیان بۆ نامێنێتەوە لەدوای خۆی، بۆیە بە دڵنیاییەوە وای کرد.

سەدام حسێن، پیاوێکی زۆر زیرەک بوو، بەڵام زیرەکییەکەی لە ڕێگای ڕاستدا بەکارنەهێناو بۆ ڕێگەی چەوت بەکاری هێنا، ئەگین هەتا دنیا دنیایە، سەدام حسێن دەمـا، ئەگەر کێشەی کـوردی چارەسەر بکردایەو باری ئابووریی وڵاتەکە باشبوایە، هەموو جۆرە ئیمکانایاتێکیش لە عێراقدا بۆئەوە هەیە.

رۆژنامە: سەبارەت بە چارەنووسی ناوچە دابڕێنراوەکان، ڕات چییە؟

*کێشەکە چارەسەردەکرێت، بەڵام کاتی دەوێت، لەگەڵ ڕۆیشتنی زەمەندا کێشەی ناوچەدابڕاوەکان چـارە سەردەکرێتو هەمووان قەناعەت بەو چارەسەرە دەکەن، بۆیە گەشبینم.

کێشەی ناوچە دابڕاوەکان چارەسەر دەکرێت، بەڵام کاتی دەوێت، بەڵام بۆیە گەشبینم

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد
لە ساڵی (١٩٣٧) لە گوندی ئاغجەلەری سەر بە شاری کەرکوک لەدایکبووە.
ساڵی (١٩٥٩) لە زانکۆی بەغدا، لە کۆلێژی پـەروەردە، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەمێژوودا بە پلەی شەرەف وەردەگرێت.
لە ساڵی (١٩٦٣) لە یەکێتیی سۆڤیەت، بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرێت.
ساڵی (١٩٦٩) لە هەمان وڵات، بڕوانامەی دکتۆرای ناوک بەدەستدەهێنێت.
خاوەنی دەیـان لێکۆڵینەوەو کتێبی مێژووییە لەسەر کوردستانو کوردو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
ئێستا سـەرگـەرمـی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانییەتی کە (٥٠٠) لاپەڕە دەبێتو بەشی زۆری تـەواو بووەو بەزمانی عەرەبی دەبێت.
دوای ئەوە سەرگەرمی تەواوکردنی کتێبی (کەرکوک وتوابعها، دراسـە تاریخیە)، کە ئێستا بەرگی یەکەمی تەواو کردووەو بەرگەکانی تری لەبارەی (دووەم: کەرکوک، سێیەم: خانەقینو دەورووبـەری، چـوارەم: شەنگالو ئێزدییەکان) دەبێت.

هەولێرو کۆیەش دوای سلێمانیو کەلار خۆپیشاندان دەکەن

راپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر *



٢٠١٠/١٢/١٨ ئاپۆرەی خۆپیشاندان لە شەقامی مەولەوی لە سلێمانی — فۆتۆ: ئاکام ئەبوبەکر

بێ وەرگرتنی مۆڵەتو لە کاردانەوەی بێهیوابوون لەئیمزانەکردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە، خۆپیشاندانێکی نارەزایی لە سلێمانیو کەلار بەڕێوەچوو، واشبریارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەهەولێرو کۆیەش خۆپیشاندانێکی بەرفراوان ئەنجامبدرێت.

گرووپی (١٢/١٢)، کە پێکهاتووە لە فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو تۆڕی بەرگریی لە مافو ئازادییەکانی خەڵک. لە لایەن پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆنو گرووپی پارێزەرانی سەربەخۆو کەسانی ئەکادیمیو ڕۆشنبیرەوە پاڵپشتی لێ دەکرێت. ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/١٨) بە بەشداریی هەزاران هاوڵاتی خۆپیشاندانێک لەبەردەم باخی گشتییەوە بۆ بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی ڕێکخست، وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر پەسەندکردنو ئیمزاکردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو ڕایانگەیاند: ناوەڕۆکی ئەم یاسایە تەنیا بۆ خنکاندنی خۆپیشاندانە بە یاسا، نەک بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستاندا.

بەدەم وتنەوەی چەندین هوتافو دروشمەکانی (گەر بمانخەنە زیندان مۆڵەت وەرناگرین لێتان، بە واژۆیی ئەو بریارە سەرشۆڕ ناکات ئەم شارە، ئازادیی ئازادیی)، بە بەشداریی هەزاران کەس لە ڕۆشنبیرو کریکارو خوێندکارانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن خۆپیشاندانەکە بەڕێوەچوو.

نزار محەمەد، هەڵسووڕاوی گرووپی (١٢/١٢) لەناو ئاپۆرەی خۆپیشاندەراندا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕێکخستنی ئەم خۆپیشاندانە بۆ ئەو هێڵە ڕاستو چەپە بوون کە سەرۆکی هەرێم دای لە زیاتر لە (٤٠٠٠) هەزار واژۆی هاوڵاتیو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو بەردەوام دەبین لەسەر هەوڵەکانمانو هەموو ڕێگەیەکی یاساییو مەدەنی دەگرینە بەر دژی ئەم یاسایە».

پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن، جگە لەوەی لە کاتی گفتوگۆی یاساکە بە (نەخێر) دەنگیان دا، هاوکات لە خۆپیشاندانەکەی سلێمانیشدا بەشداریبیان کردو پشتیوانیی هەموارکردنەوەی یاساکەیان کرد.

کوێستان محەمەد عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری گۆران، پێیوایە؛ دەرچوواندنی ئەو یاسایە بەرنامەیەکی چڕوپڕی دەسەڵاتە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییو وتی: «دوایی پرۆسەی ئازادیی عێراق و دەرکەوتنی گەندەلیی کارە ناشرینەکانی دەسەڵات نارەزاییو خۆپیشاندانو دەرکەوتنی میدیایی ئازاد دەسەڵاتی ترساندووە، بەتایبەتی دوای (٧/٢٥)، کە ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتو دەسەڵات دەیەوێت خۆی کۆکاتەوە ئەو ئەقڵییەتەی کە دەیەوێت لە دەرەوەی پەرلەمان پاسا بە پەرلەمان دەربکاتو ئازادیی نەهێڵێت، ئەمە سەرمەشقی ئەو یاسایانەیە کە دواتر ڕەنگە یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنو ڕۆژنامەنووسی هەموار بکەنەوە».

هەر بەم هۆیەوە دوێنێ (١٢/٢٠) ڕۆژنامەنووسانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، خۆپیشاندانێکیان لە قەزای کەلار ڕێکخستو داوایانکرد یاسای خۆپیشاندان کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ئیمزاکراوە، نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هاوکات لە ئێستاشدا هەولێرو کۆیەش ئامادەکاری بۆ خۆپیشاندانێکی جەماوەری دەکەن.

ئیبراهیم ئیسماعیل ئەندامی ڕێکخراوی مەسەلە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، کە ٢٢ ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی لەهەولێر کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداو تێیدا «لیژنەیەکی ٦ کەسیمان پێکهێنا بۆئەوەی کۆبوونەوە بکرێتو ئامادەکاریی بۆ چالاکی مەدەنی بکرێت دژ بەیاسای خۆپیشاندان».

وتیشی، ئەگەر نارەزاییەکان بەمشێوەیە بمێننەوە، لە هەولێریش هاوشێوەی سلێمانیو ناوچەکانی تر بەبێ مۆڵەت خۆپیشاندان ئەنجام دەدرێت.

لەلایەکی ترەوە وەک نارەزاییەک لەدژی ئیمزاکردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، وا بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو ١٢/٢٣ (گروپی دەنگ) لە کۆیە خۆپیشاندانێک ئەنجام بدات.

خەسرەو مەمەند، ئەندامی گروپی دەنگ لە سنووری قەزای کۆیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوەی دەرخست، کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم بەڵێنو دروشمەکانیان پەشیمان بوونتەوەو دەیانەوێت ئەو دەنگە نارازییەی هەیە لە هەرێمی کوردستان کپی بکەن، ئەمەش هەنگاوێکی مەترسیدارە بۆ لەناوبردنی ئازادیی بیروڕا، بۆیە ئێمە وەک گروپی دەنگ لە کۆیە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین لە بەرامبەر ئەو مەترسییە بێینە دەنگو بڕیارماندا ڕۆژی پێنجشەممە خۆپیشاندانێک ئەنجام بدەینو بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەکاریی تەواومان کردووە».

لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١١)ی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٣ پەرلەمانی کوردستاندا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٠) (یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان-عێراق)ی پەسەند کرد.

لای خۆشیەوە د.دانا سەعید سۆفی، سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، ئەم یاسایە لەگەڵ واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستان ناگونجێتو داوامانکردبوو سەرۆکی هەرێم بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام نەیگەڕاندەوە، ئەمەیش نارەزایی زۆری لێکەوتەوە.

وتیشی، لەماوەی ڕابردوودا چەندین خۆپیشاندانی لەناکاومان بینی لەهەرێمی کوردستان، بۆیە پێم وایە ئەم یاسایە لەهەرێمی کوردستان جێبەجێناکرێت.

شۆڕش ئەمین، چالاکوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بێ مۆڵەت خۆپیشاندانەکەی سلێمانی کراوەو شکاندنی ئەو یاسایەیە، کە سەرۆکی هەرێم واژۆی کردووە، کە یاسا ڕێگرتنە لە خۆپیشاندان، نەک ڕێکخستنیو ئەزموونی هەرێم بەرەو ئاراستەیەکی خەتەرناک دەبات».

دوای زیاتر لە (٤٠) ڕۆژ لە پەسەندکردنی یاساکە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٢ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاساکەی بە پەسەندکراویی گەڕاندەوە بۆ پەرلەمان، سەرەڕای ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنو چەندین لایەنی دیکە داوا پەسەند نەکردنو گەڕانەوەی یاساکەیان دەکرد.

پشتیوان حەمە ڕەزا، مافناسو چالاکوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «یاساکە باسی خۆپیشاندانی لە ناکاوی تێدانییە و سزای داناوەو ئەوەش پێچەوانەی یاسای عێراقییە، کە مافی خۆپیشاندانو ئازادیی ڕادەربڕینی فەراهەم کردووە».

هاوڕا لەگەڵ ئەو، ئەستێر عبدولجەبار، خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی فریشتەی ژنان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کاتێک یاسا جوانە، کە ڕێگریی نەکات لە ئازادییو مافەکانی تاکو کۆمەڵ».

کچە بەشداربوویەکی دیکەش شەنگە ڕەحیم، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هیچ وەڵامیکی شەقامیی کوردیو نارەزاییەکان نەدرایەوە، کاتێک بتەوێت خۆپیشاندان بکەیت، بێگومان مۆڵەتت پێ نادەن ئەو کاتە بە هەر پاساو و بیانوویەک بێت».

دوابەدوای پەسەندکردنی یاساکەش لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە هەرسێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان یاداشتانامەیەکی نارەزایان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردوو تیایدا ئاماژەیان بەوە کردووە: «دوا بە دوای کەوتنەوەی نارەزایەتییەکی زۆری ڕێکخراوە مەدەنییەکانو تۆڕە ڕووناکبیرەکانی خەڵکی کوردستان لەسەر یاسای خۆپیشاندان، پاش جەختکردنەوەی زۆری پەرلەمانتارانی هەرسێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنو هاوەنگیی ژمارەیەکی تری پەرلەمانتاران لەگەڵیان، بە مەبەستی بەدەمەوەچوونی دەنگی زۆری هاوڵاتییانو ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان بە هیوای هەنگاونانی زیاتر بەرەو دیموکراسییەتو گەشەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، داواکارین هاوکات لەگەڵ پشتگیریی خۆتان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم داوایەی ئێمە ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم بکرێت، کە یاسا واژۆ کراوەکە سەحب بکاتەوە، بە هیوای پیاچوونەوەیو نارەزایەتی دەربڕینی ڕەشنووسەکە بۆ پەرلەمان بە مەبەستی لابردنی بڕگەی مۆڵەت خواستن بۆ خۆپیشاندانو هەموارکردنی چەندخاڵێکی تری، کە بڕوامان وایە دەبنە هۆی بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانو بەشێک لە مافی هاوڵاتییان.

هەرسێ فراکسیۆن جەختیان لەوەشکردووەتەوە؛ کە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی وەرزی یاسایی، پرۆژەیاسایەکی نوێ بۆ خۆپیشاندان، یان هەمان پرۆژە بە هەموارکراویی دەخەنە بەردەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

سەرگۆڵ قەرەداغی، ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنی کۆمەڵ، کە یەکێک بوو لە بەشدارانی خۆپیشاندانەکە وتی: «گفتوگۆمان زۆر کردووە لەسەر وەرنەگرتنی مۆڵەت لە یاساکەدا، ئێمە بەرامبەر گەورەترین دیکتاتۆر خۆپیشاندانمان کردووە، لەژێر سێبەری دەسەڵاتی کوردی دژی بوەستین ڕێگریی لە ئازادییو مافی تاک بکەین، یاسایەک ئەم هەموو نارەزایەی هەبێت ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت».

هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان دژی یاسای خۆپیشاندانەکان لە سلێمانی، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە کە: «ئێمە ڕامان وابوو نابێت ئەم یاسایە بە شێوەیەک تێپەڕینرێت، کە مەترسیی لەسەر مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان دروست بکات، بە تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا خۆپیشاندانی لە ناکاو بووە بە زەرورەتو دووبارە دەبێتەوە». ئاشکراشیانکردووە، کە: «بە داخەوە سەرۆکی هەرێم خەڵکی بێ ئومێد کردوو وای نیشاندا، کە تەنیا دەیەوێت وەک سەرۆکی زۆرینە مامەڵە بکات، بەم کارەی دەنگی نزیکەی یەک ملیۆن دەنگدەری ئەم وڵاتەی نادیدە گرت».

هەروەک د.ڕێباز فەتاح، جێگری سەرۆکی لیستی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لەکاتی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکە پاڵپشتی فراکسیۆنەکەی بۆ هاوڵاتییان دەربڕیو خۆپیشاندانی بە مافێکی ڕەوای تاک زانیو وتی: «زۆربەی خۆپیشاندانەکان کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، لە ناکاوەو بۆ داواکردنی مافەکانە لە (ئاوو کارەباو سووتەمەنیو دامەزراندن)».

وتیشی: «وەک فراکسیۆنیش داوامانکرد سەرۆکی هەرێم واژۆی نەکات، بەڵام دەیەوێت سەرۆکی زۆرینە بێتو بە تێپەڕاندنی ئەم یاسایە دەسەڵات دەیەوێت سیستمی ئازادیی بەرەو تاکڕەویو تۆتالیتاریی بەرێت، بۆیە پرۆژەیەک بۆ هەمواکردنی ئەم یاسایە پێشکەش دەکەین».

*** هەنگاو هاشم لە هەولێرو ئاری سابیر لە کۆیە بەشداربیان لەئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا کردووە**

ڕۆژنامە خاڵو بڕگە مەترسیدارەکانی یاسای خۆپیشاندان دەخاتەڕوو

ڕۆژنامە کۆپییەکی یاسای خۆپیشاندانی (لە پێش بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان) دەستکەوتووە کە تێیدا بەڕوونیی لە مادەکانی سێیەمو نۆیەمو دەیەمی یاساکەدا، دەتوانرێت ڕێگریی لە هاوڵاتییان بکرێت بۆ ئەنجامدانی هەر خۆپیشاندانو نارەزاییەک کە لەپێناو فەراهەمکردنو جێبەجێکردنی داواکانیان دەیکەن.

مادەی یەکەمو دووەم تایبەتن بە پێناسەو بنەما قانوونییەکانی خۆپیشاندان.

مادەی سێیەم، مۆڵەت دەکاتە پێشمەرجی خۆپیشاندانو نارەزاییەکانی هاوڵاتییانو چینو توێژەکانی کە بە ڕای چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنییو ڕۆشنبیران و ئۆپۆزسیۆن، جێگەی مەترسییە لەسەر ئازادییەکانی هاوڵاتییان.

مادەی سێیەم لە پێنج بڕگە پێکهاتووەو سەرجەمیشان لەداهاتوودا دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم نارەزاییەکاندا:

خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی مادەی سێیەم دەڵێت: وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتدانی خۆپیشاندانی هەیە، ئەگەر لە ئاستی هەرێمدا بوو.

سەرۆکی یەکەی کارگێڕی مافی مۆڵەتدانی خۆپیشاندانی هەیە، هەریەکەو لەنێو یەکەی کارگێڕی خۆیدا.

بڕگەی دووەمی مادەی سێیەمیش خۆپیشاندان قەدەغە دەکات تا ئەو کاتەی داوا پێشکەشی وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەکرێتو ڕەزامەندی بۆ وەرنەگیرێتو بە دیاریکراوی دەڵێت: نابێت خۆپیشاندان بکرێت، هەتا داوایەک پێشکەش بەوەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەکرێتو ڕەزامەندیی نووسراو بەدەست نەهێنرێت.

بڕگەی سێیەمی مادەی سێیەم، دەسەڵاتی ڕەها دەبەخشێتە وەزیرو سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بۆ ڕەتکردنەوەو ڕێگرتن لە خۆپیشاندانو تێیدا هاتووە: وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بۆی هەیە، داواکاری ڕێکخستنی خۆپیشاندان ڕەتبکاتەوە ئەگەر بۆی ساغ بووەوە کە زیان بە سیستەمو ئاکاری گشتی دەگەیەنێتو پێڕاگەیاندنی ڕەتکردنەوەکەش بەنووسین دەبێتو هۆکارەکەش دیاری بکرێت.

مادەکانی نۆیەمو دەیەمیش بە (٢)مادەی ڕێخۆشکەر بۆ بێدەنگکردنی هاوڵاتییانو ڕێگرتنی ناڕاستەوخۆ دادەنرێن لە هەر نارەزاییو خۆپیشاندانێک کە هاوڵاتییانو چینو توێژەکان ئەنجامی دەدەن.

مادەی نۆیەم، جارێکی دیکە سیستمی گشتیو ئاداب و گشتی دەکاتەوە ئامرازێک بۆ لەچوارچێوەدانی ئازادییەکانی هاوڵاتییانو کارکردن بەیاسای سزادانی عێراقیو تێیدا هاتووە: ئەگەر لەکاتی خۆپیشاندانەکەدا ئاسایش یان سیستمی گشتی یان ئاداب و گشتی تێکدرا، یان زیان بەوانی دی یان بەسامانی گشتی یان تایبەت گەیشت، یان خۆپیشاندانەکە لە ئامانج و مەبەستی دیاریکراوی دەرچوو، سەبەبکاران بەرپرسیارێتیی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە بەهۆیەوە دەکەونەوەو ڕێکاری یاسایشیان بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان، دەرهەق دەگیرێتەبەر.

یەکێکی دیکەلە شێوازەکانی ڕێگرتنلە خۆپیشاندانو ترساندنی پێشوەختی هاوڵاتییان، مەسەلەی زیندانیکردنو سزادانی مادییە کە بەڕوونیی لە مادەی دەیەمی یاسای خۆپیشاندا هاتووە: هەرکەسێک سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، سزای بەندکردنی بەسەردا دەسەپێت بە ماوەیەک کە لە مانگ زیاتر نەبێت یان غەرامەیەک کە لە (٥٠)هەزار دینار کەمترو لە (٥٠٠)هەزار دیناریش زیاترنەبێت، یان بە هەردوو سزاکە.

یەکێتیو پارتی، لەسەر سەرۆکی دەستەی مافەکانی مرۆڤ ڕێکناکەون

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

دوای زیاتر لە(٧)مانگ بەسەردەرچوونی یاساکەیدا، یەکێتیو پارتی لەسەر دانانی سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ڕێکنەکەوتوون، پەرلەمانتاریکیش پێیوایە: کە کاتێک ئەو دەستەیە دروست دەکرێت، کە یەکێتیو پارتی هەر لە سەرۆکی دەستەکەوە تا تەواوی ئەندامانیان دابەشکردبێت.

لە مانگی ئایاری ئەمسالدا، پەرلەمانی کوردستان یاسای دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی پەسەند کرد، کە بەپێی یاساکە ئەو دەستەیە کەسایەتییەکی مەعنەویو سەربەخۆی دارایی و ئیداریی دەبێتو پەیوەست دەبێت بە پەرلەمانەوەو لە بەردەمیدا بەرپرس دەبێت، هاوکات سەرۆکی دەستەکە، کەسێکی بێلایەن دەبێتو بەڵێننامەیەکی دەستنووس پێشکەش دەکات کە لە ماوەی فەرمانبەرێتییەکەیدا حیزبایەتی نەکات، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە یەکێتیو پارتی هەر یەکەو لای خۆیەوە دەیەوێت سەرۆکی ئەو دەستەیە لە خۆی بێت، بۆ ئەو مەبەستەش تائێستاو پاش تێپەڕبوونی (٧) مانگ بەسەر دەرچوونی یاساکەیدا لەسەر ئەو پۆستە ناکۆکنو بەو هۆیەشەوە دەستەکە پێکنەهێناوە.





پەیمان عیزەدین، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئاگاداری ئەوەنیم کە ئەگەر یەکێتیو پارتی بیانەوێت سەرۆکی دەستەکە لە خۆیان بێت، بەڵام پێموایە؛ کە یەکێتیو پارتی هەر لە سەرۆکەوە هەتا تەواوی ئەندامانی دەستەکە دابەش نەکەن، ئەو دەستەیە پێکناهێنن، دابەشکردنەش بە جۆرێک دەبێت کە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بێت.

یاسای دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانداو دوای ڕەتکردنەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە کابینەی شەشەمی حکومەتدا پێشنیار کرا، کە چاودێریی ڕەوشی مافی مرۆڤ بکات.

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارەش پێویستە دەستەکە، دەزگایەک بێت لە دەرەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، پێویستە ئەو کەسانەی لەو دەستەیەدا کاردەکەن، بەتایبەتی سەرۆکەکەی، کەسانێکی بەرژەوەندیی ماوەیەکی زۆربێت کە وازیان لە کاری حیزبیی هێنابێت.

سەبارەت بە دواکەوتنی پێکهێنانی دەستەکەش پەیمان، وتی: «لە بنەڕەتدا، چ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چ دەسەڵاتی سیاسیی مەسەلەی ڕەوشی مافی مرۆڤو پاراستنی ئەو ڕەوشەی بە گرنگ دانەناوە، وەک سەرەتا بە ڕەتکردنەوەی وەزارەتەکە دەستیپێکرد، دواتر چووە ژێر باری ئەوەی کە دەستەیەک دروست بکات، کە هەتا ئێستا دروست نەکراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە لایەک پەرلەمان وەکو دامەزراوەیەکی تەشریعی بە ڕاستی ڕۆلی خۆی نابینێت، لە لایەکی ترەوە ئەوە دەگەیەنێت، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەوەندەی بە لایەوە گرنگە کە بەرژەوەندیی پارتە سیاسییەکان بە تایبەتی ئەو دوو پارتەی کە حکومەتیان پێکهێناوە، بپارێزێت، ئەوەندە بۆی گرنگ نییە، کە ڕەوشی مافی مرۆڤ لەبەرچاو بگرێت».

پێش پەسەندکردنی یاساکە فراکسیۆنی گۆڕان پێشنیاری کرد؛ کە ئەو کەسەی کە پۆستی سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی پێدەدرێت، لە لایەن لیژنەیەکی هاوبەشی پەرلەمانی کوردستانو کۆمەلێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی کە کار لە بواری مافی مرۆڤدا دەکەن، دابنرێت، ئەویش لە ڕێگەی وەرگرتنی (CV) کەسیو کاندیدکردنی، بەڵام دواتر ئەوەی لە یاساکەدا چەسپێنرا ئەوەیە، کە سەرۆکی دەستە لەسەر پالاوتنی سەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە پلەی تایبەت دادەمەزرێت، ئاشکراشە کە ئەو دوو سەرۆکایەتییە بە دەست یەکێتیو پارتییەوەیە.

سەبارەت بەو پرسەش پەرلەمانتارەکەی گۆڕان وتی: «ئەگەر بمانەوێت یاساکە جێبەجێ بکرێت، دەبێت ئەو کەسە کە ڕێکخراوێک، یان هەر لایەنێک، یان لەسەر ئاستی شەخس کاندید دەکرێت، دەبێت شارەزایی و لێهاتوویی هەبێت لە بواری مافی مرۆڤدا، سیفەییەکانیان دەهێنرێتە پەرلەمانو لیژنەی تایبەتی بۆ پێکدەهێنرێت، بەڵام تائێستا هیچ سەرەداوێک بۆ ئەو کارانە دیاری نەداوە، ڕاستە بەدواداچوونی ئەوە ئیشی لیژنەی مافی مرۆڤە، بەڵام تائێستا کارمان لەسەر ئەوە نەکردووە، هۆکارەکەش سەرقاڵیی و پچڕپچڕیی و ناڕێکوپێکی کۆبوونەوەو دانیشتنەکانی لیژنەی مافی مرۆڤ بووە، هاوشێوەی لیژنەکانی تری پەرلەمان، کە ئەمەش زیانی بە هەندێک پرسی گرنگ گەیاندووە».

دەسەڵاتدارانی کورد لە حوکمڕانیی تازەی عێراقدا

پۆستی حیزبیی بەدەستدەهێنن، یان مافو دەستکەوتی نەتەوەیی؟

ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال



بەشێک لە چاودێرانی سیاسیی، پێیانوایە؛ کە نوێنەرانی کورد لە بەغدا، هێندەی دەستکەوتی حیزبییان لە حوکمڕانیی تازەی عێراقدا بەدەستهێناوە، هێندە دەستکەوتو مافی نەتەوەییان بەدەست نەهێناوە.

کێشە هەڵپەسێردراوەکانو نەگەڕانەوەی ناوچەدابڕاوەکانو کێشەی پێشمەرگەش، بە سەرەکیترین بەڵگەی ئەو مەسەلەیە دەزانرێن، جگە لەوەی کە وەرنەگرتنی گرەنتی لە خزمەتی دۆزی نەتەوەیی کورد، بە مەترسیی دادەنرێتو تائێستاش (١٩) خاڵەکەی کورد نەچەسپێنراوە.

پاشەکشەی کورد

دابەزینی سەنگی کورد لە عێراقدا، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەدەست نەهێنانی مافەکانی هەیە، ئەوەش دوای قایلبوونی لیستی هاوپەیمانیی بوو لە خوولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەراندا بە هەمواری یاسای ژمارە (١٦)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ٢٠٠٩/١٢/٦، کە بە هۆیەوە لە کۆی (٥٠) کورسی زیادکراو بۆ پەرلەمانی عێراق، تەنیا (٦)یان بۆ پارێزگاکانی هەرێم بوونو ڕێژەی کورد (٢١٪)ەوە بۆ (١٧٪) دابەزیوە، هەندێکی تریان لە داهاتوو پۆستیان بۆ دەدۆزرێتەوە».

یوسف، پێشیوایە؛ لە ئاستی دەستکەوتی شەخسیش دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە، «بەڵام داواکارییە نەتەوەییەکانمان تائێستا هیچ نەچووەتە پێشەوە»، هەروەها پێیوایە؛ ئەوەی لە ئێستاشدا بەدەستهاتووە جێگەی دڵخۆشی نییە، ئەوەش بەو پێیەی لە ئەزموونەکانی ڕابردووەوە لە کاتی دروستبوونی حکومەتدا هەندێک بڕیارو شتی نووسراویش لە نێوان سەرکردایەتی سیاسیی کوردو لایەنە عەرەبەکاندا هەبووە، بەڵام دواتر پاشەکشەی لێکراوە.

بەڵام د.مەحمود عوسمان، پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران، لەو ڕووەوە دەڵێت: «ئەوەی بەدەستهاتووە، خراپ نییە، چونکە بارودۆخی وا هەر ئەوەی لێ بەدەست دێت، چونکە کوتلەی تر هەیەو کوردیش کورسییەکانی لە پێشوو کەمترە، بەڵام کەموکوڕیش هەیەو لەوەوپێش پەرلەمانتاران زۆر ئاگایان لە وەزیرەکان نەبووەو کۆبوونەوەی بەردەوام لە نێوانیان نەبووە، یان پۆستەکانی تر کە خاوەن دەسەڵاتن، زۆرجار ئەو دەسەڵاتەی هەیانبووە وەک پێویست بەکاریان نەهێناوە».

پۆستی حیزبیی، یان مافی نەتەوەیی

بە بڕوای چاودێران، کارکردن بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی حیزبیی، کاریگەریی دەبێت لەسەر بەدەستنەهێنانی مافە نەتەوەییەکان، وەک د.دلێر، لەو بڕوایەدا کە نوێنەرانی کورد لە بەغدا، پێناچێت ئەوەندە سووربن لەسەر ئەوەی مافی زیاتر بەدەستبهێنن، چونکە دوای (٧) ساڵ لە ڕووخاندنی سەدام، تائێستا ناوچەدابڕاوەکان بە هەڵپەسێردراویی ماونەتەوە، جگە لە گرێبەستەکانی نەوتو هێزی پێشمەرگە، جگە لەوەش سەرکردایەتی کورد تائێستا، مالّی خۆی ڕێکنەخستووەتەوەو دوو ئیدارەیی هەر هەیە، دەڵێت: «ئەو جۆرە کارە سیاسییانەی سەرکردایەتی کورد لە بەغدا دەیانکات، وەک پێویست نینو زۆر بە سستی کار لەسەر هەندێک کێشە دەکەنو دەکرا بە جدیی کاریان لەسەر بکردایە، وەک بە جینۆساید ناساندنی هەڵەبجەو ئەنفال».

د.مەحمود، پێیوایە: دەستکەوتەکانی کورد لە حوکمڕانیی تازەی عێراقدا، هی میللەتن، نەک حیزبو شەخس، بەوپێیەی لە هەموو لایەنەکانەوە ئیمزا کراوە، بەڵام نایشارێتەوە، کە «لە هەمانکاتدا پۆستیش هەیە دەستکەوتی حیزبیی تێ دەکەوێت».

ئەو نیگەرانییانە لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە لەکاتی دارشتنەوەی دەستوورو ڕێککەوتنەکاندا گرەنتی وەرنەگیراوە، ئەوەش وایکردووە لە هەر بارودۆخێکی ناهەمواردا ئەوەی بەدەستیشهاتووە، لەبەردەم مەترسیدا بێت.

لەو ڕووەشەوە د.دلێر، ڕوونیدەکاتەوە؛ کە ئەو ڕێککەوتنانەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا کردوویانن، پرۆتۆکۆلێکی نێودەوڵەتیی نییەو ناوخۆیین، بۆیە ناتوانێت لە کاتی هەر پاشگەزبوونەوەیەکدا پەنا بۆ دادگایەکی نێودەوڵەتیی ببات، د.دلێر وتیشی: «ئەگەر نوخبەیەکی عەسکەریی ئینقیلابێک بکەن، بە دووری نابینین ئەو دەستوورەی هەیە هەڵیبووەشێننەوە، لەو کاتەشدا کورد زیانی بەر دەکەوێت، چونکە گرەنتییەک نییە لە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەو پرۆتۆکۆلیکی نێودەوڵەتیش نییە».

مافەکان بەدەست نایەن

لە چەندسالّی ڕابردووداو دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، کورد بە ویستی خۆی بەشداریی لە حکومڕانیی عێراقدا کردو یەکێک بوو لە پایە بەهێزەکانی، بەڵام نوێنەرانی نەیانتوانی وەک پێویست ئەو هەلە بقۆزنەوەو مافەنەتەوەییەکان بەدەستبهێنن و ئەو پۆست و دەسەڵاتانەی هەیانبوو، بەکاربهێنن بۆ کاریگەریی دروستکردن لەسەر بەدەستهێنانی مافەکان بە شێوەیەکی جدیی.

هەروەک مامۆستا یوسف، دەڵێت: «لە ڕابردوودا تا ڕادەیەکی زۆر کەم پۆستەکان بۆ کاریگەریی دروستکردن لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانی کورد بەکارهاتوون»، نموونەی ئەوەشی هێنایەوە کە پۆستی وەزارەتی دەرەوە کە سی خول بەدەست کوردەوە بووە، کە بەپێی دەستوور دەبوو لە سەفارەتەکانی عێراق نوێنەرایەتی کورد بکرایەتەوە، بەڵام تائێستا لە هیچکام لەو سەفارەتانەدا ئەو نوێنەرایەتییە نەکراوەتەوە، بۆیە دەبێت بپرسین؛ ئایا بوونی بەڕێز هۆشیار زێباری لەو پۆستە، چ دەستکەوتێکی بۆ کورد مسۆگەر کردووە؟!، ئەوە بۆ پۆستەکانی دیکەش وایە، وەک سەرۆک کۆمار کە کوردەو سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتی بوو پێویستمان بوو یاسای هەڵبژاردنِ ڤیتۆی بکات، بەڵام ڤیتۆی نەکردو دوای هەڵبژاردن ئاماژەی بەوە کرد؛ کە گەورەترین غەدر بووە لە کورد کراوە.

لە لایەکی دیکەوە، شۆڕش حاجی، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەو ڕووەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «هەندێک لەو پۆستانە بە زیادە ڕۆیشتوونو هیچ سوودیان لێ وەرنەگیراوە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی ڕابردووداو، کە بە دەست کوردەوە بوون».

رۆژنامەنووسان لە دادگا

دوای سزادانیان لەلایەن دادگای بەرایی‌و کەتنی هەولێرەوە، مەسعود عەبدولخالقی خاوەن ئیمتیازی دەزگای ستاندارو سۆران عومەری سەرنووسەری گۆڤاری رێگامەگەزین، لە دوو دیداری جیاوازدا، رەخنە لە بڕیارەکانی دادگا دەگرن.
هەفتەی رابردوو، لەسەر داوایەکی پارتی دیموکراتی کوردستان، گۆڤاری رێگامەگەزین بە (٣٥) ملیۆن دینار غەرامە سزادراو دەزگای ستانداریش لەسەر سکالای وەزیری پێشووی کشتوکاڵ، بە (٦) ملیۆن دینار غەرامە سزادرا. لەو چوارچێوەیەدا بەرپرسی نووسینی ئەو بلاوکراوانە، سەرنجەکانیان لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکە دەخەنەڕوو.

ئا: دلێر عەبدولخالق

سۆران عومەر، سەرنووسەری رێگامەگەزین:

دەسەلاْت دادگاکان بۆ تۆقاندن‌و ئیفلاسپێکردنی رۆژنامەنووس‌و میدیاکان بەکارەدەهێنێت



سۆران عومەر

رۆژنامە: ئەنجامی یەکێک لە داواکانی پارتی دیموکرات، سزادانی گۆڤارەکەتانە بە (٣٥) ملیۆن دینار، دەتوانیت رووبکەیتەوە کە هۆکاری ئەو داوایانە چی بوو؟

* دوو داوا، لە (٢٦و ٢٠١٠/٨/٢٧) لەدادگای بەرایی سێ‌و چواری هەولێر بە پاساوی تەشهیرو سوکایەتیکردن بە پارتی لەسەر گۆڤارەکەمان تۆمارکراون. ناوەڕۆکی داوای یەکەم، داوای قەرەبووە لەسەر چاوپێکەوتنێک‌و راپۆرتێکی رۆژنامەوانیی کە لەژمارە (٩)ی رێگامەگەزین لەسەرەتای (٢٠١٠) بلاْوکراوەتەوە. چاوپێکەوتنەکە لەگەلْ ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکەیەو دەلێت: بارزانی کەرکوکی فرۆشتووە لە بەرامبەر پەکەکەدا. هەرچی راپۆرتەکەشە قسە لەسەریاساییوون‌ونایاساییوونی دەزگای پاراستن کراوەو چەند پەرلەمانتارێکی کوردستان قسەیان کردووەو بێئەوەی قسەی گۆڤارەکەی تێدا بێت.

داوای دووەم کە بە سزادانی ئێمە تەواو بوو، لەسەر راپۆرتێک لەبارەی تیرۆری سەردەشت عوسمان‌و وتارێکی خۆمە بەناوی (سەرۆک دەستلەکاربکێشەوە) لەژمارە (١٦) بلاْوبووەتەوە، لەو داوایەدا، پارتی لە دەرەوەی یاسای رۆژنامەگەریی داوای (٥٠٠)ملیۆن قەرەبوو دەکات. لەراپۆرتەکەدا بەحوکمی بەرپرسیارێتیی ئەمنیی پارتی لەهەولێر، پەنجەی تۆمەت بۆ ئەوان راکێشراوە، هەرچی وتارەکەشە، دەچێتە خانەی ئازادیی رادەربڕین‌و ناکرێت سەرۆک تورە بێت لەوەی کە بڵێین، ژیانمان بپارێزە. ئەوەی سەرۆک‌و حیزبەکەی تورە دەبن لە داواکردنی ئازادیی، جێی سەرسوڕمانە!

رۆژنامە: رێڕەوی لێکۆڵینەوەو دانیشتنەکانی ئەو کەیسە، چۆن بەڕێوەچوون؟

* هەر لەسەرەتاوە، هەستمان بەوە کرد کە دادگا گوێ لەئێمە ناگرێت‌و بڕیارەکە بە قازانجی حیزبی دەسەلاْتدار تەواودەبێت. هەر لەسەرەتاوە زۆر هەوڵماندا، ئەگەر وەزارەتی دادلەهەولێرو سلێمانی یەک وەزارەتە، بەحوکمی شوێنی نیشتەجێبوونمان دانیشتنەکان بگوازرێنەوە بۆ سلێمانی، بەلاْم گوێیان لێنەگرتین. وتمان (٩٠) رۆژ بەسەر بلاْوکردنەوەی ئەو بابەتانە تێپەڕیوە، پاساوی ترى یاساییان بۆ هێنایەوە. پرسیارمان کرد، ئایا پارتی حیزبێکی رەسمییە، دادگا وەلاْمی ئەوەشی نەدایەوە، بەتایبەت بەپێی یاسای ئەحزاب، تەنیا سەرۆک بۆی هەیە سکالاْ تۆماربکات، نەک سکرتێری پارتی.

سێ لە دانیشتنە سەرەتاییەکان بەشداربووم‌و کە زانیم دادگا موماتەلە بە کاتی دانیشتنەکان‌و بڕیارياندا‌و سزامان بدەن، بێئەوەی مافی بەرگریکردن لەخۆمان هەبێت، وتمان، با رۆتینەکە بڕوات‌و تاوانەکەمان بەسەردا بسەپێت، ئەوەبوو یەکسەر شارەزایەکیان دیاری کردو ئەویش بەتەنیا بڕیاریدا کە تەشهیرمان کردووە. زۆر پرسیارمان کرد، پێویستە ئەو لێژنەیە لەچەند کەسێکی لە دەرەوەی کاریگەری حیزب پێکبهێنرێت، بڕیارەکە بە کۆ بدرێت، بەلاْم دیاربوو ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو، تا ئەوەی کە ئەو شارەزایەی سەر بە پارتی، حوکمەکەی ئێمەی سەپاند.

رۆژنامە: واتە، دادگا وەک وەسیلەیەک بۆ سزادانی ئێوە بەکارهات؟

* لایەنی شکاتکار، بەئاشکرا هەیمەنەی تەواوی بەسەر ئەم دادگایەو بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانەوە هەبوو، تا ئەوەی بڕیارەکەیان بەخێرایی لە بەرژەوەندیی خۆیان دەرکرد.

دەکرێت حوکمی کەیسەکەی ئێمە وەک خێراترین دادگاکانی کوردستان تۆماربکرێت، ئەمە نیشانی دەدات کە دادگاکانمان بەکاردەهێنرێن بۆ تۆقاندنی خەڵکی رۆشنبیرو رۆژنامەنووسان. ئالیەتی سانسۆر بۆ کاری رۆژنامەوانیی گۆڕاوە، لەبری ئەوەی یەکێک بێت هەڕەشە بکات‌و بڵێت، دەتکوژم لەسەر ئەوەی دەینووسی، ئێستا لە رێگای دادگاوە بەسزادان، ئیفلاس بە خۆت‌و رۆژنامەو پرۆژەکەت دێنن. دوای لێدان‌و گرتن‌و هەڕەشەو تیرۆر، ئێستا ئەمجۆرە لە تیرۆری رۆژنامەنووسیی هەیە.

رۆژنامە: بەپێی بڕیاری دادگا، تاوانی بلاْوکردنەوەتان ئەنجامداوەو بە (٣٥) ملیۆن دینار سزا دراون، دەتوانیت پێمانبڵێیت، چۆن دەتوانن ئەو پارەیە دەفع کەن؟

* پرۆژەکەی ئێمە کاری رۆژنامەوانییەو توانای کۆمەڵێک رۆژنامەنووس بووەو سەرپەرشتیمان کردووە. لێرەوە تەحەدا دەکەین کە هیچ کەسێک لە حکومەت، یان حیزب لەناوخۆو لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەهەر ناو و بیانوویەک یارمەتی دابین، تەنانەت لەبەر کەمیی ئیمکانییەتی مادیی لە (٢٠١٠/٦/١٥)و دوای دەرکردنی ژمارە (١٨)ەوە، گۆڤارەکەمان داخست، چونکە ئامادەنەبووین ببین بە یەکێک لەو گۆڤارانەی پارە لەحکومەت‌و حیزب وەردەگرن‌و بەشدارنەبوین لە لیستی نەزیفی دارایی پارەی خەڵک، واتە بڕیاری داخستنی گۆڤارەکەمان پێ سەربەرزانەتر بووە لەوەی بە سێبەری حیزب بەردەوام بین.

لەبارەی دەفعکردنی ئەو بڕە پارەیەشەوە، زۆر خەڵکی باش هەیە لەخەمی قەڵەمی ئازادو لەخەمی باشکردنی ژیانی سیاسیی هەرێمن، بەهاوکاریی ئەوان دەمانتوانی لەماوەی یەک رۆژدا پارەکە دەفع بکەین، بەلاْم مادام پارتی دیموکرات، رێگای دادگای گرتە بەر، با هەر بە دادگاش پارەکەمان لێوەرگرێت.

رۆژنامە: رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسان لەو کەیسەی ئێوەدا، چۆن بوو؟

* هیچم لە هەڵوێستی فەرمیی سەندیکا نەدیوەو چاوەڕێی هیچیان لێناکەم، چونکە خەڵکانێکی تێدایە کە داردەستی حیزبن‌و بەشێک بوون لەتەرەفی پارتی دژی ئێمە، بە تایبەت بەرپرسی لقی هەولێری سەندیکا. وەک هەولی کەسییش، کاک ئەنوەر حسێن لە لیژنەی داکۆکیی هاوکارمان بووەو ئاگاداری کەیسەکە بووە، لەو چوارچێوەیەشدا چەند رێوشوێنێکمان لەرێی ئەوەوە گرتۆتەبەرو نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە لە کارنەکردن بەیاسای رۆژنامەگەریی.

رۆژنامە: لەناو ئەو زنجیرە داواو سکالاْ یاساییانەی پارتی دیموکرات لەسەر ژمارەیەک رۆژنامەو گۆڤار تۆماریکردن، «رێگامەگەزین» دەبێتە یەکەم بلاْوکراوە کە سزای مادیی بەسەردا دەسەپێت، بۆچی ئێوە بوونە یەکەم نموونە؟

* پێدەچێت، پارتی بیری لەوەکردبێتەوە کە ئێمە بەڕێکەن، بەوپێیەی پشتیوانیمان نییەو بەتەنیاین، واتە دادگاییەکەش دەنگو سەدایەکی ئەوتۆی نابێت، بەلاْم ئەم بیرکردنەوەیە هەڵەیە، چونکە خەڵکێکی زۆر هەیە کێشەی لەگەڵ سیستمی سیاسیی هەرێم هەیەو پشتیوانیی ئەم گوتارەی ئێمەن‌و لەو چوارچێوەیەشدا ئێمەش رەخنەمان لەو سیستمە ناشەفاف‌و نایەکسانییە گرتووە کە پارتی بەشێکە تێیدا.

ئەوان زۆر چاوەڕێیان کرد تا داوای لێببوردن بکەین بۆئەوەی لێمان خۆشبن، بەلاْم پێمانوایە، ئەوەی دەبێت داوای لێببوردن بکات، پارتییە کە لە زۆرشتی گەورەتر بەرامبەر ئەو میللەتە کردوویەتی، وەک هاوڕێیەکم وتی: ئەگەر باجی وتنی چەند وشەیەکی ئازاد، (٣٥) ملیۆن دینار بێت، دەبێت باجی بردنی داهاتی ئەم ولاْتەو رشتنی خوێنی خەڵک‌و هەڵە میژوویییەکان، چی بێت‌و کەی ببنە دۆسیەی دادگاکانی هەرێم!

مەسعود عەبدولخالق، خاوەن دەزگای ستاندار:

لە سەنگەردان تا بابەتێک بنووسیت‌و لەڕێی دادگاوە سزات بدەن



مەسعود عەبدولخالق

رۆژنامە: سزادانی دامەزراوەی ستاندار لە دادگای کەتنی هەولێر، لەسەر سکالاْی کێ‌و چ بابەتێکی رۆژنامەوانیی بووە؟

*ئێمە لەهەولێر، لەناو هەڵمەتی تۆمارکردنی سکالاْکانی دژ بە رۆژنامەنووسان بووین، (٦) سکالاْمان لەسەر تۆمارکرابوو، کە یەکێکیان داوای قەرەبووی (١٠٠)دەفتەر دۆلاری ئەمریکی دەکرد، بەلاْم بە زیرەکیی پارێزەرەکەمان، (٥) لەو سکالاْیانە پووکانەوەو تەنیا سکالاْی وەزیری پێشووی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم مابوو، کە زۆر عاقڵانە بەناوی وەزارەتی کشتوکاڵەوە داوای تۆمارکردبوو.

ئەو بابەتەی سکالاْکەشی لەسەر بوو، هەواڵێک بووە کە تێیدا رەخنە لە کارێکی ئەو وەزارەتە گیراوەو لەناو هەواڵەکەشدا زۆر بەڕێزەوە ناوی وەزیر هاتووەو دەستەواژەی (برای وەزیر)ی بۆ بەکارهاتووەو پێشتریش چەند راپۆرتێکمان لەسەر کەموکورتییەکان‌و نەبوونی پلانی ئەو وەزارەتە ئامادە کردووەو بەرامبەرمان بکات کە داواکەیان رەوا نییەو پێیوتن، لەچوارچێوەی یاسای رۆژنامەگەریی تۆمارنەکراوە، ئینجا ئەگەر لایەنێکیش بۆی هەبێت سکالاْ تۆماربکات، ئەوە داواکاری گشتییە، نەک وەزارەتو هەر لەبەرئەوەش بوو کە چەند جارێک دانیشتنەکانی دواخست، بەلاْم وەزارەت قەناعەتی نەکرد، تا ئەوەی لەکۆتاییدا دادوەرێک هاتو داوای سزایەکی قورسی کرد. ئێمە هەستمان کرد کە ئەو کەسە زانیاریی لەسەر بابەتەکە نییەو گوێی بەهیچی ئێمە نەدا، تا دواتر زانیمان ئەو بابەتە هۆکاری سیاسیی لەپشتەوەیەو حاکمەکە پێیوتین، (٦)ملیۆن دینار کەمترین سزایە کە رزگارتان بووەو ئێمەش لە شفرەی پەیامی حاکمەکە گەیشتین‌و بێدەنگ بووین.

رۆژنامە: ئێوە تانەتان لەبڕیارەکە نەدا؟

* بەڵێ، بەلاْم گوێیان پێنەدایْن‌و یەکسەر بڕیارەکە جێبەجێکرا، ئەوەبوو ملیۆنێک دینارمان دەفعکردو پێنج ملیۆنەکەی تر مانگانە بەپێی دەسەلاْتی مادیی خۆمان دەفعی دەکەین.

رۆژنامە: ئەو سزا مادییە، کاریگەریی لەسەر کارکردنی دامەزراوەکەتان نابێت؟

* دەزگای ستاندار لە (٢٠٠٦)ەوە لەهەولێر دامەزراوەو رۆژنامەو ماڵپەڕی ئەلکترۆنی‌و گۆڤارو پرۆژەی کتێبی هەیە، ئێستا سانسۆرەکان ئەوەندە زۆرن، رۆژنامەکەمان راگرتووە، لەبەرئەوەی دەسەلاْت لەسەنگەردایە تا بابەتێک بنووسیت‌و لە رێی دادگاوە سزات بدات، ئەو هەموو پارەیەش بەئێمە نادرێت.

جگەلەوەی کە حکومەت غەدرمان لێدەکات‌و بەپێی یاسا مافی ئەوەمان هەیە مینحەیەک وەربگرین، بەلاْم وەک ئەوەی یارمەتیمان نادەن، جۆرەها هەڕەشەو ئابلوقەی زانیاریی‌و کارکردنمان بۆدەکێشن، واتە ناهێڵن بەفرۆشی رۆژنامەو کارەکانی خۆشمان بژین، لەکاتێکدا دەزانن کاریگەریی ئێمە لەهەولێرو فرۆشی بلاْوکراوەکانمان چەندە، هەروەک ئێمە زۆر پەیوەستین بەئەدەبیاتی هەولێرو لە دارشتنی بابەتەکانمان، ناوی بەڕێزو برا بۆ بەرپرسەکان بەکاردەهێنین.

رۆژنامە: کەواتە، بۆچی دەسەلاْت ئەوەندە ئاسان بە رۆژنامەنووسان دەوێرێت‌و سانسۆر دەخاتە بەردەم کارەکانیان؟

* چونکە ئێمە لەسەروو یاساوە نین. تۆ بڕوانە، ئەو هەموو تۆمەتبارە هەیەو لەکوردستان خۆیان مەلاْسداوە، تۆمەتباری ئەنفال، ئەوانەی مەلەفیان هەیە، ئەوانەی هۆکاری شەڕی براکوژین‌و ئێستاش ئەگەر دەوڵەتی ئێران‌و تورکیا بڕوخێن، کۆمەڵێک مەلەفداری تر ئاشکرادەبن کە ئێستا لافی نیشتمانپەروەریی لێدەدەن، ئەوانە هەموو سەربەرز لەکوردستان دەسوڕێنەوەو ئێمە دادگایی دەکرێین!

> سانسۆرەکان ئەوەندە زۆرن، رۆژنامەکەمان راگرتووە

به «وەزارەتێکی زیاد» ناومان بردووە.

رۆژنامە: بۆچی سکالاْکەی ئێوە لە دادگای کەتنی هەولێر تۆمارکراوە؟

* ئەوە جێی سەرسوڕمانی ئێمەش بووە، چونکە وەزیفەی ئەو دادگایە زۆر دوورە لە پیشەو سومعەی کاری رۆژنامەنووسان‌و کەسایەتیی نووسەر، یان خاوەن رەئی، پێویستبوو دادگاکە خۆی ئەوە قبوڵ نەکات، بەلاْم دیارە لە دەسەلاْتی ئەویشدا نەبووە، چونکە مەبەستی لایەنی شکاتکار ئەوەبووە کە لە دانیشتنەکان منیش لەگەڵ پارێزەرەکەم ئامادەبم، واتە تەنیا ئامادەبوونی پارێزەرەکەم، بەس نەبوو.

رۆژنامە: رێڕەوی دانیشتنەکان چۆن بەڕێوەچوون، تاچەندەقەناعەتتان بە بڕیارەکەی دادگاو سزادانتان بە (٦)ملیۆن دینار هەیە؟

* ئەوەی ئێمە بینیمان، دادوەرەکان لەناخەوە تێگەیشتنیان بۆ دۆسیەکە زۆر باشبوو، دادوەرەکە زۆری هەوڵدا قەناعەت بە


پیتەر بۆوکایرت، لە نووسەرانی راپۆرتەکانی «هیومان رایتس ووچ»:

کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگی لێدەکرێت

سازدانی: شالاو فەتاح

لە دوایەمین راپۆرتیاندا، «هیومان رایتس ووچ» دووبارە باس لە ناسکیی دۆخی ناوچەجێناکۆکەکان دەکەنو پێیانوایە؛ ئەم کێشەیە دوور نییە جەنگ هەلبگیرسێنێت

لەم چاوپێکەوتنەدا پیتەر بۆوکایرت، یەکێک لە نووسەرانی دوایەمین راپۆرت، وەڵامی پرسیارەکانی رۆژنامەی دایەوە بۆوکایرت پێیوایە؛ چارەسەری کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان تەنیا پەیوەندیبێت کە تەواوی لایەنەکان دەستهەلبگرن لە بەشێک لە داواکارییەکانیان و رازی بن بە سازشکردن.



پیتەر بۆوکایرت

رۆژنامە: لە راپۆرتەکەتاندا بە تووندوتیژییەکان دەڵێن: «یاخیبوونی سوننی»، ئایا مەبەستتان ئەوەیە کە تەواوی تووندوتیژییەکان، لە نێویاندا ئەوانەی دژ بە مەسیحییەکان ئەنجام دەدرێن، سوننییەکان لێی بەرپرسیارن؟

* وەک راپۆرتەکانمان لەم چەند ساڵەدا ئاماژەی پێدەکات، تەنیا گرووپە سوننییەکان نییە، بەڵکو زۆر لایەنی جیاواز لە تووندوتیژیی عێراقدا دەستیان هەبووە، لە ناوچەجێناکۆکەکانی باکووری عێراق، جێی نیگەرانییە کە دەبینین زۆربەی کەمینەکان، لە نێویاندا مەسیحییەکان دەکرێنە قوربانیی ململانێ لەسەر ناوچەجێناکۆکەکان.

حیزبە کوردییەکان دەیانەوێت ئەم کەمینانە بکەنە لایەنگری شوناسی کوردی ئەم ناوچانە، کە شوناسێکە زۆرێک لە کەمینەکان رەتیدەکەنەوە، هەندێکیشیان هێرشیانکراوەتە سەرو پێشێلکارییان لە دژ ئەنجامدراوە، لەسەر نارازیبوونیان لەگەڵ ئەجێندای کوردی لەم ناوچانە، پەرگیرەکانی سوننە مەسیحی، ئێزدیو کۆمەڵگە سوفییەکانیان کردووەتە ئامانج، دوایەمین هێرشەکانی بەغدا لە دژی مەسیحییەکان لە بەغداو موسڵ، پێ دەچوو لە لایەن پەرگیرە سوننییەکانەوە ئەنجامدرابێت، کە دەیانەوێت جەنگی تایەفی دەستپێبکەنەوە، ئەوان شیعەکانیش دەکەنە ئامانج.

رۆژنامە: چ جۆرە «دەستێوەردانێکی نێودەوڵەتیی»یەکان بۆ راستکردنەوەی کاروبارەکانی عێراق، وەک لە راپۆرتەکەتاندا ئاماژەی پێدەدەن؟

*داگیرکارییەکەی عێراق بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، شکستی هێناوە لە چارەسەرکردنی ململانێی ناوچەجێناکۆکەکان، لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندیی، بەڵام پێویستە راستەوخۆ ئاماژە بەوەش بدەین؛ کە بەرپرسانی هەرێمو بەغدا خۆشیان نەیانتوانیوە کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان چارەسەر بکەن، ئێمە نیگەرانین لەوەی دۆخەکە زۆر بە ئاسکیی ماوەتەوەو بۆی هەیە ببێتەوە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ، دوای ئەوەی هێزە ئەمریکیو نێودەوڵەتییەکان عێراق جێدەهێڵن، ئەمە لە حاڵەتێکدا کە هەنگاوی دیکە نەنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان. پێویستە ئەوەمان بیر بێت، کە خەڵکی کورد نزیکەی (٣٠) ساڵ (١٩٧٥-٢٠٠٣) ئازاری چەشتووە، بە هۆی چارەسەرنەکردنی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان، هەر ئەم کێشەیەش بوو کە بووە هۆی ئەنفال و هەڵمەتی «تەعریب»، لەبەرئەوە مەترسییەکە زۆر راستەقینەیە.

رۆژنامە: ئایا پێتانوایە، کە دۆخەکە جۆرێکە کە لە لایەن عێراقییەکانەوە کێشەکان چارەسەر نابن، کاتێک داوا دەکەن هێزە نێودەوڵەتییەکان دەستوەربدەنە دۆخەکەوە

* ئەوە روونە کە حکومەتی ناوەندیی عێراق و حیزبە کوردییەکان زۆر رایان لە یەک دوورەو ناتوانن کێشەکان بۆ خۆیان چارەسەر بکەن، کێشە لەسەر ئەم ناوچانە زۆر ژەهراویی و مەترسیدار بووە، وەک دەبینرێت لە کاردانەوەی لایەنە جیاوازەکان لەسەر سەرژمێریی، بایکۆتی کونسوڵی نەینەوا لە لایەن کوردەکانەوە، رەتکردنەوەی لایەنە کوردییەکان بۆ رێگەدان بە نوجەیفی، بۆ هاتنە ناوچە کوردییەکانەوە، چەندین رووداوی تر کە هاتنی سوپای عێراق بۆ ناوچەجێناکۆکەکان بووەتە هۆی ناکۆکیی.

رۆژنامە: پێتانوایە، دروستکردنی هەرێمو پارێزگایەک بۆ کەمینەکان لە ناوچەی نەینەوا، وەک داوا دەکرێت، دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکە، یان ئەوان زیاتر نامۆ دەکات بە دۆخەکە؟

* دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامو پارێزگایەک لە نەینەوا کێشەی کەمینەکان چارەسەر ناکات، ئەمە تەنیا کەمینەکان لە گیتۆیەکی بچووکدا بەند دەکات، بەڵام کێشەی سنووری ناوچەجێناکۆکەکان چارەسەر ناکات، پێویستە دووربکەوینەوە لە تایەفەگەرێتی دوای (٢٠٠٣)و عێراقێک دروستبکەین، کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی گرووپی ئێتنیو دینیی، هەمووان رێزیان لێ بگیرێت، عێراق کە گرووپە مەسیحییەکانی بەسرە بتوانن بە سەلامەتی لە بەسرە بژێنو کوردەکانیش بتوانن بە سەلامەتی لە بەغدا بژین، دروستکردنی ناوچەی جیاکراوە، ئاشتی بۆ عێراق ناهێنێت.

رۆژنامە: ئێوە بە رووناکی باس لە چەوساندنەوەی کەمینەکان دەکەن لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە ئایا هیچ بەڵگەو دۆکیۆمێنتێکتان لایە بۆ ئەم بانگەشەیە، چونکە جاری پێشوو حکومەتی هەرێم تەواوی ئەو بانگەشانەی رەتکردەوە کە باسی لە تووندوتیژیی دەکرد بەرامبەر کەمینەکان؟

* چەوساندنەوەی کەمینەکان لە ناوچەجێناکۆکەکان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە چەند جارێک لە راپۆرتەکانماندا دۆکیۆمێنت کراون، بۆ نموونە: لەسەر خاکێکی بریندار (http://www.hrw.org/٨٦٣٥٧/en/node). ئەمە بەندە لەسەر لێکۆڵینەوەکانمانو بەرگریشی لێ دەکەین، بەدڵنیاییەوە حکومەتی هەرێم راپۆرتەکان رەتدەکاتەوەو رەخنە لە ئەنجامدانیان دەگرێت، کە شتێکی شەرمەزارکەرە، رێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ (هیومان رایتس ووچ)، رێکخراوێکە کە زیاد لە هەر رێکخراوێکی دیکە دۆکیۆمێنتو بەڵگەی بڵاوکردووەتە لەسەر پێشێلکاریی دژی کوردەکان لە سەردەمی رژێمی سەدامدا، ئێمە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمان لەسەر شالاوی ئەنفال نووسی، هەر خۆشم لە ساڵی (٢٠٠٢) لە کوردستان بووم بۆ ئەوەی لەسەر بەردەوامیی بەعەرەبکردنی کەرکوک راپۆرت بدەم، هەموو سیاسییە کوردەکان، دەزانن هیومان رایتس ووچ، چی بۆ کوردەکان کردووە، بەڵام کاتێک رەخنە لە بوونی زیندانی نهێنیی لە ئاسایش دەگرین، یان

> **شەرمەزارکەرە**
>
> **حکومەتی هەرێم**
>
> **راپۆرتەکانمان رەتبکاتەوە**

رەخنە لە پێشێلکاریی لە ناوچەجێناکۆکەکان دەگرین، پێ دەچێت ئەو مێژووە درێژەی ئیشکردنمان بۆ کوردەکانیان بیربچێتەوە، ئێمە هاوڕێیەکین کە ئامادەین راستییە تاڵەکان بە کوردەکان بڵێین.

رۆژنامە: لە راپۆرتەکەتاندا باس لەوە دەکرێت، کە ئەم ناوچانە پێویستە ببنە جەوهەری شوناسی عێراق، چونکە فرەکلتوورن، پێتوانییە؛ ئەم چارەسەرە یەکلایەنەو بەرژەوەندیی کوردەکان هیچ لێک نەدراوەتەوە؟

* چۆن دەتوانیت ئەوە بسەلمێنیت، کە تەواوی ئەو پێکهاتانەی لە کۆنەوە لە ناوچەجێناکۆکەکان ژیاون دەتوانن بە ئاشتی لەژێر دەسەڵاتی «یەک لایەن»دا بژین؟ ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: ئەم ناوچانە تەنیا هی کوردەکانن «یەک لایەن»دیە، نەک ئەو پرۆپۆزەڵەی کە دەڵێت، ناوچەکە هی هەموو ئەو کەسانەیە لەوێ دەژین، ئەمە کێشەیەکی سەرەکییو ئاڵۆزە، ئاڵۆزە، چونکە کێشەی مافی کوردو کەمینەکانی دیکە کە لەو ناوچانە دەژینو بوونەتە قوربانیی بەعەرەبکردن، دەبێت چارەسەر بکرێت، دەبێت رێیان پێ بدرێت بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، ئەمە جگە لە مافی سیاسییو دارایی کۆنترۆلکردنی خاک لە لایەن دەسەڵاتەوە، ئێمە بە تەواوی پشتگیریی مافی مێژوویی کوردەکان دەکەین بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو ناوچانە «کوردی»نو دەبێت لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە کۆنترۆڵ بکرێن، ناشبێت ببێتە هۆی چاوترساندنی ئەوانی دیکە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە.

رۆژنامە: چ چارەسەرێک بە باشترین دەزانیتو پێتوایە کێشەی نێوان هەرێمو بەغدا بە چارەسەربوونی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان کۆتایی دێت؟

* باشترین چارەسەر بۆ کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان، پەیوەست دەبێت بە سازشکردنی پارتە کوردییەکانو حکومەتی ناوەندییەوە. بەڵام هەر جۆرە سازشێک لە نێوانیاندا پێویستە جۆرێک بێت، کە هەردوو لایەن ئامادەبن واز لە هەندێک داواکارییان بێنن، جارێک گفتوگۆیەکم لەگەڵ وەزیرێکی باڵای حکومەتی هەرێم ئەنجامداکە لێپرسراوی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان بوو، ئەو پێیوتم؛ کە کوردەکان ئامادەن واز لە هەندێ داواکاریی بێنن، بەڵام کاتێک پرسیم ئامادەن واز لە کام پارچە خاکە بێنن، «ئایا ئامادەن واز لە خانەقین، یان سنجار بێنن!» ئەوە جێگەی سازش نییە، ئەمەیە پێگەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەو کێشەیەدا، ئەم پێگەیەش نێگەتیڤە لەبەر چەند هۆکارێک: شتێکی مەنتقی نییە ئەو هەموو داواکارییەت هەبێتو ئامادە نەبیت هیچ سازشێک بکەیت، لەبەر ئەوەی ئەو هەموو داواکارییە بووەتە هۆی ئازاردانی کەمینەو عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە، ئەوە شتێکە کە ئێمە نامانەوێت رووبدات، لەبەر ئەوە پێموایە؛ سازشکردن بنەڕەتی هەر چارەسەرێکە، بەڵام سەرەتا دەبێتە مافی ئەو خەڵکەی لەوێن لێک بدرێتەوە، نەک کۆنترۆلکردنی خاک، ئێمە نیگەرانین لەوەی شەڕەکە لەسەر نەوتە، نەک لەسەر مافی ئەو خەڵکەی لەوێ نیشتەجێن، کە ئەمە شتێکی باش نییە.

گۆڕان داوای کۆبوونەوەی بەپەلە لە پەرلەمان دەکات

دیمۆگرافیای دیالە بە زیانی کورد دەگۆڕێت

ڕاپۆرتی: گەرمیانی حەمەی پوور

چۆڵکردنی ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای دیالە لە لایەن خێزانە کوردەکانی ئەو سنوورەوە بەردەوامەو رۆژانە خێزانی کورد لە ناحیەکانی سەعدییەو جەلەولاو مەندەلیو شوێنەکانی ترەوە لە ترسی گرووپە چەکدارەکانی سنوورەکەو هەڕەشە لەسەریان ناوچەکە چۆڵ دەکەن.

ئەنوەر حسێن، بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا هۆکاری چۆڵکردنی ناوچەکەی لە لایەن خێزانەکوردەکانەوە، بۆ هۆکاری ئەمنیو خزمەتگوزاریی گەڕاندەوەو وتی: «کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەم سنوورە لە رۆژی (٢٠٠٨/٨/١٣) هەڵمەتێکی مێژوویی بوو، کە بوو بەهۆی لاوازبوونی پێگەی سەربازیی کوردو بااڵدەستیی بەعسییەکان، ئەمەش وایکرد کە دژایەتی کورد دەستپێبکات و بەو هۆیەشەوە لەژێر فشارو هەڕەشەو تەقینەوەو تۆقاندنو ترساندندا، نزیکەی (٥٠٠) خێزانی کورد تا ئێستا ناوچەکەیان چۆڵکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی خزمەتگوزاریی لە ناحیەکە بەشێکی تری هۆکاری چۆڵکردنییەتی».

بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا لەوبارەیەوە بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)وە تائێستا نزیکەی شەش هەزار عەرەب هاتوونەتە ناحیەی جەلەولا، کە زیاتر لە (٣٠٠٠) خێزانیان لەوانەبوون کە بە مەبەستی تەعریبی خانەقین رووبیان لەو شارە کردبوو، بەڵام دواتر لە خانەقین دەرکران، لە جەلەولا جێگیربوون، کە ئەمانە لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری حەمرینن، دواتریش نزیکەی (٤٠٠٠) خێزانی تری عەرەب بە هۆکاری جیاواز هاتوونەتە ناحیەی جەلەولاو ئێستا تێیدا نیشتەجێن».

بە وتەی پەڕێوەبەری ناحیەی سەعدییەش لە ساڵی (٢٠٠٣)وە تائێستا، جگە لە سەدان کوڕاو و بریندارە کورد، هەر بەهۆی هەڕەشەی گرووپە چەکدارەکانی سنوورەکەوە، زیاتر لە (٦٠٠) خێزانی کورد ناحیەکەیان چۆڵکردووە».

ئاماری دانیشتووانی ناحیە کوردنشینەکانی سنووری پارێزگای دیالەو بوونی کورد تێیاندا، تا مانگی ئازاری ئەمساڵ بەمشێوەیە بووە: لە ناحیەی سەعدیە، ڕێژەی دانیشتووان (٤٥٠٠٠) کەس بووە، کە ڕێژەی کورد (٩٠٠٠) کەسو ڕێژەی عەرەب (٣٠٥٠٠) کەسو ڕێژەی تورکمان (٥٠٠) کەسو ڕێژەی نەتەوەکانی تر (٥٠٠) کەس بووە، هەروەها لە ناحیەکانی (مەندەلی، قازانیە، قەزای بەلەدروز) ڕێژەی دانیشتووان (٣٧٦٥٢) کەس بووەو (١٨٨٣) کوردی تێدابووە، هەروەها لە ناحیەی جەلەولا، ڕێژەی دانیشتووان (٦٨٦١٦) کەس بووەو (١٠٢٩٢) کوردی تێدابووە، لە قەزای خانەقین جگە لە دانیشتووانەکەی لە (کەلار، کفری، باوەنور، دەربەندیخان، مەیدان) ڕێژەی دانیشتووان (١٤٩٧٠٥) کەس بووەو ڕێژەی عەرەبو نەتەوەکانی تری زۆر کەمن، لە ناحیەی قەرەتەپە، ڕێژەی دانیشتووان (٣٨٥٠٠) کەس بووەو (٣٠٨٠) کوردی تێدابووە، لە ناحیەی جەبارەش، بەپێی هەمان ئامارو لە هەمان بەروارداو، ڕێژەی دانیشتووان (١٤٢٨٧) کەس بووەو (١٠٧١٥) کوردی تێدابووە، بەڵام ئەم ئامارانە لە ئێستادا گۆڕاون، ئەویش بە هۆی بەردەوامیی چۆڵکردنیان لە لایەن خێزانە کوردەکانو شوێنگرتنەوەیان لە لایەن خێزانە عەرەبەکانەوە.

بەردەوامبوونی دیاردەی کۆچی کورد لەو ناوچانەوە بۆ کوردستان، ترسی گەورەی لە دەرەنجامە خراپەکانی بەردەوام بوونی ئەو دیاردەیەی، لە دڵی سیاسەتکارانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە گەرمیان کە هاوسنووری ناوچەکەن، چاندووە، بۆ ئەو مەبەستەش دەنگی نارەزایەتییان دژ بە هەریەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی عێراق بەرزکردەوەو (١٨) ڕێکخراوی سنووریِ گەرمیان بۆ ئەو مەبەستە لە قەزای کەلار خەڵکیان هێنایە سەر شەقامو لە یاداشتێکیشدا داوای چارەسەری بەپەلەو هەنووکەییان بۆ دیاردەکە لە حکومەتی هەرێمو ناوەند خواستو دەرەنجامە خراپەکانی بەردەوامبوونی ئەو گرفتەیان لە یاداشتنامەکەدا بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕوونکردبووەوە.

هەر لەم ڕووەوە، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، وێڕای پشتگیرییان لە ڕێکخراوەکانی گەرمیان، لە بەیاننامەیەکدا داوا لە هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم دەکەن بەزووترین کات کۆبونەوەیەکی هاوبەش بە بەشداریی نوێنەرانی کورد لە بەغداو بەرپرسە ئەمنیو ئیداریەکانی ناوچە دابڕاوەکانی (داگیرکراوەکان)ی سەر بە هەرێم سازبدرێتو هەروەها پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی تایبەت لەوبارەیەوە بکات، بۆ دانانی جێگاوڕێگای شێلگیرانە بۆ ڕاوەستانەوە بەرامبەر ئەم هەڵسوکەوتە نامرۆڤانەیە دژ بە خێزانە کوردەکان دەکرێت.



دیمەنێک لە شاری بەعقوبە

فۆتۆ: ئەرشیف

کێشە دەکەوێتە نووسینگەی بەغدای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە
10

خۆپیشاندان، لەنێوان بیرکردنەوەی دوو رەهەندی جیاوازدا

هاوڕێ کاسترۆ

ئەگەرچی لە ماوەی رابردوودا گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیاسای خۆپیشاندان لە پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە چوو، بەڵام دواجار ئەم پرۆژەیە بە دەنگی زۆرینە لە پەرلەمانی کوردستان و واژۆی سەرۆکی هەرێم دەربازی بوو، لەبەر ئەوە پرۆژە یاساکە پێویستی بە دیالۆگی مەدەنیانە هەبوو بۆ ئەوەی رەوشێکی مەدەنیانە وەرگرێتو لەدەرەوەی بیرکردنەوەی سیاسییدا بە شێوەیەک جێگیر بکرێت، کە بەرژەوەندیی گشتیی پرۆسە مەدەنییەکان بپارێزێت، نەک خولانەوە بێت لەدەوری دەسەلات.

چونکە پرۆژەیاسای خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان گرنگە، بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیاسایە دۆخی خۆپیشاندان بە شێوەیەک ئاسان بکات کە هەموو هاوڵاتییەک لە توانایدا بێت خۆپیشاندان بکات، چونکە ئەمە مافی هەموو هاوڵاتییەکە لە چوارچێوەی مافە دیموکراسییەکاندا، بۆیە پێویستە ئەم مافە لەناو پرۆژەیاساکەدا رەنگبداتەوەو دۆخی خۆپیشاندان بە شێوەیەک ئاسان بکات کە هانی هاوڵاتی بدات خۆپیشاندان بکات، نەک ئاستەنگو لەمپەر دروست بکاتو توانای هاوڵاتی لە بەرامبەر خۆپیشاندان لاواز بکات، لەبەر ئەوە کاتێک ئەم مافە بە یاسا لە هاوڵاتی سنووردار دەکەیتو هاوڵاتی دەخەیتە بەردەم یاسایەک کە ئیجباری دەکەی پابەند بێت پێیەوە، بێگومان ئەمەش بەرتەسککردنەوەی یاساکانی دیموکراسییەو قورسکردنی مافەکانی سەر هاوڵاتییانە، لەبەر ئەوە هەر جۆرە هەنگاوێک بۆ بەرتەسککردنەوەی دیموکراسی بنرێت گرفتێکی گەورە بۆ دیموکراسی دێنێتە ئاراوە، بۆیە گرنگە پەرلەمان لە چوارچێوەی مافە دیموکراسییەکاندا مامەلە لەگەڵ یاسای خۆپیشاندان بکات، نەک بە شێوەی مەترسیی بۆ سەر دەسەلات، لەبەر ئەوە دەرچوونی ئەم یاسایە ئاراستەی مەترسیی نییە بۆ دەسەلاتی کوردی، بەڵکو ئارامییە بۆ ئایندەی وڵات، بۆیە ناکرێت بەم شێوەیە مامەلە لەگەڵ پرۆژەیاساکان بکرێتو بە دەنگی زۆرینەو کەمینەی پەرلەمان یاساکە هاوسەنگ بکرێتو بخرێتە بواری جێبەجێکردن، چونکە هەموومان باش ئەو راستییە دەزانین پەرلەمانی کوردستان لەژێر کاریگەریی و هەیمەنەی دەسەلاتدا هەنگاو دەنێت، بۆیە لە دەنگدانی ئەم پرۆژەیاسایەدا ئەوەندەی پەرلەمان ویستوویەتی بەرژەوەندیی دەسەلات بپارێزێ، ئەوەندە بەرژەوەندیی هاوڵاتییانو رێکخراوەکانیان لا گرنگ نەبووە، چونکە لە دەنگدانی ئەم پرۆژەیاسایەدا دەرکەوت کە پەرلەمانی کوردستان خاوەنی سەروەریی خۆی نییەو بۆ پرۆسەی گشتیی وڵات کار ناکات، بۆیە پرۆژەیاساکەش لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی گشتییدا مامەلەی لەگەڵ نەکرا، لەبەر ئەوە پێموانییە؛ خۆپیشاندانی (ناکاو) مەترسییەکی ئەوەندە گەورەبێت، کە یاسای وڵات بخاتە ژێر پرسیارەوەو ئامانج لێی شێواندنی وڵات بێت، بەڵکو مەترسیی لێی بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانو سانسۆرکردنی دیموکراسییەو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەسەلاتی حیزبە، چونکە تا هاوڵاتییان هۆشیاربنەوەو ئاشنابن بە مافەکانی خۆپیشاندان، ئەوە چاودێریی لەسەر دەسەلات زیاد دەکات، ئەمەش مەرجی گەشەکردنی دیموکراسیو بیروڕای ئازادە، دواجار پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتدا گەشە بە خۆیەوە دەبینێو ئاستی چاودێریی سەر حکومەت بە ئەندازەیەک بەهێز دەبێت، کە پرسی گەندەلیی و رۆتینات کەمبکاتەوە، لەبەر ئەوە گرنگە پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک لەو پرۆژەیاسایە بروانن کە بۆ گشت هاوڵاتیانی هەرێم دەردەچێتو لە چوارچێوەی رەهەندەکانی دیموکراسییدا دەخوێندرێتەوە، بۆیە پێویستە هەم مافەکانی هاوڵاتییان لە خۆپیشاندان پارێزراو بنو لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسییدا گونجاوبێت، لەبەر ئەوە گەڕاندنەوەی پرۆژەیاساکە لە لایەن سەرۆکی هەرێم کۆتایی کێشەکەش نەبوو کەپێشتر داوادەکرا، بەڵکو لەوەش گرنگتر دەستکاریی پرۆژەکەیە بە ئاراستەی بەرژەوەندیی بیروڕای ئازادو خزمەتکردنی دیموکراسی بێت.

ئاری ئەبوبەکر، نووسەری سیاسیی:

پێویستە بناغەی فیکری گۆڕان، سۆشیال/ لیبراڵ بێت

راپۆرتی: رۆژنامە

ئاری ئەبوبەکر رۆژنامەنووس و نووسەری سیاسیی پێیوایە بزووتنەوەی گۆران لەبەردەم مەترسییەکدایە ئەگەر خۆی رێکنەخاتەوە هەروەها ئاماژە بۆئەوەدەکات ئەگەر «گۆران دەیەوێت گەنج داینەمۆی بێت دەبێت عەقڵیکی گەنجانەی هەبێت بەشێکی سەرکردایەتیو چەقی دەسەڵاتو جومگە هەستیارەکانی بداتە دەست گەنجان».

ئاری کە دانیشتووی وڵاتی دانیمارکەو ئەندامی یەکێک لە پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەیە لەماوەی رابردوودا وەک کەسێکی ئەکتیڤ کاری بۆ رەوەندی کورد کردووە رۆژنامە بەپێویستی زانی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازبکات.

رۆژنامە: لەدوای (٢٠٠٩/٧/٢٥)وە دینامیکییەتێکی جیاوازلەپێشووبە(سلوکی) تاکی کوردەوەلە ئەوروپا دەبینرێت مەغزاو دەلالەتەکانی ئەو گۆڕانکارییە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

* (٢٠٠٩/٧/٢٥) جگە لە کوردستان، خاڵی وەرچەرخانی مێژووی رەوەندی کوردی بوو، چونکە (٧/٢٥) بووە داینەمۆیەک بۆ وەگەڕخستنی هەموو ئەو دەنگە مەزلومانەی کە سااڵنێک بە هۆی نەبوونی ئینتیمای حیزبییەوە بۆ لایەنەکانی دەسەڵات، داشۆردرابوون لە ئینتیمای نیشتمانی، (٧/٢٥)گەڕاندنەوەی هیوا بوو بۆ هەموو ئەو دەنگانەی کە لە دەست بێدادیی و گەندەلیی دەسەڵاتی خۆمااڵی، بێهیوا بووبوون، بەشێکی ئەم داینەمۆیەش درککردنو تەجروبە بوو لە ژیانکردن لەناو وڵاتانێکی دیموکراسی کە توانای کۆکردنەوەی دەنگو رەنگە جیاوازەکانی هەبوو، درککردن بوو بەوەی کە ژیانی دیموکراسی (وەک لە خۆرئاوا بە سانایی و سادەیی دەبینران)، واتای بوونی دەسەڵاتو ئوپۆزسیۆن، واتای قبوولکردنی ئەوانەی لە ئێمە ناچنو وەک ئێمە بیرناکەنەوە، بەڵام دواجار هاوڵاتیی وڵاتەکەمانن و هاونیشتمانو هاوخاکمانن.

لە هەمووی گرنگتر، هەستکردن بوو بە مەترسییەکانی مەنگبوونی ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، هەستکردن بوو بەو مۆتەکەیەی بە ناوی رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان هێزە جیاوازەکانەوە کە سەرەتاکەی بە کۆشتنی جیاوازیی دەستپێکردو ملی دەکێشا بۆ دیکتاتۆرییەتێکی کۆمەڵە سەرکردەیەک، لەو روانگەیەوە هەموان لەخۆرئاوا هەستمان دەکرد کە گۆڕان (گۆڕان وەک پرۆسە پیرۆزەکە، نەک وەک بزووتنەوەیەکی سیاسیی کە ناوی گۆڕانە) بووەتە پێویستییەکی سەردەم، هەستەکرا کە ئێمە لەبەردەم دووڕیانێکداین، یان ئەوەتا نیشتمان دەبێتە ئەو جێگەیەی داریوش وتەنی، هەر دەبێت بە حەسرەتەوە بین بۆی، یان ئەوەتا وەک پێویستییەکی سەردەم دەستبکەین بە «گۆڕان».

رۆژنامە: دەوترێت، زۆربەی رەوەندی کوردی پشتیوانیی لە بزووتنەوەی گۆڕان دەکات، ئەم پشتیوانییە لەچییەوە سەرچاوە دەگرێت؟

* پێمایە، بە هۆی ئەوەوەیە کە زۆربوونی بەرفراوانی رەوەندی کوردی لە دوای راپەڕینەوە بوو، ئەگەر دیقەت بدەین، ژمارەی ئەو کوردانەی لە دوای راپەڕینو لە سایەی دەسەڵاتی خۆمااڵیی کوردییدا، سەری خۆیان هەڵگرتو بەشێکیان بوونە خۆراکی ماسییەکانی دەریای ئیجەو بە موردای خۆیان نەگەیشتن، دە بەرابەر زیاترە لەو کوردانەی کە لە داخی بەعسو گۆڕبەگۆڕەکەی بەغدا سەری خۆیان هەڵگرت، کەواتە بەشێکی بەرفراوانی رەوەندی کوردی لە ناڕازیبوونی بە دەسەڵاتی سیاسیی خۆمااڵیی دوای راپەڕین کوردستانی جێهێشت، ئەو کۆچە بەرفراوانەی لە سااڵنی نەوەدەکانداە دەبینرا، «نا» وتنێکی گەورەبوو بە دەسەڵاتی سیاسیی، بە ئاگاهێنانەوەی دەسەڵات بوو لە بێدادیی حکومەتی هەرێم، بەڵام بەداخەوە، دەسەڵات نەیتوانی بە ئاگابێتەوە. ئەم ناڕەزایەتییە دەستەجەمعییەش وایکرد کە رەوەندی کوردی بە دوای ئەلتەرناتیڤێکدا بگەڕێت، بەدوای هێزێکی سپاسییدا عەودااڵ بیت کە بە دەسەڵات بڵێت نا، کاتێک بزووتنەوەی گۆڕان دروستبوو، رەوەندی کوردی هەستیکرد دەتوانێت تەوزیفی «نا»کەی بە هاندانی کەسوکاری بکات بۆ دەنگدان بەم بزووتنەوەیە. دووەم هۆکار بە بڕوای من، ئەوەیە کە کوردانی دەرەوە بەشێکی بەرفراوانیان مووچەو قوتی ژیانیان لەدەست دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمدا نییە، واتا سەربەخۆیی ئابووریی، کە ئەمەش وادەکات رەوەندی کوردی ئازادانەترو بێخەمتر دەنگی بەرزبکاتەوە.

رۆژنامە: هەڵەکانی گۆڕان لەبەرامبەر رەوەندی کوردیدا چی بوون لە رابردوودا، ئایا دەتوانێت تاسەر خاوەنی ئەو جەماوەرە بێت؟

* بەپێی بەدواداچوونو خوێندنەوەی من، دەکرێت بڵێم، نەخێر، بۆ ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری بنچینەیی هەیە، یەکەم هۆکار، گرنگینەدان، یان ڕاستتر بەهەندنەگرتنی ئەو هەموو کەسە دڵسۆز، پاک، خوێنەوارەی کە رۆژانێک بە گیرفانو کاتی خۆیان هەوڵیاندا بۆ سەرخستنی پرۆسەی گۆڕانکاریی، لەکاتێکدا کە یەکێتیو پارتی بە شێکی زۆری ئەندامانی خۆیان، نەک هەر بە هەند وەردەگرن، بەڵکو چەندین مووچەو خانەنشینییان بۆ بڕیونەتەوە، دیارە من لەگەڵ ئەوە نیم کە بزووتنەوەی گۆڕانیش هەمان کار بکات، بەڵام خۆ دەکرا بزووتنەوەی گۆڕان لانیکەم مەعنەوییەن هەوڵی رەوەندی کوردییان بەرز بنرخاندایە. دووەم هۆکار، بوونی وەجهی ناخۆشەویستو رەزاگرانە، هەم لەناو دەسەڵاتدارانی گۆڕان لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان،ئاخرناکرێت کۆمەڵێک دەموچاو هەتا لەوڵا خواردیان خواردیان، ئێستا بوونەتە گۆڕانخوازو لە هەڕەمی دەسەڵاتی باڵای گۆڕاندان، ئەمە کارەساتە کارەسات، هێزێکی سیاسیی خۆی ناوبنێت گۆڕان، کەچی هەمان دەموچاوەکان کە جارانو دژی گەنجو چینی بێبەش بوون، ئێستا بوونەتە دەمڕاستی گۆڕانو گۆڕانخوازیی بێبەشەوەی کە بچووکترین گۆڕانیان لە خۆیاندا کردبێت. سێیەم هۆکار، بە بڕوای من، بوونی جدییەت لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە بۆ ڕێکخستنەوەی خۆیان، من ئاگادارم کە کادیرانی ئەو دوو حیزبە، چەند بە جدییەت خەریکی ڕێکخستنی خۆیانن، ئەمە ئەگەر باسی بوغراکردنی رەوەندی کوردی نەکەین بە ئەرزەو پارەو مووچەو خانەنشینی، بڕوام وایە، ئەگەر لێپرسینەوەو بەدواداچوون هەبێت، زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم، یەکێتیو پارتی بە ئەندازەی کادیرە خانەنشینکراوەکانی ناوخۆی کوردستان، خاوەنی کادیری خانەنشینکراوی دەرەوەی کوردستانن لەسەر بودجەی هەرێم، جگە لەئەرزەی روکنو بالەخانەو پارەی لابەلا.

ئەم هۆکارانە وایانکردووە کە گۆڕان سستییەکی پێوە دیار بێت، پاشان لەبیرمان نەچێت، زۆربەی ئەوانەی پشتگیریی لە گۆڕان دەکەن لە دەرەوە، خەڵکانێکن کە کاردەکەنو خۆیان خۆیان دەژیەنن، لەکاتێکدا کادیری حیزبەکانی دەسەڵات، خۆیان شێتو پەککەوتە کردووە تەنیا بۆ ئەوەی کە خانەنشین بن، خۆشتان دەزانن خانەنشین، کاتی زیاترە بۆ کاروباری حیزبیی، تا یەکێک کە بەکاری تایبەتی خۆیەوە سەرقاڵ بێت.

رۆژنامە: ئێوە وەگ گەنجێکی خاوەن بۆچوونی تایبەت، پێتانوایە، گۆڕان چی بکات بۆئەوەی ئەو جەماوەرەی لەدەست نەچێت؟

* بە بڕوای من، گۆڕان دەبێت لەناوخۆی کوردستاندا خۆی ڕێکبخاتەوە، کۆنگرە ببەستێت، بەشێکی سەرکردایەتییەکەی ئەگەر کەمیش بێت، لە رەوەندی کوردی پێکبهێنێت، واتا چەند سەرکردایەتیو هەلسوراوێکی لە رەوەندی کوردی بکاتە چەقی بزاری سیاسییەوە، پاشان بزووتنەوەی گۆڕان درک بەو هێزە مادییو مەعنەوییەی رەوەندی کوردی بکات کە درکیکرد، واتا تەنسیقو ئاگاداری دەبێت لە نێوان ناوەوەو دەرەوەدا، واتا وەک ڕێکخستنی هێزێکی سیاسیی مۆدێرن بڕیار لەسەرەوە بۆ خوارەوەو لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبێت، پێشنیازەکانی دەرەوە بە هەند وەربگرێت، زوو زوو بەسەرکردنەوەی رەوەندی کوردی لەلایەن سەرکردایەتیی گۆرانەوە، کارکردن بۆ هێنانەپێشەوەی دەموچاوی تازەو خۆشەویست، تەوزیفکردنی تواناکان بەپێی پسپۆریی، ئەمانە کۆمەڵە هەوڵێکن کە دەکرێت گۆڕان بتوانێت لە ڕێگایانەوە جەماوەرەکەی لەدەست نەچێت.

رۆژنامە: ئێوە کە هاوکات لە پارتێکی سیاسیی ئەوروپیش ئەندامنو چالاکیی سیاسیی دەنوێنن، پێتانوایە، پێویستە بناغەی فیکریو سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان چۆن بێت؟

* ئەگەر بڕیارە گۆڕان هێزێکی سیاسیی بێت، ئەوا نابێت وەک چێشتی مجەوەر لە هەموو لایەکو هەموو تویژو چینەکانی بە فراوانی لە خۆی بگرێت، واتا دەبێت گۆڕان لە دوو چەمک خۆی بەدوور بگرێت، یەکەم (پوپولیست)و دووەم نوخبە (ئیلیت). مەبەستمە بڵێم کە گۆڕان دەبێت خەتی فیکریی خۆی دیاربێکات، ئەمەش بەو واتا کۆنکرێتییە نا کە گۆڕان خۆی لەناو قەفەزی یەک تەوژمی فیکریدا قەتیس بکات، بەڵکو بەواتای ئەوەی کە گۆڕان پوپولیستو هێزی نوخبە نەبێت بە تۆخی، بەڵام دەتوانێت هێزێکی سیاسیی بێت کە سۆشیال/لیبراڵ بێت، واتا لە کوێدا پێویستیکرد سۆشیال دیموکراتانە بیربکاتەوەو لە کوێشدا پێویستیکرد لیبرالانە بیربکاتەوە، بەمانایەکی تر، لەسەر سێکتەری زەمانەتی کۆمەڵایەتیو سێکتەری تەندروستیو خوێندن دەتوانێت دەنگیکی سۆشیالانەو کۆییانە بێت، لە مەسەلەی ئازادییە شەخسیو تایبەتەکان، مەسەلەی بوونی مافی هەڵبژاردنی تاک لە ژیانی رۆژانەیدا، دەتوانێت دەنگیکی لیبرالو لەسەر مافی تاک بیتە گۆ.

> گۆڕان خەریکە شەقامی کوردیی لە ئەوروپا لەدەستدەدات

نموونەی ئەم جۆرە لە هێزی سیاسیی زۆرە، بەڵام نەک بەم شێوەی ئێستا کە گۆڕان ناوبنرێت کەشتییەکەی نوح کە هەموو چینو تویژێکی تێبئاخنرێت، دیارە من لەوە تێدەگەمو وەک سەرەتا ئاساییە کە پوپولیست بێت، بەڵام دواجار ئەگەر خۆی یەکلایی نەکاتەوە، ئەوا ناتوانێت جێدەستی خۆی بەسەر ژینگەی سیاسییو توخمی دەنگدەرانیدا بنەخشێنێت.

رۆژنامە: لاوان بەربەرەی پشتی بزووتنەوەی گۆڕانن، بە ڕای ئێوە، جێگەو ڕۆڵی گەنجان لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا، پێویستە چۆن بێت؟

* هەرچەندە مرۆڤ پێویستە هەمیشە گەشبین بێتو گەشبینانە لە ئێستاو داهاتوو بڕوانێت، بەڵام بەداخەوە من واهەستدەکەم کە بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانی گەرمیی خۆیٕنی ئەو هەزارەها گەنجەی لەژێر فشارو بوغراکردندا هەوڵیان بۆ بزووتنەوەکە دا، وەک خۆی رابگرێت. من پێم وایە، هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتیو گۆڕانیش لەناویاندا پیرترین زەمەنییان ئەم ساتەوەختەیە. پیربوون نەک تەنیا تەمەن، بەڵکو تەمەنو عەقلیەیت، تۆ سەیرکە، هەموو شۆڕشە یەکلەدوایەکەکانی کوردستان، بەدرێژایی مێژوو، زۆرینەی سەرکردەکانیان گەنجو خوێنی تازە بووە، کەچی ئێستا یان گەنج نابینین لە چەقی دەسەڵاتی هێزە سیاسییەکاندا، یان کە دەشیانبینین وەک دیکۆرو بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکە، یان بەچکە مەسئوڵو بە میراتی دەسەڵاتییان بۆ ماوەتەوە، بۆیە ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە، دەیەوێت گەنج داینەمۆی بێت، دەبێت عەقلێکی گەنجانەی هەبێت، بەشێکی سەرکردایەتیو چەقی دەسەڵاتو جومگە هەستیارەکانی بداتە دەست گەنجان، گەنجانێک کە بە توانای خۆیانو هەوڵو ماندووبوونی خۆیان بگەنە ئەو جێیە، نەک بە میراتو بۆماوەیی دەسەڵاتییان بۆ مابێتەوە.



پرچەککردنی حکومەتی ناوەندیدا بە دوو ئاراستەدایە، یەکێکیان دروستکردنی مەترسییە لەسەر هەرێمی کوردستان.

فەریق سەروەر بەرزنجی، پسپۆڕی سەربازیی، ئاماژە بە تیرۆرێکی سەربازیی دەکات، کە دەڵێت: «بەرلەوەی حساب بۆخۆت بکەیت، دەبێت حساب بۆ بەرامبەرەکەت بکەیت»و رووندەکاتەوە، کە پێویستە کورد بەرامبەر بە بەهێزبوونی یەکە سەربازییە ئاسمانییەکانی عێراق، سیستمی دژەئاسمانیی خۆی بەهێز بکات، بەوپێیەی هەرێم ناتوانێت فڕۆکەی هەبێت، بە رۆژنامەی راگەیاند: «نابێت حساب بۆ ئەو پرچەککردنە نەکەینو لە کوردستان پاڵی لێبدەینەوەو بەهێزیی کوردیش لە هەرێم لە پرۆسە سیاسییەکەو یەکگرتوویی لایەنە سیاسییەکان دەبێتو دەبێت خاڵێک لەو گرێبەستانەی کرینی چەکدا هەبێت کە نابێت لەدژی گەلانی عێراق بەکاربهێنرێت».

بۆ ڕێگرتن لەو مەترسییەش، پشتیوان ئەحمەد، پەرلەمانتاری پێشووی عێراقیش، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت هەرێمی کوردستان ئامادەباشی بۆ ئەو بارودۆخە بکاتو دەڵێت: «دەبێت کورد بچێتە ناو سوپای عێراقەوە».

گرەنتیەکان

فەریق سەروەر بەرزنجی، ئاماژە بە ئەگەری دووەمیش دەدات کە پەیوەستە بە بارودۆخی ئێستای عێراقەوە کە ئەگەری مەترسیی بەهێزبوونی سوپای عێراق لەسەر هەرێم دوور دەخاتەوەو پێیوایە: کورد لەوئاستەدا نەماوە کە بە بەزەییەوە سەیربکرێتو وتی: «هەرچەندە غەریزەی دیکتاتۆریی و شۆڤێنیستی هەیە، بەڵام ئەگەری دووبارەبوونەوەی رووداوەکانی رابردوو نییە».

برگەی ئەلفی مادەی (٩)ی دەستووری عێراق ئاماژە بەوە دەکات، کە دەزگا ئەمنییەکانی عێراق لەژێر دەسەڵاتێکی مەدەنیدا دەبن و بۆ ئالوگۆڕی دەسەڵاتو بۆ داپلۆسینی گەلانی عێراق بەکار ناهێنرێن و برگەی (ه)ی هەمان مادەش، عێراق پابەند دەکات بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی ڕێگرتن لە چەکی بایۆلۆژیی و کیمیاییەوە.

لەلایەکی ترەوە، پشتیوان ئەحمەد ئاماژە بە هاوکێشەیەکی سیاسیی دەکات، کە مەترسییەکان لە کورد دوورەخاتەوەو دەڵێت: «دەسەڵاتی عێراق بە دەسەت شیعەوەیەو لەگەڵ کوردا بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە، کە عێراق لە جیهانی عەرەبی دووربخەنەوەو ئەگەر مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیش هەبێت، بەرامبەر بە کورد، لەلایەن سوننەکانی ناوچە دابڕاوەکانەوە دەبێت».

وەزارەتی بەرگرییش دروستبوونی مەترسیی سوپا لەسەر کورد بەدوور دەزانێتو محەمەد عەسکەری، وتەبێژی وەزارەت وتی: «حکومەتی عێراق ناتوانێت بەڵام ئەگەری دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانی رابردوو نییە».

هاوشێوەی سەردەمی سەدام

زۆربەی بودجەی عێراق بۆ پرچەککردن تەرخان بکات».

لەلای خۆشییەوە تەوفیق یاسری، لێکۆڵەرەوەی سەربازیی، ئاماژەی بەوەدا، کە ئەگەری ئەوە نییە لە داهاتوودا، پرۆسەی پرچەککردنی سوپای عێراق ببێتە دووبارەکردنەوەی سیاسەتی حیزبی بەعس و بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ئێستادا حکومەتی عێراق شێوازی مامەڵکردنی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ گۆڕاوەو مەبەستەکانیشی لە کرینی چەک گۆڕاوە».

---

(١٧) فەرمانبەری کوردیان تێدایە

بڕوانامەی ساختە، پەرلەمانو وەزارەتی بەرگرییش دەگرێتەوە



رۆژنامە

بەپێی دوو بەڵگەنامەی ڕەسمیی، بڕوانامەی ساختە، پەرلەمانی عێراقو وەزارەتی بەرگریی دەگرێتەوەو بەشێک لەو کارمەندانەش کە بڕوانامەکانیان ساختەیە، کوردن.

بەپێی نووسراوێکی ڕەسمییو نهێنیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە ئاراستەی یەکەی دارایی ئەو ئەنجومەنە کراوە، داوای ڕاگرتنی موچەی (١٣)کارمەندی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات بەهۆی ئەوەی کە بڕوانامەکانیان ساختەنو بڕوانامەکانیان ڕاستاندنیان بۆ نەکراوە.

بەپێی ئەو نووسراوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە (٢٠١٠/٦/٢)دا دەرچووەو وێنەیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، لە کۆی ئەو (١٣)کارمەندەی ئەنجومەنی ناوبراو کە بڕوانامەکانیان ساختەن، (٧)یان کوردنو پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی شۆفێرانو نووسەرو یاریدەدەری بەڕێوەبەرو یاریدەدەری تێبینەرو پیشەگەریان تێدایە.

لەلایەکی ترەوەو لە بەڵگەنامەیەکی تری وەزارەتی بەرگریی عێراقدا کە کۆپیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، ئاماژە بە لەکارخستنی (١٢٨)کارمەندی ئەو وەزارەتە دەدات، بەهۆی پێشکەشکردنی بڕوانامەی ساختەوە.

ئەو نووسراوە ڕەسمییەی وەزارەتی بەرگریی عێراق کە لە (٢٠١٠/١١/٦)دا دەرچووە، بەپشتبەستن بە یاسای ئینزیباتی کارمەندانی دەوڵەت، فەرمان بە لەکارخستنی ئەو (١٢٨)کارمەندە دەدات کە زۆرینەیان فەرمانبەرن لە پێگە جیاوازەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراقدا لە شارەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆکو کەرکوکو موسڵو دیالەو چەند شارێکی تری عێراق.

بەپێی نووسراوەکەی وەزارەتی بەرگریی، لە کۆی ئەو (١٢٨) فەرمانبەرەی وەزارەتی بەرگریی کە بڕوانامەیان ساختەیە، دوانیان کوردنو لە یەکەی هەوالگریی سلێمانینو سیانی تریشیان کە بە هەمانشێوە کوردن، سەر بە دەزگای هەواڵگریی دهۆکنو یەکێکی تریشیان کە کوردە سەر بەهەمان دەزگای شاری هەولێرە، هاوکات نووسراوەکە ئاماژەی بەسێ کوردی تر کردووە کە بڕوانامەکانیان ساختەیە لە یەکەی هەوالگریی شاری کەرکوک فەرمانبەرن و لە پاڕێزگای نەینەواش بە هەمان شێوە ناوی کارمەندێکی کورد هاتووە بەوەی بڕوانامەکەی ساختەیە.

ئاریییەکان ئاشکرا دەکات

ؤستو دەبڵ مووچەن»



لەسەر ئەو پەرلەمانتارانەی کە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا پۆستیان هەیە، دەستبەرداری بنو کاری یاسادانان بکەن لە پەرلەماندا»، ئاماژەی بەوەشدا؛ کە حکومەتی عێراق لەدوای ڕاگەیاندنی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، حکومەتی بەڕێکردنی کارەو هەموو ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن پەرلەمانتارانی نوێی نێو دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەرچوون، دەبێتە جێگەی لێپرسینەوەو وردبینیکردنی لە لایەن دەستە پەرلەمانییە بەرپرسەکانەوە.

هاوکات ئیئتیلافی هاوپەیمانی نیشتمانیی، کە پشکی شێری لە ڕێژەی ئەو پەرلەمانتارانە بەردەکەوێت، کە دوو پۆستیان هەیە بەردەوامبوونی کاروباری دەوڵەت وەک پاساو بۆ بوونی دوو پۆستی پەرلەمانییو دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەهێنێتەوە.

عەلی شەلاهە سەکردەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەردەوامیی هەندێک لە پەرلەمانتاران لە پۆستە حکومییەکانیاندا بۆ بەردەوامیی کاروباری حکومەتەو بۆ بەرژەوەندیی وڵاتەو دوو مووچەش وەرناگرن».

ئەو پەرلەمانتارە ئاشکرایکرد؛ کە بە پێکهێنانی حکومەتی نوێ ئەو پەرلەمانتارانەی پۆستی وەزاریان پێدەدرێت، نایەنە دانیشتنەکانی پەرلەمانەوەو دەنگ لەسەر بڕیارەکانی پەرلەمان نادەنو هیچ وەزیرێکی پەرلەمانتاریش ناتوانێت پۆستە وەزاریەکەی وەربگرێتەوە بە سەرپشککردنی پەرلەمان نەبێت، سەبارەت بە دوو ڕەگەزنامەش وتی: «گەر بڕیار بدرێت کە بەرپرسان دوو ڕەگەزنامەیان نەبێت، کێشە نییەو یەکێکیان لەکار دەخەن».

پسپۆڕانی سیاسیش جەخت لەسەر نادەستووریی دوو پۆستەکە دەکەنەوەو لەوبارەیەشەوە تارق حەرب، پسپۆڕی یاسایی ئاماژەی بەوەدا، کە بەپێی دەستوور نابێت پەرلەمانتار لە دەرەوەی دەسەڵاتی یاسادانان لە پۆستی تردا کار بکاتو دوو مووچە لەسەر بودجەی وڵات وەربگرێت، تایبەت بە ڕۆژنامەشی ڕاگەیاند: «نابێت هەر کەسێک پۆستی سیادییو ئەمنیی وەربگرێت دوو ڕەگەزنامەی هەبێت، بەڵام لە خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانو کۆمەڵەی نیشتمانییو ئەنجومەنی حوکمدا، یاسایەک دەرنەکراوە کە ئەو پۆستانەو دەستبەردارببوون لە ڕەگەزنامەی دووەم دیاریی بکات.

لەلایەکی ترەوە، پسپۆڕێکی سیاسیی ئاماژە بە ژمارەیەک پەرلەمانتار دەکات؛ کە تائێستا دوو پۆستیان هەیەو مەترسییەکانیشی دەخاتە ڕوو.

واسق هاشمی، پسپۆڕی سیاسیی بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە (٣٤) پەرلەمان هەن کە مووچە لە پەرلەمانو کاری پێشترشیان وەردەگرنو هەندێکیان وەزیرو بریکاری وەزیرن، ئەمەش پێشێلکردنی ئاشکرای دەستوورە، وتیشی: «زۆرینەی وەزیرو باڵیۆزەکان دوو ڕەگەزنامەیان هەیە، ئەمەش لە لێپرسینەوە دەیانپارێزێت، وەک چۆن کە لەگەڵ وەزیری بازرگانیی پێشوودا ڕوویدا، پێویستە حکومەتو ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەک بۆ ڕێگرتن لەو پێشێلکارییانە دەربکەن.

«نابێت کورد پاڵی لێباتەوە، دەبێت دژەئاسمانیی بەهێز بکات»

عێراق، دەبێتە خاوەنی دوو فڕۆکەی «مەترسیدار»ی جەنگیی

هەستیار قادر، کاروان عومەر

لە میکەوە بۆ (ئێف١٦)و میراج

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە بەهێزیی یەکە سەربازییە ئاسمانییەکانی عێراق بە فڕۆکەی جۆری میکی ڕووسی دەناسرایەوە، کە دروستکراوی ڕووسیا بوو و زۆرجار هاوکێشە سەربازییەکانی لە جەنگی ئێران عێراقدا یەکلایی دەکردەوە. لە ئێستاداو هاوکات لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، حکومەتی ناوەندی بۆ ساڵی (٢٠١٢) (٦)فڕۆکەی جەنگیی ئەمریکی جۆری (ئێف١٦)ی تایپی (بی٥٢)و (١٨) فڕۆکەی جۆری میراج (ئێف٢٠٠٠) لە حکومەتی فەرەنسا دەکڕێت.

سەبارەت بەو پڕۆسەی پڕچەککردنەش، محەمەد عەسکەری، وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پڕۆسەی پڕچەککردنی سوپای عێراق بە سێ قۆناغ دەبێتو ئەو سێ قۆناغە خراوەتە بەردەم حکومەتی عێراقو ڕەزامەندیی لەسەر نیشاندراوە».

فڕۆکەی جەنگیی

(ئێف١٦) لە بەرهەمهێنراوەکانی هەردوو کۆمپانیای (لۆکهیدمارتنو ژەنەرالْ دایمێنس)ەو بە یەکێک لە گرنگترین فڕۆکە جەنگییەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم دادەنرێت، کە لە هەموو کەشوهەوایەکی نەگونجاودا دەتوانێت بە وردیی ئامانجی موشەکی خۆی بپێکێتو کۆنترۆڵی ئەلکترۆنی هەیەو بینینی شەوانیشی وردەو ئامانجەکان جیادەکاتەوە، فڕۆکەی میراجی فەرەنسیش لە بەرهەمەکانی کۆمپانیای داسۆیەو تایبەتمەندیی ئەم فڕۆکانە لەوەدایە کە لە باری تەمومژدا دەتوانێت بەربەستەکان ببڕێتو لە نزماییەکاندا بە خێراییەکی زۆر ڕێکات‌و موشەک بە سیستمی ئاراستەکردنی لێزەر ئاراستە بکات.

بودجەی ئەم گرێبەستانە، بە یەکێک لە گەورەترین گرێبەستەکانی کڕینی چەک دادەنرێت کە لەدوای (٢٠٠٣)وە لە عێراق ئەنجام درابێتو پارەکەشی لە بودجەی وەزارەتی بەرگریی سەرف ناکرێت، بەڵکو ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆک وەزیرانیش وەک سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی عێراق، سەرپشکە بۆ ئەنجامانی ئەو گرێبەستانە بە بودجەیەک کە تا ئێستا ڕانەگەیەنراوە.

لەوبارەیەوە، محەمەد عەسکەری ئاشکرای کرد؛ کە بودجەی پڕۆسەی پڕچەککردنی سوپای عێراق لەلایەن وەزارەتەکەیەوە دەستنیشان ناکرێتو ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشانی دەکات، وتیشی: «ئەو بڕەپارەیە زۆرە کە بۆ پڕۆسەی پڕچەککردن خەرج دەکرێتو بڕی تێچوونی گرێبەستی کڕینی ئەو فڕۆکانەش، بە ملیارەها دۆلار دەخەملێنرێتو وەزارەتی بەرگریی لەلایەنی هونەریی لە ڕووی ژمارەو جۆرو نرخی چەکەکانەوە بەشدارە».

مەترسییە شاراوەکان

هاوکات لەگەڵ دووبارە پڕۆسەی پڕچەککردنەوەی سوپای عێراق کە هاوتای دووبارەبوونەوەی میژووی پڕچەککردنی دوای ڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی (١٩٧٤)ە، ئەستەمەکان لەبەردەم بەهێزبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر ڕەهەندی هەیە، کە هەندێکیان بەمەبەست لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەکرێتو هەندێکیشیان دەرهاویشتەی ڕێکنەکەوتنی هەولێرو بەغدان.

ئەگەرچی لەساڵی (٢٠٠٨)دا بڕیاردرا دوو فیرقەی سوپای عێراق لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، بەڵام تائێستا پێکنەهێنراون، کە یەکەمیان فیرقەی (١٥)یە لە هەولێرو دووەمیان فیرقەی (١٤)یە لە سلێمانی، کە بەپێی بڕیارەکە سەرجەمیان لە سەربازی کورد پێکدێنو سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراق دەبن، ئەمە جگە لەوەی کە ڕێژەی کورد لە سوپای عێراقدا (٧٪)ی تێپەڕی نەکردووە، کە دەبوو لایەنیکەم (١٧٪) بێت، هاوکات بڕیاری داخستنی هەردوو کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالانو زاخۆ لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، زەنگێکی تری مەترسییەو بۆ قەتیسکردنی توانای سەربازیی هەرێم لەبەردەم پڕچەککردنەکانی ناوەندا کە بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، وەزارەتی بەرگریی دەیەوێت کۆلێژی ڕۆستەمیەی بەغدا تاکە ناوەند بێت کە ئەفسەرانی عێراقی لێوە دەربچنو ئەو شکۆییە بگێڕیتەوە بۆ ڕۆستەمییە، بەڵام ئەم بڕیارەش بەشێوەیەکی کاتیی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە ڕاگیراوە، کە پێدەچێت پەیوەست بێت بە ڕێککەوتنێکی سیاسیی نێوان هەرێمو بەغداو ئەگەرەکانی دووبارە بەگەڕخستنەوەی ئەو بڕیارە لە هەموو کاتێکدا کارایە.

لەلایەکی ترەوە، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووداو لە بودجەی گشتیی عێراقدا، بڕگەیەکی تایبەت بە پڕچەککرن‌و ئامادەو بەئامێرکردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێم وەک هێزی پاسەوانی هەرێم ئاماژەی پێدەکرا، کە بەپێی ڕێککەوتنی نێوان سەرۆکی هەرێمو سەرۆک وەزیرانی عێراق سەرف بکرێت، بەڵام ڕێکنەکەوتن‌و پارەکەش ساڵانە فەوتاو هێزی پێشمەرگەی هەرێمیش لەو هاوکارییە مادییە بێبەش بوو، ئەمە جگەلەوەی بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری بەغدا «لەماوەی ڕابردوودا، پەیوەندییەکانی نێوان بابەکر زێباری، سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق‌و عەبدولقادر عوبێدی وەزیری بەرگریی، لە ئاستی پێویستدا نەبووە».

تێکڕای ئەم کێشانەو ناهاوتاییە لە پڕۆسەی پڕچەککردن لەکاتێکدایە، هەریەک لە سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق‌و سەرۆکی دەزگای موخابەرات‌و یەکەی ئاسمانیی سەربازیی کوردن.

کورد، ئاسمانەکەی لەدەستچوو

دەرچوونی عێراق لەژێر بەندی حەوتەمی سزای نەتەوە یەکگرتووەکان، بەشێکی زۆر لە سەروەرییەکانی بۆ عێراق گێڕایەوە، کە لەپای سەروەریی سیاسیدا بااڵدەستی حکومەتی ناوەندی بەسەر ئاسمانی هەرێمی کوردستانیدا دەگێڕێتەوە، کە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە هێڵی (٣٦)ی دژەفڕینی لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بۆ دیاریکرابوو.

وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی عێراق، ئاماژەی بەوەدا کە بڕیاری ناوچەی دژەفڕین پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس نەماو لەساڵی (٢٠٠٣)وە هێزە ئاسمانییەکانی عێراق توانای ئەوەیان هەیە، فڕۆکە لە ئاسمانی سەرجەم ناوچەکانی عێراق بفڕێنن بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

مەترسییەکان

ئەگەرەکانی بەردەم مامەڵەکردن لەگەڵ

کێشە دەکەوێتە نووسینگەی بەغدای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە

هەستیار قادر

ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی لقی بەغدای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕەخنەی توند ئاراستەی ئەو نووسینگەیە دەکەنو بە پشتگوێخستنپانی تۆمەتبار دەکەنو بەرپرسی لقەکەش، دەڵێت: «ئەگەر بەڵگەیان هەیە، با بیخەنەڕوو».

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، ماوەیەکە کێشە کەوتووەتە نێو ئەندامانی لقی بەغدای سندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانو بەرپرسو جێگری بەرپرسی ئەو لقەوەو بڕیارە لە کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیەی لقەکەدا، کێشەکە بتەقێتەوەو کێشەکانیش زیاتر پەیوەندییان بە پەراوێزخستنو ناعەدەلاتی لە دابەشکردنی ئیمتیازاتو کێشە حیزبییەکانی نێو ئەو لقەوە هەیە.

لەوبارەیەوە، ڕیاز فەیلی، ئەندامی لقی بەغدای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕەخنەی توندی ئاراستەی بەڕپرسانی ئەو لقە کردو بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە کارکردن لەبورای ڕاگەیاندنو چالاکییە مەدەنییەکاندا، بووەتە گۆڕەپانێک بۆ تەسفیەی حیزبیی لە نێوان لایەنەسیاسییە کوردییەکانداو لقی بەغدا سەندیکای ڕۆژنامەونووسانیش ئەو ملمالنێیەش، تووشی دۆگمابوونی کردوون، وتیشی: «ئەندامانی دەستەی گارگێڕیی لقەکە، تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان لێکدەدەنەوەو ئامادەبوونیان نییە لە لقەکەداو لایەنی تر لە دابەشکردنی پۆستەکان دوور دەخەنەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەندامانی ئەو دەستەیە لە هەرێمی کوردستان زەوییان وەرگرتووە، بەڵام ئەندامانی تری لقەکە پێیان نەدراوە».

لقی بەغدای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، نزیکەی (١٠٠)ئەندامی هەیەو لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە لە بەغدا دامەزراوەو سەرۆک و جێگرەکەی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا دابەشکراوە، بەشێوەیەک کە سەرۆکەکەی سەر بە پارتییەو جێگرەکەشی سەر بە یەکێتییەو لە (٧)ئەندامەکەی دەستەی کارگێڕیشی، دوانیان یەکێتی و دوانیان پارتی‌و ئەوانی تریشیان بەسەر لایەنەکانی مەسیحی‌و سۆسیالیست‌و یەکگرتوودا دابەش بوون.

زیاد فەیلی، پێیوایە: لقی بەغدای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بە چاوێکی تر لە ڕۆژنامەنووسە کورد فەیلییەکان دەڕوانێت، وەک چۆن لە چوونیان بۆ هەرێمی کوردستانیش وەک نامۆ سەیر دەکرێن، جگەلەوەی کە تائێستاش پێشاندانی ناسنامەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە بەغدا، بووەتە جێگەی پێکەنینی تەنانەت بازگەکانیش، وتیشی: «چەند جارێک کێشەکانمان بردووەتە لای لقی بەغدای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان‌و ئەوانیش ڕەوانەی هەولێریان کردووین‌و لە هەولێریش سەندیکا پێیوتوون، کێشەکانتان لای لقی بەغدایەو تا ئێستا بەبێ چارەسەر ماونەتەوە».



لەبەرامبەردا، بەرپرسی لقی بەغدای سەندیکا، ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوەو ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر ئەو ڕۆژنامەنووسانە بەڵگەیان لایە، با بیخەنەڕوو.

عەلی حسێن فەیلی، بەرپرسی لقی بەغدای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو ڕۆژنامەنووسانە پابەندنین بە کۆبوونەوەکانەوەو چەندینجار بانگمان کردوون‌و ئامادە نەبوون‌و ئەگەر بەڵگەیان لەسەر ئەو تۆمەتانە هەیە، با بیخەنەڕوو، ئەگەر کەموکوڕییش هەیە بەسنگی فراوانەوە قبوڵی دەکەین، بەڵام تائێستا ئەندامی لقمان هەیە، سێ ساڵە نەمبینیوە».

عەلی حسێن فەیلی، نکوڵی لە بوونی دیاردەی زۆرینەو کەمینەو حیزبایەتی نەکردو وتی: «منیش لەگەڵ موحاسەسەی حیزبیی نیم، بەڵام ئێمە واریسی ئەو حەقیقەتە بووین‌و تا پێشمان بکرێت، خۆمان لێ لاداوە، بەڵام پریشکی ئاگرەکە ئێمەشی گرتووەتەوە»و ئاماژەی بە چەند کێشەکی تری پەیوەست کرد بە لقەکەیانەوە لە بەغداو ڕوونیکردەوە، کە ناکرێت لەیەک کاتدا ڕۆژنامەنووس ئەندام بێت لە دوو دەزگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان‌و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق، وتیشی: «سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق کە لەلایەن حکومەتەوە پشتیگیری دەکرێت، دژایەتیمان دەکات‌و بۆ هیچ بۆنەو چالاکییەکیان داوەتمان ناکەن».

ئەمە لەکاتێکدا کە بە وتەی ریاز فەیلی: «پێکهێنانی لقی بەغدای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، پێچەوانەی پەیوەندیی ناوخۆی یاسای سەندیکاکەی کوردستانە، کە نابێت لە دەرەوەی هەرێم لقی هەبێت».

هاوکات، شاکر فەیلی، کە ئەندامێکی تری نارازیی لقی بەغدای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ملمالنێی حیزبیی کاری لقەکەیانی ڕاگرتووە، وتیشی: «ئێمە لەنێوان هەردوو سەندیکای کوردستان‌و عێراقدا ون بووین‌و مافمان خوراوە».

شاکر فەیلی، ئاماژەی بەوەشدا: «بڕیارەکان لە لقی بەغدای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، تاکڕەوانە دەدرێن‌و تەنانەت کێشە لە نێوان یەکێتی‌و پارتیدا لەسەر بارەگای لقەکەش هەیە».

ڕێکخراوی عەین، پێشێلکـــــ

«٣٤ ئەندام پەرلەمان دوو پـــ

عەلی ناجی- بەغدا

ڕێکخراوی تۆڕی عەین، چەندین پێشێلکاریی یاسایی‌و دەستووریی لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرا دەکات، لەوانە؛ بوونی دوو پۆستیی‌و دووفاقی ڕەگەزنامە‌و پسپۆڕێکی سیاسیش ئاماژە بەوە دەکات، کە (٣٤) پەرلەمانتاری نوێ دوو پۆستیان هەیە‌و دوو مووچە وەردەگرن».

لە بەیاننامەیەکداڕێکخراوی تۆڕی عەین، کە ڕێکخراوێکی تایبەتە بە چاودێریکردنی هەڵبژاردن‌و کاری پەرلەمانی، بوونی چەندین پێشێلکاریی دەستووریی‌و یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێی عێراقدا ئاشکرا کردو سەرۆکایەتی ئەو ئەنجومەنەی لەو پێشێلکارییانە ئاگادار کردووەتەوە.

بەپێی بەیاننامەکە ژمارەیەک لە پەرلەمانتاری عێراق دوو پۆستی لە دەسەاڵتی جێبەجێکردن‌و یاسادانانداە هەیە‌و هەندێکی تریشیان جگە لە ڕەگەزنامەی عێراقی، ڕەگەزنامەی بیانیشیان هەیە، ئەمەش وەک ڕێکخراوەکە ئاماژەی پێداوە؛ پێچەوانەی دەستوورەو بەمەش پێشێلی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەاڵتەکان کراوە.

لەوبارەیەوە موهەندکینانی، سەرۆکی ڕێکخراوی تۆڕی عەین بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو پێشێلکارییە دەستووریی‌و یاساییانەی ئاشکرامان کردووە لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا دژ بە دەستوورەو مادەی (١٨)ی دەستوور ئاماژەی بە جیاکردنەوەی دەسەاڵتەکان داوە، بەاڵم هەندێک پەرلەمانتار پۆستیان لە هەردوو دەسەاڵتی جێبەجێکردن‌و یاسادانانداە هەیە، ئەمەش لێدانێکی گەورەیە لە پێوەرە دیموکراسیی‌و دەستوورییەکان.

کینانی، ئاماژەی بەوەشدا؛ کە هەمئاهەنگییان لەگەڵ ئوسامە نوجێفی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەراندا کردووە تا نوێنەرانی تۆڕی عەین، بەشداریی لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا بکەن، تا چاودێربن بەسەر کارەکانییەوەو لە ئەدای پەرلەمانی بکۆڵنەوە».

مادەی (٤٧)ی دەستووری عێراق، ئاماژە بەوە دەکات؛ دەسەاڵتەکانی جێبەجێکردن‌و یاسادانان‌و دادوەریی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەاڵتەکانیان کار دەکەن‌و مادەی (٤٩)ی دەستووریش دەڵێت: «نابێت ئەندامێتی لە ئەنجومەنی نوێنەران‌و هیچ کارو پۆستێکی ڕەسمیی پێکەوە کۆبکرێنەوە».

هاوکات مادەی (١٨)ی دەستووریش، کە تایبەتە بە فرەڕەگەزنامەیی ئاماژەی بەوە داوە؛ کە هەر کەسێک پۆستێکی سیادیی‌و ئەمنیی باڵای وەرگرت، دەبێت واز لە ڕەگەزنامەکەی تری بهێنێت، کە بە دەستی هێناوەو ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

هاوکات ئەندام پەرلەمانێکی عێراق، وێڕای ئاماژەدان بەو دوو پێشێلکارییەی نێو پەرلەمان، داوا لەو پەرلەمانتارانە دەکات کە دوو پۆستیان هەیە، دەستبەردارى یەکێکیان بن.

عەبدولخزر تاهیر، ئەندامی ئیئتیلافی عێراقییە تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەندێک لە پەرلەمانتاران بە شێوەیەکی ئاشکرا داوایان کردووە، کە ڕێ لە دووفاقیی کار بگیرێت، بەاڵم پەرلەمان ئەم پرسەی تاووتوێ نەکرد، پێویستە

gmail.com

ژمـــارە (٦١٣) سێشەممە ٢٠١٠/١٢/٢١

مانی کوردستاندا بکرێت؟



پەرلەمانتاران، ئاگاداری بودجەی پەرلەمان نین

«پەرلەمان چۆن دەتوانێت داوای شەفافیەت لە حکومەت بکات، لەکاتێکدا خۆی لە خەرجکردنی بودجەکەیدا شەفاف نییە!»



دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان

فۆتۆ: ئەرشیف

بێئاگایی پەرلەمانتاران لەو بودجەیەی لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی ژمێریاریی و سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ پەرلەمان ئامادەدەکرێت، وادەکات کە سالانە نیوەی بودجەی تەرخانکراو بەبێ سوودوەرگرتنی بگەڕێتەوە.

بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بودجەی پەرلەمان لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی ژمێریاریی پەرلەمانەوە ئامادەدەکرێت و دەنێردرێت بۆ سەرۆکایەتیی و لەویشەوە دەنێردرێتە لێژنەی دارایی و وەزارەتی دارایی، بۆئەوەی (لەلایەن حکومەتەوە) دیاریبکرێت، دواتریش لەکاتی پەسەندکردنی بودجەدا، بەبێ ئەوەی پەرلەمانتاران ئاگاداری وردەکارییەکانی بن، پەسەند دەکرێت.

بە بڕوای شارەزایانی کاری پەرلەمانییش، گفتوگۆنەکردن لەسەر وردەکارییەکانی بودجەی پەرلەمانو حساباتی کۆتاییو چۆنێتیی خەرجکردنی لەدانیشتنی پەرلەماندا، وا لەپەرلەمانتاران دەکات کە بەرچاویان روون نەبێت لە بودجەی دەزگاکەی خۆیان. ئەوەش لەکاتێکدایە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەپێی پەیرەوی ناوخۆ دوای خەملاندنی بودجەی سالانە، لەلایەن پەرلەمانتارانەوە دەنگی لەسەر دەدرێت.

د. زانا رەئوف، پەرلەمانتاری گۆڕانو ئەندامی لێژنەی یاساییو نەزاهە، ڕەخنە لە میکانیزمی پەسەندکردنی بودجەی پەرلەمان دەگرێتو لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەگەر لە پەیرەوی ناوخۆشدا نەهاتبێت، پێویستە لەکاتی پەسەندکردنی بودجەدا، پەرلەمانتاران دەنگ لەسەر بودجەی پەرلەمان بدەن»، باس لەوە دەکات کە لە ئەزموونی یەکەمدا لە خولی سێیەم بەگشتیی، دەنگ لەسەر بودجە دراو وردەکاریی ئەو (٧٢)ملیارەی بۆ ئەمساڵ تەرخانکرا، نەخرایە دەنگدانەوەو گفتوگۆی لەسەر نەکرا کە بۆچی دەستنیشانکرا، ئایا زۆرە یان، کەمە؟.

هاوکات دلێر مەحمود، پەرلەمانتاری کوردستانییو بڕیاردەری لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووریی، لەگەڵ ئەوەی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لە پەیرەوی ناوخۆدا ئەوە نییە کە پەرلەمانتاران بودجەی سالانەی پەرلەمان پەسەند بکەن، بەڵام ئەو بەباشی دەزانێت کە بە هەر شێوازێک بێت، پەرلەمانتاران ئاگاداری بن.

لەو بارەیەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «رای پەرلەمانتاران لەسەر بودجەو پرۆژەکان وەربگیرێت، باشترە، جا ئەوە لە کۆبوونەوەی داخراو داوا بکرێت کە چ پرۆژەیەکیان پێباشە، بکرێتو لە خزمەتی پەرلەماندا بێت، یان بە ئاگاداریی و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتیی لێژنەکان، چونکە هەریەکێکیان تایبەتمەندە بە کارێک، یان لایەنو وەزارەتێک».

ئەو، جەخت لە پێویستیی زوو هەموارکردنەوەی پەیرەوی ناوخۆ دەکاتو پێشیوایە، تا ئەو کاتەی پەیرەوەکە چاک دەکرێت، ڕێککەوتنێک بکرێت لەسەر مەسەلەی بودجەی سالانەی پەرلەمان «بۆئەوەش باشترە پەرلەمانتار، یان لێژنەکان، یان سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتیی ڕێکبکەون کە ئەو بودجەیە چۆن بێتو چۆن نەبێت، بۆیە پێویستە ئەو میکانیزمە بەشێوەیەک بێت، ئەگەر نەشخرێتە بەردەم پەرلەمانتاران، لێژنەکان یان فراکسیۆنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتیی پەرلەمان تاوتوێی بکەن».

بێئاگایی پەرلەمانتارانو گفتوگۆنەکردن لەسەر خەملاندنی بودجەی سالانەی پەرلەمانو شێوازی خەرجکردنو پرۆژەکانی، جگە لە ناشەفافییەت، گرفتی ئەوەی دروستکردووە کە سالانە زیاتر لە نیوەی بودجەکەی خەرج ناکرێتو دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا وەزارەتو دەزگا هەیە گرفتی کەمیی بودجەی هەیە.

ئەو گرفتانەش وایانکردووە کە پەرلەمانتارانو شارەزایانی ئابووریی، ڕەخنە لە شێوازی خەرجکردنی بودجەی پەرلەمان دەگرنو پێیانوایە، سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەرنامەیەکی نییە بۆ خەرجکردنی بودجەکەو ئەنجامدانو چاودێریکردنی پرۆژەکانی، چونکە بەپێی ئەو پوختەی ژمێرکارییە کە لە حساباتی خیتامی (٢٠٠٩) گەیشتووەتە لێژنەی دارایی پەرلەمان، لە (٥٩)ملیارو (٨٣٩)ملیۆن دیناری بودجەی (٢٠٠٩)ی پەرلەمانی کوردستان، بەهەموو خەرجییەکانییەوە کەمتر لە نیوەی خەرجکراوە، بەشێوەیەک تەنیا (٢٧)ملیارو (٦٩٦)ملیۆنو (٦٦١)هەزاری خەرجکردووە، بەوپێیەش بودجەی خەرجنەکراوی پەرلەمانی کوردستان، زیاترە لە(٣٢)ملیارو (١٤١)ملیۆن دینار کە بڕیاروایە، بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی.

هەروەک پێشبینی دەکرێت کە هەمان گرفت لە بودجەی سالی (٢٠١٠) ڕووبدات، بەوپێیەی تەنیا لە بودجەی(٢٠٠٩) کە بۆی تەرخانکراوە، نزیکەی نیوەی بودجەکەی سەرفکردووە، بەڵام لە بودجەی (٢٠١٠)دا پارەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوەتەوە کە زیاترە لە (٧٢)ملیار دینار.

لەو بارەیەشەوە، پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، دەڵێت: «میکانیزمێکی تەندروست ئەوەیە کە دوای ئەوەی ڕاپۆرت لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی ژمێریاریی پەرلەمانەوە ئامادەدەکرێت، کە هەموو حساباتەکانو بڕی تەرخانکراو و خەرجیی ئاراستەی سەرۆکایەتیی دەکات، ئەویش ئاراستەی لێژنەی دارایی دەکاتو ئەوانیش ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە دەکەن، دوای ئەوە پێویستە دانیشتنی تایبەت ساز بکرێت بۆ پەسەندکردنی ئەو پارانەی خەرجکراونو بۆ تاوتوێکردنو خەملاندنی دیاریکردنی بڕی پارەی داهاتوو بۆ ساڵی داهاتوو».

ئەو پێیوایە، کاتێک پەرلەمان دەتوانێت داوای شەفافبوون لە حکومەت بکات، کە خۆشی شەفاف بێت، وتیشی: «ئەگەر پەرلەمان داوا بکات، حکومەت شەفاف بێت لەکاتی پێشکەشکردنی بودجەدا، ئەو داوایە دووهێندە لەسەر خۆی دەکەوێت، چۆن دەتوانێت داوای دەزگای دادوەریو شەفافبوونی حکومەت بکات لە ناردنی بودجەدا؟، لەکاتێکدا خۆی بڕە پارەکەی خۆی دابەشبکات، ئێستا یەک پەرلەمانتار نازانێت، بۆچی (٧٢)ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ ئەمسالی بودجەی پەرلەمان، لەکاتێکدا من دڵنیام کە بەشێکی زۆری ئەو پارەیە زیادەیەو دەبێت بگەڕێتەوە». هۆکاری ئەو گرفتانەش بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە ئەو بودجەیە بە شێوەیەکی زانستیی دانەنراوەو گفتوگۆی لەسەر نەکراوە.

دلێر مەحمود، ڕوونیدەکاتەوە، کە لەکاتی خەملاندنی بودجەی سالانەی پەرلەماندا، سەرۆکایەتیی داوا لە وەزارەتی پلانو وەزارەتی دارایی دەکاتو دەڵێت: ئەمسالْ بۆ ئەو پرۆژانە ئەوەندەم دەوێت، دواتر ئەوان گفتوگۆی لەسەر دەکەنو ڕەنگە کەمبکرێتەوەو پەسەند دەکرێت.

> بڕیاردەری لێژنەی دارایی پەرلەمان: پێویستە بە هەر شێوازێک بێت پەرلەمانتاران ئاگاداری چۆنێتی خەرجکردنی بودجەی پەرلەمان بن

دوای ئەوەش پارەکە دەچێتە سەر بودجەی پەرلەمانو دواتر بەپێی ئەو پرۆژانەی خراونەتەڕوو جێبەجێدەکرێتو ئەوەی دەمێنێتەوە، دەگەڕێتەوە.

لەدوای پەسەندکردنی بودجەوە، (٦)مانگ جارێک حساباتی پەرلەمان دەنێردرێتە لێژنەی دارایی وەک چاودێر چێکی دەکەنەوەو ناچێتە لێژنەکانی تر.

پەرلەمانتارەکەی لێژنەی دارایی، دەڵێت: «گرفتەکە لەوەدایە کە لێژنەکان پێیانوایە، دەبێت لێژنەی دارایی چاودێریی بکاتو خۆی حساباتی خیتامی بکاتو خۆی بەدوای پرۆژەکاندا بچێت، بەڵام پێویستە هەموو لێژنەکانو پەرلەمانتاران بەدوای ئەو شتانە بچن، نەک خۆیان بدزنەوە، کە ناچن، خۆیان کەمتەرخەمن، بۆنموونە لێژنەی نەزاهەش بۆی هەیە بەدوای ئەو شتانەدا بچێت».

بەڵام د. ڕەفیق سابیر، سەرۆکی لێژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، بەپێویستی دەزانێت، دوای گەیشتنی ڕاپۆرتی حسابی خیتامی بە لێژنەی دارایی، کۆپییەکی بدرێتە پەرلەمانتارانو لێژنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەت لێژنەی نەزاهە تا ئاگاداری وردەکارییەکان بن، چونکە بە وتەی ئەو: «ئەو حساباتە بەرچاوڕوونیی دەبێت بۆ بەرنامەو کاری داهاتووی پەرلەمان».

هەروەک د. زانا ڕەخنە لە هەردوو لێژنەی دارایی و نەزاهەدەگرێتو بەپێویستی دەزانێت، کە لێژنەی دارایی سەبارەت بە بودجەی پەرلەمان ڕاپۆرتی ئامادەبکردایەو وردەکارییەکانی بخستایەتەڕوو.

پێشیوایە، لێژنەی نەزاهە زۆر ڕۆڵی لاوازەو بە بێئاگاترین لێژنە ناوی دەبات لەسەر چۆنێتیی سەرفکردنی پارەکان، وتیشی: «هەمیشە دەستی گیراوەو ئیشی ئەم لێژنەیە هەڵدەپەسێردرێتو هاوکاری ناکرێت، تەنانەت لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە، بۆیە لێژنەی نەزاهە زۆر دوورترە لەوەی بتوانێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئیشەکانی بکات، ئەگەر واش بڕوات لێژنەی نەزاهە لێژنەیەکی زیادەیە».

چۆن چاکسازیی لە پەرلە

پەرلەمانی کوردستان یەکەمین دامەزراوەی یاسایی و تەشریعی هەرێمی کوردستانە.
ئەم دامەزراوەیە کە ئێستا تەمەنی (١٨) ساڵەو سێ خولی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدراوە، بە رای شارەزایانو چاودێران پێویستی بە چاکسازیی و گۆڕانکارییە.
(رۆژنامە) بۆ ئەو مەبەستە دۆسیەیەکی لەم بارەیەوە کردووەتەوەو چاوپێوانی بۆچوونی جدیی و ڕەخنەگرانەی کەسانی شارەزاو چاودێرانو پەرلەمانتارانە، کە بە تێڕوانینەکانیان دۆسیەکە دەوڵەمەند بکەن.
دۆسیەکە تیشک دەخاتە سەر ئەم بوارانەی کاری دامەزراوەی پەرلەمان:
١- سیستمی بەڕێوەبردنی کارەکانی پەرلەمان (پەیڕەوە ناوخۆییەکەی).
٢- کەسایەتی ئەندام پەرلەمان.
٣- بودجەی ساڵانەی پەرلەمانو مووچەی پەرلەمانتارانو خانەنشینکردنی سەدان پەرلەمانتار.
٤- پێکهێنانی هێزێکی بێلایەن بۆ پاسەوانیکردنی دامەزراوەی پەرلەمان.

ئامادەکردنی دۆسیە: سەنگەر جەمال

پەرلەمانی کوردستان، سیستمی سەرۆکایەتیی پەیڕەو دەکات، نەک پەرلەمانیی

پەیمان عیزەدین *

یەکێک لە سیستمەکانی حوکمڕانیی لە دنیادا، سیستمی پەرلەمانییە کە تێیدا دەسەڵاتەکان ئاشکرانو پەیڕەو سیستمە، گەل لەڕێی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیانەوە بەشداریی لە فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەکات، بەو مانایەی کە هاوڵاتییان دەست لە بەشێک لە دەسەڵاتەکانیان هەڵدەگرن بۆ نوێنەرەکانیان، ئیتر ئەوان دەبنە دەنگی هاوڵاتییانو کاروباری ئیداریی و سیاسیی و ئابووریی لەڕێی ئەوانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێتو چاودێریی بەڕێوەچوونی دەکرێت.

جێگای دوودڵیی نییە کە تا ئێستا نزیکترین سیستمی حوکمڕانیی لە دیموکراسییەتەوە، سیستمی پەرلەمانییە، بەو پێیەی زۆرترین ژمارەی هاوڵاتییان ڕاستەوخۆ لە ڕێی دەنگدانو ناڕاستەوخۆش لە ڕێی نوێنەرەکانیانەوە بەشدار دەبن لە ڕەسمکردنی سیاسەتو ئیدارەی وڵاتەکەیان، بەڵام دەکرێت لە خۆمان بپرسین، ئاخۆ ئەم سیستمەی ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا، پەرلەمانییە؟! ئایا پەرلەمانی ئێمە بەڕاستی سەرچاوەی یاساکانەو بڕیاری لەسەر دەدات؟! ئایا پەرلەمان بەرزترین دەسەڵاتەکانە لە هەرێمدا؟! لە هەموو پرسیارەکانیش گرنگتر، ئایا پەرلەمانی کوردستان چاودێرە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن؟!

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کە تا ئێستا بە نـاوی (پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کـوردسـتـانی عێراق)ەوەیەو لە ساڵی (١٩٩٢)دا دانراوە لەڕێی چەند مادەو برگەیەکیەوە پەرلەمانو پەرلەمانتاران دەتوانن بە شێوەیەکی سیستماتیکی هەم ڕۆڵی یاسادانان وەک خۆی بگێڕنو هەم چاودێریش بن لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

لـە مـادەکـانـی (٧١-٨١)ی پـەیـڕەوی ناوخۆدا، بەڕوونی ئەوەی دەستنیشانکردووە، کە چۆن پرۆژەیاسا پێشکەش دەکرێتو چۆن لە پەرلەماندا کاری لەسەر دەکرێت، تەنانەت ماوەی کار لەسەرکردنو ئاراستەکردنی بۆ لێژنەکانو ماوەی گفتوگۆی لێژنەکانیشی دەستنیشانکردووە، کە ئاماژە بـە(١٥)ڕۆژ کراوە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لێژنەکان، لە کاتی پەیوەست نەبوونی لێژنەکانیش بە ئەرکەکەیانەوە، پێویستە بەپێی مادەی(١٨-٣) کە ئەرکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانە، بەدواداچوونی کاروباری لێژنەکان بکات، بەڵام لە پەرلەمانی کوردستاندا ئەوەی کاری پێنەکرێت، مادەکانی تایبەت بە مامەڵەکردنە لەگەڵ پرۆژەیاساکاندا، بۆ نموونە پرۆژەیاسای تاپۆکردنی خانووە بێتاپۆکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ساڵی (٢٠٠٩)دا پێشکەش کـراوەو لە (٢٠١٠/٦/٢٩)دا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، لە (٢٠١٠/١٠/١٠)دا یەکێک لە لێژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە کردووە. ئەم نموونەیە بەسەر بەشی هەرە زۆری پرۆژەیاساکاندا جێبەجێ دەبێت، ئەم حالەتەش سستیی کاری لێژنەکانو کەمیی و نارێکیی دانیشتنەکانی پەرلەمانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، چونکە ئەو کاتەی ڕاپۆرت ئامادە نەبێت، بەرنامەی کار بوونی نابێتو لەو کاتەشدا دانیشتنی پەرلەمان دروست نابێت. کەواتە دەتوانین بڵێین، نارێکیی دانیشتنەکانی پەرلەمانو نەبوونی خشتەو بەرنامەیەکی جێگیر، کێشەی پابەندنەبوونە بە پەیڕەوی ناوخۆوە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئەرکو دەسەڵاتەکانی سەرۆکو جێگری پەرلەمانەوە هەیە.

پەیڕەوی ناوخۆ، بەپێی زەرورەت پیادەدەکرێت

پێویستە هەموو مادەو برگەکانی پەیڕەوی ناوخۆ جێبەجێ بکرێن، بەڵام ئەوەی جێی لەسەر ڕاوەستانە لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەپێی پێویستیی ڕۆژ پیادە دەکرێن، بەو مانایەی لە کوێ لە بەرژەوەندیی بوو دەستی پێوە دەگیرێتو ئەگەر نا فەرامۆش دەکرێت.

بۆ نموونە بەپێی مادەی (٥٤-٣)نابێت هیچ بابەتێک بخرێتەڕوو کە لە بەرنامەی کاردا ناوی نەهاتبێتو ئەم برگەیە دەقاو دەق جێبەجێدەکرێتو ڕێگا نادرێت بە هیچ ئەندام پەرلەمانێک باس لە هیچ بابەتێک بکات ئەگەر گرنگو هەنووکەیش بێت، بە مەرجێک لە بەرنامەدا نەهاتبێت، بەڵام هەر هەمان سەرۆکایەتیی کار بە بەشی دووەم-برگەی (٢و٣)ی هەمان مادە ناکات، کە باس لەوە دەکات؛ هەر (١٠)ئەندام پەرلەمان بۆیان هەیە داوابکەن گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی گشتیی بکرێتو بخرێتە بەرنامەی کارەوە بە ئامادەبوونی سـەرۆک وەزیـران، یان وەزیری تایبەتمەندو لە کاتی ڕازی نەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، دەبێت داواکارییەکەیان بخرێتە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان بۆ یەکلاییکردنەوەی.

چەندین داواکـاری لەو جۆرە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون، نزیکترینیان داوای گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی ڕێگەنەدان بە هاتنە ژوورەوەی ڕاگەیاندنەکانو داوای گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی نـەوت بە ئامادەبوونی وەزیـری سەرچاوە سروشتییەکان، بەڵام ئەو داوایانە بەپێی پەیڕەو مامەڵەیان لەگەڵ نەکرا، پەیڕەوکردنی سیاسەتی (بانێکەو دووهەوا) لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە، گومان دەخـاتـە سـەر سەربەخۆیی پەرلەمانو کارکردن بە پەیڕەوەکەی.

سەرۆکایەتیی پەرلەمان، تاکڕەوانە کاردەکات

ئەگەر بەپێی مادەکانی (١٧و ١٨و ١٩و ٢٠)ی پـەیـڕەوی نـاوخـۆ سەیری ئـەرکو دەسـەڵاتـەکـانـی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکەین وەک ئەوەی لە سیستمی پەرلەمانیدا هەیە، ئەرکەکانی سەرۆکایەتیی لە ڕێکخستنی ئیداریی دانیشتنەکانو کاری لێژنەکانو بەئاگابوون لە ڕەوتی گفتوگۆکانو تۆمارکردنیانو تێکڕای کارە ئیدارییەکاندا چڕدەبێتەوە، واتە ئەندامانی سەرۆکایەتیی، ئەندامی پەرلەمانن وەک هەر ئەندامێکی تری پەرلەمانو لە ڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکانو

جێگای دوودڵیی نییە کە تا ئێستا نزیکترین سیستمی حوکمڕانیی لە دیموکراسییەتەوە، سیستمی پەرلەمانییە

ڕیزبەندیی پرۆژەکانو کاری لێژنەکانی پەرلەمان، هەمان ماف و سەلاحیاتیان هەیە، بەڵام پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ، تەنیا سەرۆکایەتیی خاوەنی بڕیارن لە ڕیزبەندیی پرۆژەکان، ڕۆژی دانیشتنەکان، ئاراستەکردنی پرسیار، بانگهێشتکردنی سەرۆک وەزیرانو وەزیرەکان بۆ لێپرسینەوە، کە ئەمانە لەگەڵ ئـەوەی پێچەوانەی حوکمەکانی پەیڕەوی نـاوخـۆن، پێچەوانەی پرەنسیپی کاری پەرلەمانیشن.

بـۆئـەوەی مادەکانی ئاماژەپێکراو هەموویان وەک یەک پیادەبکرێنو خشتەی کاری پەرلەمان وەک ئەوەی لە دنیادا هەیە، ڕۆشنو جێگیر بێت، پێویستە لە ناو پەرلەماندا ئەنجومەنێکی هاوبەشی هەموو فراکسیۆنەکان هەبێت کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە ناویدا دەبـنو لەو ئەنجومەنەوە بەرنامەڕێژیی کارو پرۆژەکانی پەرلەمان بکرێتو ئەو کاتە دەتوانرێت وادەو کاتی دانیشتنەکانی پەرلەمان ئاشکرا بنو مەزاجو بەرژەوەندییو کۆنگرەی پارتە سیاسییەکان نەبنە هۆکاری پەکخستنو نادیاریی دانیشتنەکانی پەرلەمان.

لە پەرلەمان، یاسا دانانرێت دەدووڕێت

پەرلەمان وەک دەسەڵاتی تەشریعیی، تاکە سەرچاوەی یاسادانانە لە هەرێمی کوردستاندا و ئەرکی دانانی یاساش پەیوەندیی بە ڕای جیاوازەوە نییە، بە تایبەتی لە ڕووی پرەنسیپە سەرەکییەکانی دانانی یاساوە.

بەر لە هەر شتێک، پێویستە بۆشایی و پێویستییەک هەبێت بۆ دانانی ئەو یاسایە، واتە کێشەیەک هەبێت تا چارەسەری بکات، دەبێت ئەو یاسایە ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەسـتـوور، یان یاسایەکی تر، بـەڵام لای ئێمە ئەو کاتەی هەرێمەکەمان پڕیەتی لەو کێشانەی یاسایەک نییە بۆ چارەسەرکردنیان، پەرلەمانی کوردستان ماوەیەکی زۆر دەدات بە پرۆژەیەکی وەک دەستەی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان کە لە بنچینەدا نەبوونی ئەو یاسایە نابێتە هۆی پەکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

تەنانەت لـە ڕووی شکلیشەوە، لە پرۆژەیەکدا دژی دووبارەبوونەوەین و لە پرۆژەیەکی تردا دووبارەبوونەوەمان پێ گرنگو دووپاتکردنەوەیە، هۆکاری هەموو ئەو دووفاقییانەش ئەوەیە، کە لە پەرلەمانی کوردستاندا یاسا لەبەر کێشەو پێویستی دانانرێت، بەڵکو لە زوربـەی حالەتەکاندا یاسا بۆ بەری بەرژەوەندییە حیزبییەکان دەدوورێـت، بۆیە لە کۆی پرۆژەکاندا بنەما یاساییەکان بۆ دارشتنی یاسا گرنگی نامێنێتو گرفتەکە لەوەدایە کە ئەگەر ئەرکی یاسادانان بەم ئاراستەیە بڕوات، ئەوا بەبێ دوودڵیی پەرلەمان لە دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەبێتە فلتەری یاساییو ئەرکی سەرەکی شەرعیەتدان دەبێت بەو پرۆژانەی پیای دەگوزەرێن.

پەرلەمان، چاودێریی حکومەتی پیدەکرێت؟

ئەرکێکی تری پەرلەمان کە هاوشانی ئەرکی یاسادانانە، چاودێریکردنی کارو ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستانەو بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە، دەبێت بەڕاستی پەرلەمان بالاترین دەسەڵات بێت کە بەلای منەوە تا ئێستا پەرلەمان نەیتوانیوە ئەوە بەرجەستە بکات. هۆکارەکانیش بۆ ئەمە زۆرنو دیارترینیشیان، لاوازیی دامەزراوەی پەرلەمانە بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنو پارتە سیاسییەکان.

بەشێکی زۆری بەرپرسو کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو تەنانەت خودی پەرلەمانتارانیش، نامۆن بە پێگەو دەسەڵاتەکانی پەرلەمان، کە ئەمە ئاماژەیەکی مەترسیدارە لەسەر پێگەی ئەم دامەزراوەیە.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە کەسێک دەبێتە ئەندامی پەرلەمان، دوعای خێری بۆ دەکرێت کە وەزیـریـی بـەدوادا بێت، ئـەم دوعایە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ئەو تێگەیشتنەیە کە بۆ پەرلەمان هەیە بە بەراورد لەگەڵ پێگەو دەسەڵاتی حکومەت.

هۆکارێکی تری ئەو لاوازییە، دەگەڕێتەوە بۆ خـودی پەرلەمانتاران لە بەرامبەر پارتەکانیاندا، ئەو کاتەی پەرلەمانتارێک بەرامبەر ئەندامی سەرکردایەتیی پارتەکەی لـەرزۆکو شەرمن بێت، ناتوانێت چاودێر بێت لەسەر ئەو وەزیرەی کە ڕەنگە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتەکەی بێت.

لـە ئـەرکـە گرنگەکانی پـەرلـەمـان، گفتوگۆکردنی بوجەی ساڵانەو حساباتی کۆتایی ساڵی ڕابردووە، ئەگەر بوجەی ساڵی (٢٠١٠)و حساباتی کۆتایی ساڵی(٢٠٠٩) بەنموونە وەربگرین، تێپەڕاندنی بوجەو حساباتی کۆتایی بە کۆمەڵێک کەموکوڕیی یاساییو ئیداریی و داراییەوە دەنگدان بە پێدانی پارەی ئەم هەرێمە بۆ پرۆژەکانی کەرتی تایبەتو بەهەدەردانی سامانی ئەم میللەتە بە پرۆژەی دووبارەو نادیار، دەمانخاتە بـەردەمـی ئـەو ڕاستییەی کە پەرلەمان دەسەڵاتی بەڕێکردنی بوجەی هەیە، نەک گفتوگۆکردنی، دامەزراوەیەکی لەم چەشنە کە نەتوانێت هیچکام لە ئەرکو دەسەڵاتەکانی بەجێبگەیەنێت، بێگومان ناتوانێت لە ئاست ئەو چاوەڕوانییانەدا بێت کە لێی دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی تری بچووکیی پەرلەمان لە بەرامبەر دەسەڵاتەکانی تردا. ئەم هۆکارانەو چەندین هۆکاری تر، وایانکردووە کە پەرلەمان وەک دروشم، بالاترین دەسەڵات بێت، ئەگەر نا لە واقیعدا، دەزگایەکی تەشریفاتی بێت بۆ جوانکردنو ڕێکخستنو شەرعییەتدان بەو بڕیارانەی بۆی دەنێردرێن، کە ئەمە دەرەنجامی خراپی لەسەر هەموومان دەبێتو هەموشمان بە دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەوە بەرپرسین بەرامبەر تێپەڕاندنی پەرلەمان لەو واقیعەی کە هەندێکمان ڕاشکاوانە دانی پیادەنێنو هەندێکیشمان لەبەر بەرژەوەندیی جیاواز پەردەپۆشی دەکەین.

* ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان.

ئەو کاتەی پەرلەمانتارێک بەرامبەر ئەندامی سەرکردایەتیی پارتەکەی لەرزۆکو شەرمن بێت، ناتوانێت چاودێر بێت لەسەر ئەو وەزیرەی کە ڕەنگە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتەکەی بێت

راپۆرتی (١٠)پەرلەمانتار لەبارەی کەموکوڕییەکانی هەڵبژاردن

پێویستە حکومەت بۆ ماوەی (١٥)ساڵ، لە باجی دەرامەت و خانووبەرەو (٢٥) ساڵ لە وەبەرهێنەران خۆشبێت

ئا: رۆژنامە

لە راپۆرتێکدا (١٠)پەرلەمانتار ئەوە دەخەنەڕوو کە ئاسەواری کارەساتی ساڵی (١٩٨٨) لە رووی ئابووریی و خزمەتگوزارییەوە بەسەر شارەکەوە ماوەو جگەلە کێشەی خزمەتگوزاریی، رۆتینیاتی ئیداریی، هەڵەبجە کێشەی تاپۆشی هەیە.

رۆژی (٢٠١٠/١٢/٥)، (١٠)پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کرد و شوێنە گشتییەکانیان بەسەرکردەوەو کۆبوونەوەیان لەگەڵ چین و تۆێژەکانی خەڵکی شارەکەو دەوروبەری ئەنجامدا و لە راپۆرتێکدا کێشەو کەموکوڕیی و داواکارییەکانیان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە

ئاسەواری کارەساتەکە

هەڵەبجەی شەهید کە تا پێش کارەساتی (١٩٨٨) وەک ناوەندێکی ڕۆشنبیریی و کشتوکاڵی و نیمچە بازرگانیی ناسراو بوو، بەڵام واقیعی ئێستای ژیانی دانیشتووانی ئەو شارە، دڵخۆشکەر نییەو پێگەی جوگرافی و دۆخی ئابووریی و باروگوزەرانی خەڵکەکەی شایەتیی ئەوە دەدەن. پێویستە حکومەت، دۆخێکی تایبەت بەو شارە بدات و لە چوارچێوەی پلانێکی زانستیی تۆکمەداو پشتئەستوور بە تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت، کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە بکات.

ئەگەرچی لەسەر ئاستی عێراق کارەساتی هەڵەبجە بەجینۆسایدناسراوە، کە ئەمە کارێکی دڵخۆشکەرە، بەڵام وەک لە راپۆرتی پەرلەمانتارەکاندا هاتووە: پێویستە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە سەر ئاستی هەموو جیهان کار بکەن بۆ بەجێنۆسایدناساندنی ئەو کارەساتە دژە مرۆڤایەتییە. پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی نوێنەرانی کوردستان لە بەغدا، فشاری تەواو دروست بکەن لەسەر حکومەتی ناوەند بۆ ئەوەی قەرەبووی مادیی و مەعنەویی شیاوی قوربانییانی شارەکە بکاتەوە، لەبەرئەوەی هێشتا بەشێکی بریندارانی چەکی کیمیایی، گیرۆدەن بە برین و کاریگەرییەکانی ئەو چەکەوەو دەبێت حکومەتی هەرێم هەوڵی جدیی و بەپەلە بدات بۆ چارەسەرکردنیان و کارئاسانی تەواو بۆ نارددەرەوەی ئەو نەخۆشانە بکات کە چارەسەریان لە هەرێمدا بۆ ناکرێت، بە پێدانی پاسپۆرت و وەرگرتنی ڤیزاو لە ئەستۆگرتنی هەموو خەرجییەکانیان.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، لە کاتی کارەساتی هەڵەبجەدا بە هۆی سەرگەردانبوونی خەڵکی ئەو شارەوە، نزیکەی (٢٠٠)منداڵ چارەنووسیان بە نادیاریی ماوەتەوەو لەوبڕوایەدان، بەشێک لەوان لە ژیاندامابن، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم هەموو توانایەکی بخاتەگەڕ بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسیان و ساغکردنەوەی ڕەچەڵەکیان.

پەرلەمانتارەکان، داوادەکەن کاربکرێت بۆ گەڕاندنەوەی فرۆکەوان، تاریق ڕەمەزان بۆ عێراق، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دادگاوە تاوانباربوون یاخود بەرائەتی بسەلمێنرێتو ئەنجامی بە دواداچوونی ئازادکردنی ئەو فرۆکەوانە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاشکرا بکرێت.

گرنگیدان بە یادگاری هەڵەبجە، لە دروستکردنی پارکو پارکین و شوێنی چاوەڕوانی بۆ ئەو میوانانەی سەردانی یادگارەکە دەکەن و پەلەکردن لە تەواوکردنی بینای بەڕێوەبردنی یادگارەکە، کە چەند ساڵێکە بەشێک لە کارەکانی تەواو بووەو پەکخراوە. هەروەها دروستکردنی مۆزەخانەیەکی گونجاو بۆ کۆکردنەوەو پاراستن و خستنەڕووی هەموو ئەو بەڵگەو کەلوپەلانەی کە لە پاشماوەی کارەساتی ئەوە شارە بەجێماون.

ئابووریی هەڵەبجە

هەڵەبجە وەک ناوچەیەکی جوگرافیی و ایکردووە، هەڵەبجە لە سێ ڕووەوە هاوسنووری بە ووڵاتی ئێران، لە بەرمبەردا بە ڕووی ناوچەکانی کوردستاندا داخراوە، ئەمەش جموجۆڵی ئابووریی لەو شارەدا زۆر لاواز کردووەو هەڵی کار وەکو پێویست بە دەست نایەت و ئاستی بژێویی ژیانی زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە خوار پلەی ناوەندن، بۆیە بەشێک لە خەڵکی شارەکە لە رابردوودا ڕوویان لە ناوچەکانی تری کوردستان کردووەو هێشتا ئەو پرۆسەیە بەردەوامی هەیەو بۆ چارەسەری ئەو کێشانەش، ڕاپۆرتەکە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات، هەموو هەوڵێکی بخاتەگەڕ لەچەند ڕوویەکەوە.

لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە، هەوڵی جدیی بدرێت لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا بۆ کردنەوەو بە نێودەوڵەتیکردنی مەرزی سازانو حکومەتی هەرێم دەستپێشخەریی تەواو بکات لە چاککردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگای ئەو مەرزە لە دیوی هەرێمەوە کە (١٦کم)ە، بەوپێیەی یەک دەروازەی سەرەکیی هەیە کە دەشێت حکومەت بۆ کرانەوەی زیاتری ئەو شارە بە ڕووی ناوچەکانی تری کوردستان و ئاسانکردنی هاتوچۆ کاربکات، بۆ کردنەوەی هەریەکە لە ڕێگاکانی (هەڵەبجە-تۆقوت-میرەدێ. هەڵەبجە-شنرۆێ-هاوار-تەوێلە) ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیەش ڕۆلی بەرچاو دەبینێت لە کرانەوەی زیاتری ئەو شارە بە ڕووی ناوچەکانی تری هەرێمدا.

حکومەتی هەرێم، کارئاسانی بکات بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانیی بۆ ئەوەی لەو ناوچەیەدا کاری وەبەرهێنان بکەن، بە لێخۆشبوونیان لە باجو هەر تێچوونێکی تر بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ، ئەوەش فاکتەرێکی بە هێز دەبێت لە جوانکردنی سیمای شارو ڕەخساندنی هەڵی کاری زیاتر بۆ خەڵکەکەی.

هەوڵدان بۆ کردنەوەی کارگەی جۆراوجۆر بە تایبەت ئەوانەی کەرەستەی خاویان لە ناوچەکەدا هەیە، وەکو کارگەی دۆشاوی تەماتەو دۆشاوی هەنارو کارگەی پوختەکردنی تووتن.

بەو پێیەی ناوچەکە بەگشتیی سروشتێکی دڵرفێنو لە باری هەیە لە بواری گەشتیاریدا، پێویستە حکومەتی هەرێم هەوڵی تەواو بدات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاریی لە ناوچەکەدا، بەتایبەت گەیاندنی ڕێگاوبان بۆ ئەو شوێنانەی کە بۆ گەشتیاریی بە کەڵکن و هەروەها هانی کردنەوەی میوانخانەو ئۆتێڵو هەرکارێکی تری وەبەرهێنان بدات لە بواری گەشتیاریدا.

هاندانو هاوکاریکردنی جوتیارانی دەڤەرەکە بەگشتیی بۆ پەرەدان بە کەرتی کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا.

نەبوونی تاپۆو بارقورسیی باج

نەبوونی تاپۆ یەکێکی ترە لەو کێشانەی کە وایکردووە، بەشی «هەرەزۆر»ی خەڵکی هەڵەبجە، سوودمەند نەبن لە پێشینەی خانووبەرەو کێشەی یاسایی تریان بۆ دروست دەبێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە ڕەوتی ئاوادانکردنەوە لە شارەکەدا سست بێت، بۆیە پەرلەمانتارەکان بە پێویستی دەزانن کە حکومەتی هەرێم لەم ڕووەوە کار بۆ بە تاپۆکردنی زەوییەکانی بکات لەسەر دانیشتووانەکەی، بۆ ئەم مەبەستەش کارئاسانیی زۆ ربکاتو لەبەرمبەردا نرخێکی زۆر ڕەمزیی لە هاوڵاتیان وەربگرێت، بەجۆرێک بارقورسیی لە سەر شانیان دروست نەکات.

بۆ هاندانی خەڵکو بەشداریپێکردنیان لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکەداولەبەرچاوگرتنی ئاستی بژێویی ژیان، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو حکومەت لە باجی دەرامەتو باجی خانووبەرە خۆشبێت، بەوپێیەی بەشی هەرەزۆری بیناکانی ئەو شارە لەکاتی بۆردومانداو وێرانکراون و دواتر لەلایەن خاوەنەکانیان، یاخود ئەو کەسانەی کە تێیدان لەسەر گیرفانی خۆیان ئاوەدانکراونەتەوە بەبێ هیچ هاوکارییەکی حکومەت، بۆئەوەی ئەو خەڵکە بتوانن قەرەبووی ئەو خەرجییانەیان بکەنەوە، پێویستە حکومەت بۆ ماوەی لانیکەم (١٥) ساڵ، لە باجی دەرامەتو باجی خانووبەرە خۆشبێت، ئەمەش بەوپێیەی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەندو هیچ بارگرانییەک لەسەر حکومەتی فیدراڵ دروست ناکات، بەڵام بۆ خەڵکی شارەکە بارسوکییو هاوکارییەکی زۆر باشەو بە دڵنیاییەوە هیچ لایەنێکی کوردیو عێراقیش لەم ڕووەوە لارییان نابێت.

> «تا ئێستا چارەنووسی (٢٠٠)منداڵ، دیارنییە»

ڕۆتینیاتی ئیداریی

گرفتێکی تری دانیشتوانی شاری هەڵەبجەو دەوروبەری، ئەوەیە کە بەشێک لە کارە ئیدارییە سەرتاییەکانیان لەناو شارەکەی خۆیاندا بۆ ئەنجام نادرێت، بە نموونە کاتێک هاوڵاتییەکی شارەکە دەیەوێت مۆڵەتی دروستکردنی خانوو بەدەستبهێنێت، ئەوا بۆ ڕاستاندنی نەخشەی خانووەکەی دەبێت بچێتە شارێکی دیکە، دیارە لە زۆر بواری تردا ئەم ڕۆتینیاتە دووبارە دەبێتەوەو بەپێی ڕاپۆرتەکە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، پێویستە حکومەت دەسەلاتێکی تایبەت بە ئیدارەی شارەکە بدات بۆ ئەوەی کاروباری هاوڵاتیان لای خۆیانەوە ڕاپەڕێنن.

گرفتی کەمیی بینا بۆ دامودەزگا حکومییەکان

یەکێکی تر لە گرفتەکانی ئەو شارە، کەمیی بینای پێویستە بۆ دامودەزگا حکومییو خزمەتگوزارییەکان، لەو شارەدا تەنیا یەک بینای تایبەتی باخچەی ساوایان تێدا نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە، خانووی مااڵنە یان بینای دەزگای تری، هەروەها بەشێک لە دامودەزگاکانی حکومەت کرێچینو لە لایەکی ترەوە، وێڕای کێشەی کەمیی بینای خوێندنگە، کەچی دەزگای ئاسایشو بەڕێوەبەرێتیی بەرگریی فریاکەوتن، بینای دوو قوتابخانەیان داگیر کردووە.

نەبوونی پارکو یاریگاو هۆڵی کۆبوونەوە

نەبوونی پارکو سەوزایی یاریگای منداڵان، کێشەیەکی تری ئەو شارەیە، ئەگەرچی پارچەزەویەک بۆ پارک پەرژینکراوەو هەندێک پێداویستی زۆر سەرەتایی تێدا دانراوە، بەڵام سیمای پارکی نییە، بۆیە پێویستە حکومەت کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو پارکە بکاتو هەموو پێداویستییەکانی یاریی منداڵانو سەوزاییو ڕووناکی بۆ دابین بکات، وەکو ئەوەی لە شارەکانی سلێمانیو هەولێر چەندین ناوچەی تر هەیە.

نەبوونی هۆڵی کۆبوونەوە یەکێکی ترە لە کێشەکانی ئەو شارە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم هەوڵبدات، لانیکەم هۆڵێکی فراوان بە هەموو پێداویستییەکانیەوە لەو شارەدا دروست بکات.

کێشەیەکی تری شارەکە، ئەوەیە کە هێشتا گەراجێکی یەکگرتووی نییەو گەراجی ناوخۆ دەرەوەی شار لە چەند مەیدانێکی جیاجیادان کە هیچ مواسەفاتێکی گەراجیان تێدا نییەو بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش، پێویستە حکومەت هەوڵی دروستکردنی گەراجێکی یەکگرتووی فراوان بدات، بە شێوەیەک هەموو ئەو خزمەتگوزارییانە لە خۆ بگرێت کە بۆ گەشتیاران و شۆفێران پێویستن.

کێشەی پیشەوەران و ناوچەی پیشەسازیی

لە کاتێکدا پێشەوەران ڕۆلێکی بەرچاویان هەیە لە گەشەدان بە ئابووریی شارەکە، بەڵام تا ئێستاش ئەم تۆێژە شوێنی تایبەت بە خۆیان نییە، لە کاتێکدا لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە شارەوانیی هەڵەبجە پارچەیەک زەوی بۆ دابینکردوون، بەڵام بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە، پیشەوەران نەڕۆیشتوونەتە ئەو شوێنەو وەکو پیشەوەران ئاماژەیان پێدەدا، مانەوەیان بە پەرتوبڵاویی جۆرێک لە شپرزەیی بە بازارەکە بەخشیووە. جگەلەوەی کە بەشێک لە پیشەوەران بە هۆی کرێچێتییەوە، بارگرانیی لە سەرشانیان دروست بووەو لەم ڕووە پێویستە هەرچی زووە حکومەت هەوڵی ئەوە بدات، خزمەتگوزاریی پێویست بگەیەنێتو کارئاسانیی تەواو بۆ نیشتەجێبوونی پیشەوەران بکات لەو ناوچەیەدا.

ئەگەرچی حکومەت پلانی هەیە بۆ فراوانکردن جادە سەرەکییەکانی ناو بازار، بەڵام هەست بە جۆرێک لەکەمتەرخەمی دەکرێتو لەم ڕووە پێویستە حکومەتی هەرێم هەوڵی ئەوە بدات، لە چوارچێوەی پلانێکی ئەندازەیی گونجاودا، کار بۆ فراوانکردنی شەقامەکانی ناو بازارو جوانکردنی سیمای بازارەکە بکاتو هاوکات، قەربووی گونجاوی ئەو کەسانەش بکاتەوە کە دووکانەکانیان بەهۆی ئەو پرۆژەیەوە لە دەستدەدەن.

نەبوونی دکتۆری پسپۆر

نەبوونی دکتۆری پسپۆڕ یەکێکی ترە لە کێشەکانی شاری هەڵەبجەو دەوروبەری، هەر ئەمەش وایکردووە کە زۆرجار خەڵک بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان، ڕوو لە شاری سلێمانیو ناوچەکانی تری کوردستان بکەنو وەکو لە زاری خەڵکو بەرپرسانەوە بیستمان، دکتۆرە پسپۆڕەکان ئامادەییان تێدا نییە بڕۆنە شارەکە، چونکە مانەوەیان لە مەرکەزی شارە گەورەکاندا بە قازانجی خۆیان دەزانن و بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، پێویستە حکومەت هانی دکتۆری پسپۆڕ بداتو کارئاسانیی زۆریان بۆبکات بۆ ئەوەی بتوانن لە شاری هەڵەبجەدا خزمەت بکەن.

زانکۆی هەڵەبجە

پەلەکردن لە کردنەوەی زانکۆی هەڵەبجە بە شێوەیەک کە هەموو پێداویستییەکانی بۆ دابین بکرێت، لە کردنەوەی بەشی ناوخۆیی و کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بۆ ماموستایانو تاقیگەو هۆڵی خوێندنو هەر پێداویستییەکی تر.

لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا، پەرلەمانتارەکانی فراکسیۆنی گۆڕان، پشتیوانیی تەواوی داواکارییەکانی دانیشتوانی سنووری هەڵەبجەو دەوربەریانکردووەو بە پێویستی دەزانن، حکومەتی هەرێم هەموو توانای خۆی بخاتەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە.



مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە

فۆتۆ: رۆژنامە

ڕاڤەی بودجە

زیادەڕەوی لە خزمەتگوزاریی حکومەتدا



عەلی حەمەسالح

ئایا تەنیا داموودەزگاکانی حکومەت هێندەی هەموو هاوڵاتییانی کوردستان خزمەتگوزارییان دەوێت؟ ئایا چەند بینایەکی حکومەتو چەند وەزارەتو بەڕێوەبەرێتییەک خزمەتگوزاریی زۆرییان پێویستە، یان ئەو هەموو قەزاو ناحیەو گوندە وێرانەی کوردستان؟ بیرکردنەوەو مەنتقی حکومەتی هەڕێم بۆ ئەم مەبەستە بە ژمارە دەخەینە ڕوو.

یەکێک لە خانە سەرەکییەکانی بودجەی بەکاربردن، کە زۆرترین پارەی بۆ خەرج دەکرێت، شمەکو خزمەتگوزاریی و چاککردنەوەیە، بۆ ئەوەی ڕوون بێت ئەم شمەکو خزمەتگوزاریی و چاککردنەوە تەنیا بۆ وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی حکومەتە، نەک هەموو هاوڵاتیان، سالّی ڕابردوو لە بودجەی گشتییدا (٨٦١) ملیار دینار بۆ شمەکو خزمەتگوزاریی و چاککردنەوە تەرخانکراو، حکومەتیش بە خەرجکردنی پارەی تەرخانکراوەوە نەوەستاو (٢٠٨) ملیار دیناریشی بە شێوەی زیادەڕەوی خەرجکرد، واتە کۆی ئەو پارانەی لە شمەکو خزمەتگوزاریی و چاککردنەوەدا بۆ داموودەزگاکانی حکومەتی هەڕێمی کوردستان خەرجکراوە، تریلیۆنێکو (٦٩) ملیار دینارە.

بۆ وردبوونەوەو گەڕان بە دوای ئەوەی بزانم، کە ئەم تریلیۆنو (٦٩) ملیار دینارە لە چیدا خەرجکراوە؟ بەدواداچوونێکم کرد بە ناو خەرجییەکانی حکومەتی هەڕێمداو چەند شتێکی سەرنجڕاکێشم دۆزییەوە، کە لەم نووسینەمدا بەشێکی دەخەمە ڕوو:

سالّی ڕابردوو داهاتی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەپێی وتەی خۆیان (٣١) ملیار دینار بووە، بەڵام تەنیا داموودەزگاکانی حکومەت (١٣) ملیارو (٩٩٧) ملیۆن دینار کرێی ئاو، پرسیارێک بە لۆجیکی ئابووریی، ئایا کرێی ئاو لە کوردستاندا ئــەوەندە گرانە، تەنیا داموودەزگاکانی حکومەت لە سالێکدا (١١)ملیۆنو (٦٤١) هەزار دۆلار بدەنە کرێی ئاو؟ لە کرێی ئاو سەرنجراکێشتر کرێی ئاوەڕۆیە، بەپێی خەرجییەکانی حکومەت تەنیا پارسالّ (٣٤١) ملیۆنو (٥١٢) هەزار دیناری داوەتە کرێی ئاوەڕۆ، کرێی ئاوەڕۆ لە کوردستاندا هەیە؟ ئەمە جگە لەوەی، کە (٩) ملیارو (٩٤٨) ملیۆن دینارێشی داوەتە کرێی کارەبای فەرمانگەکانی، هەرچەندە وەزارەتیش هەبووە کرێی کارەبای نەداوە، وەک ئەوقاف.

ڕۆژانە دەبیستین حکومەت دەڵێت: فەرمانبەری زیادەمان زۆرە، بەڵام تەنیا پارسالّ (١٧) ملیار دیناری داوە بۆ پاککردنەوەی فەرمانگەکانی حکومەت، لە کاتێکدا هەموو کۆڵانەکانی هەولێر سالّانە بە (١٢) ملیار دینار پاک دەکرێتەوە، ئایا پاککردنەوەی چەند وەزارەتەکانی حکومەتو فەرمانگەیەک، لە پاککردنەوەی ئەو دیان گەڕەکەی هەولێر زیاترە؟

بە گشتیی بۆ پەیوەندیکردن (ئیتیصلاتو برقە) لە سالێکدا (١٥) ملیار دینار خەرجکراوە، کە (١٢) ملیۆن دۆلارەو چوار ئەوەندەی هەموو ئەو پارانەیە، کە سالّی ڕابردوو بۆ پرۆژەکانی گەشتوگوزار لە کوردستاندا خەرجکراوە.

گومان لــەوەدا نییە داموودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستییان بە دابینکردنی پارەیە بۆ پەیوەندیکردنی تەلەفۆنیو پەیوەندییەکانی دیکە؟ بەڵام بەم ئەندازەیە؟

ئەگەر ئەم پارەی پەیوەندیکردنە وردبکەینەوە، تەنیا لە یەک سالّدا کرێی پەیوەندیی تەلەفۆنی حکومەت (٢) ملیارو (٢١٩) ملیۆن دینار بووە، ئەمە جگە لەوەی، کە (٢) ملیارو (٨٧٩) ملیۆن دیناری بۆ کرێی ئامێری پەیوەندیکردن خەرجکراوە، ئایا دەکرێت، واتە (٢) ملیۆنو (٣٦) هەزار دۆلار، بدرێتە کرێی ئامێری پەیوەندیکردن؟ کام ئامێری پەیوەندیکردن بەکرێ دەگیرێت؟ بۆ کێ؟ بۆچی؟ چۆن؟ ئەمە جگە لەوەی چەند بواریکی دیکەی پەیوەندیی وەک بۆ گواستنەوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە (٤) ملیارو (٧٦٢) ملیۆن دینار بۆ خەرجکراوەو نەصبو گواستنەوەی ئامێری پەیوەندیکردنیش ملیارێکو (٦٨٢) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکردووە، (٤٩٨) ملیۆن دینار دراوەتە ئامێری پەیوەندیکردن.

ئەمانەی سەرەوە بەشێک بوو لەو خەرجییانەی، کە حکومەت بۆ شمەکو خزمەتگوزاریی و چاککردنەوە لە سالێکدا ترلیۆنێکو (٦٩) ملیار دیناری بۆ خەرجکردبوو، چی لۆجیکێک ڕێگە بەوە دەدات، کە ئەو پارەیەی حکومەت دەیداتە کرێی ئاو و ئاوەڕۆو پەیوەندیی تەلەفۆنیو خەرجییە هاوشێوەکانی، لە پارەی هەموو پرۆژەکانی وەک نەخۆشخانەو قوتابخانەو ڕێگەوبانو کارەباو ئاوەڕۆو ئاو زیاتر بێت، جگە لە لۆجیکی حکومەتی هەڕێم؟

کابینەی شەش یەکێک لە بەرنامەکانی، کەمکردنەوەی خەرجی ناپێویست بوو، سالّی ڕابردوو ترلیۆنێکو (٦٩) ملیار دینار بۆ شمەکو خزمەتگوزاریی و چاککردنەوە تەرخانکراوە، بەڵام ئەمسالّ بۆ سەرجەم پرۆژەکانی کوردستان، کە بڕیار بوو لە لایەن وەزارەتەکانی حکومەتەوە بکرێتو بەشێکیان تاوەکو ئێستاش نەکراوە، (٩٨٦) ملیار دینار تەرخانکراوە، واتە زیادیکردو ئەوەی بۆ شمەکو خزمەتگوزاریی ئەمسالّ تەرخانکراوە (٨٣) ملیار دیناری زیاترە لەوەی پار.

هەرچەندە گوێبیستی ئەوە دەبووین، کە کابینەی شەشەم ئەم خەرجییە ناپێویستییانە کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی ئەمسالّیش بۆ شمەکو خزمەتگوزاریی و چاککردنەوە تەرخانکرا، هیچی لەوەی پار کەمتر نەبوو، چونکە ئەمسالّیش (٩٣٧) ملیار دیناری بۆ تەرخانکرابوو، لە کاتێکدا بۆ شمەکو خزمەتگوزاریی و چاککردنەوە، پار سالّ پێش زیادەڕەوییەکە (٨٦١) ملیار دینار تەرخانکرابوو.

(٦٠) هەزار هاوڵاتی چاوەڕێی دەکەن

دیزاینی پرۆژەی ئاوی بۆگ - کۆیە کەموکورتی تێدایە

ڕاپۆرتی: ئاری سابیر

پرۆژەی ئاوی (بۆگ ـ کۆیە) ماوەی (٤) ساڵە کاری تێدا دەکرێتو ئالوگۆڕ بە چەند کۆمپانیایەکی جێبەجێکار کراوە، بەڵام لە ئێستادا دەرکەوتووە دیزاینەکەی کەموکورتی تێدایە.

پــرۆژەکــە یەکێکە لــە پــرۆژە ستراتیژییەکانی سنووری قەزای کۆیە، لە ساڵی (٢٠٠٦) دەستکراوە بە کارکردن تێیدا، چەندینجار کارکردن لە پرۆژەکە وەستاوە، لەنێوان چەند کۆمپانیایەک ئالوگۆڕی تێدا کراوە، سەرەڕای ئەوەی دوای ئەو چوار ساڵە دەڕکەوتووە، کەموکورتی لە دیزاینی پرۆژەکەدا هەیە.

دەرباز کەیفی، چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێیوایە؛ ئەو جۆرە پرۆژانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو بەرنامەی تەواو هەیە، بەر لەوەی دەست بکرێت بە کارکردن تێیداو وتــی: «کاتێک حکومەت دەیەوێت پرۆژەیەکی ئاوا گــەورە ئەنجام بدات، دەبێت تیمێکی ئەندازیاری شارەزا لە هەموو بەشەکان پێکبهێنێت، لێکۆڵینەوەیەکی تەواو بکەن، تاکو ســەرجــەم پێداویستی پــرۆژەکــەو بــری بودجەکەی دیاری بکەن بەبێ کەموکوڕیی، دواتر بدرێت بە کۆمپانیایەک کە توانای جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە گەورانەیان هەبێت، بەڵام ئەو کۆمپانیایەی پرۆژەکەی پێدرابوو ڕۆژانەی کرێکارو وەستاکانی بە باشی پێ دابین نەدەکرا».

دەرباز، وتیشی: «پرۆژەیەک زیاتر لە (٢٠) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان بکرێتو پەیوەندیی بە ژیانی (٨٠) هەزار هاوڵاتییەوە هەبێتو لە لایەن زانکۆیەکەوە دیزاینی کرابێت، دوای چوار ساڵ کارکردن تێیدا تازە بزانرێت کە کەموکوڕیی لە دیزاینەکەی هەیە، کارەساتێکی گــەورەیــەو پێویستە لیکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کسانە بکرێت، کە کەمتەرخەم بوون تێیدا».

ئــــارام خــــدر، یــەکــێــک لە ڕۆژنامەنووسەکانی کۆیە بەرپرسانی حکومەت بە بەرپرسیار دەزانێت لە دواکەوتنی پرۆژەکەو وتی: «کێشەی ئاو لە کۆیە گەیشتووەتە ڕادەیەک، مالّ هەیە ڕۆژی وایە ئاوی نییە دەستو دەموچاوی پێ بشوات، لە بەرامبەردا پرۆژەی ئاوی (بۆگ- کۆیە) پەیوەندیی بە ژیانی دەیان هەزار هاوڵاتییەوە هەیە، چۆن دەکرێت ئاوا کاری تێدا بکرێتو دوا بکەوێت».


ئارام، ڕەخنە لە بەرپرسانی حکومەت دەگرێت، بەوەی وەک پێویست لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەناکات، کە کەمتەرخەمیی دەکەن لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان، وتیشی: «هەر کۆمپانیایەک کە پرۆژەیەکی پێ دەدەرێت پێویستە بڕێک پارە وەک بارمتە لە لای حکومەت دابنێت، بۆ ئەوەی ئەگەر پرۆژەکەی وەک خۆی و لەکاتی دیاریکراو جێبەجێ نەکرد، سزا بدرێت، کەچی لە هەرێمی کوردستان زۆرکەم کۆمپانیاکان سزا دەدرێن».

کۆیە لە ساڵی (١٩١٨) بووەتە قەزاو لە ساڵی (١٩٨٥) پرۆژەیەکی ئاوی گەورەی لە ناحیەی تەقتەقەوە بۆ ڕاکێشراوە، کە ئەو کاتە دانیشتووانی کۆیە زۆرکەم بــووەو فەرمانگەی ئاوی کۆیە تەنیا (١٨٢٥) بەشداربووی هەبووە، ئێستا قەزای کۆیە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کردووە لە (٣٥) گەڕەک پێکهاتووەو نزیکەی (٦٠) هەزار هاوڵاتی تیایدا دادەنیشێتو فەرمانگەی ئاوی کۆیە (١٥) هەزار بەشداربووی هەیە، لە ماوەی (٤٨) کاتژمێردا یەک کاتژمێر ئاو دەدرێت بە گەڕەکەکانی کۆیە، کە هیچ خێزانێک پێنجسەد لیتر ئاوی بۆ ناچێت، لە کاتێکدا بەپێی ستانداردی جیهانی هەر هاوڵاتییەک ڕۆژانە پێویستی بە (٢٠٠) لیتر ئاو هەیە.

ئــەنــدازیــار ئەمیر ئــەرســەلان، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی کۆیە باسی لەوە کرد؛ کێشەی ئاو یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی شارەکەو ئەوان هەوڵێکی زۆریــان داوە تاکو بتوانن کێشەی ئاو چارەسەر بکەن.

ناوبراو، وتیشی: «ئێمە لە کۆیە دوو ســەرچــاوەی ئــاومــان هەیە، ئەوانیش: پرۆژەی ئاوی تەقتەقو بیرە ئیرتیوازییەکان بە هۆی وشکەساڵیی لــە مــاوەی چەند ساڵی ڕابــردوو، زۆربــەی بیرەکانی ئاوی کۆیە وشک بــوون، دوای چەندین جار گۆڕینی ماتۆرو موەلیدەکانی پــرۆژەی ئاوی تەقتەق ـ کۆیە، ئێستا توانای (٥٠٪)ی دابینکردنی ئاوی هاوڵاتیانی کۆیەی هەیە، ئەو کاتژمێر ئاوەی ئێمە دەیدەین بە هاوڵاتییان لە ئاست پێداویستییەکانی هاوڵاتییاندا نییە، بەڵام تاکو تەواوکردنی پــرۆژەی ئــاوی (بۆگ- کۆیە) هیچ چارەسەرێکمان نییە».

ئەمیر ئــەرســەلان، لە بــارەی ئەو پرۆژە نوێیەوە وتی: «دیزاینی پرۆژەکە لە لایــەن زانکۆی کــۆیــەوە کــراوەو هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکەش بە



پرۆژەیەکی ئاو لە کۆیە

فۆتۆ: ئاری

پلەی یــەکــەم کۆمپانیای میل تیم بەرپرسیارە لێی، لەبەر ئەوەی وەک پێویست کاری تێدا نەدەکردو داواتر دابووی بە کۆمپانیایەکی تر، ئەویش زۆر کەمتەرخەم بوو تاکو پرۆژەکە ئاوا دواکەوتو زیانێکی زۆری بە کۆیە گەیاند».

بەپێی گرێبەستێکی ئــیــدارەی پێشووی سلێمانی لەگەڵ کۆمپانیای میل تیمی، تورکیو بە بڕی (١٨) ملیۆنو (٨٠٠) هەزار دۆلار، کۆمپانیای میل تیم هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی پرۆژەی ڕاکێشانی تۆڕی ئاوی (بۆگ ـ کۆیە)، لە ٢٠٠٦/٤/٢٥ دەستکراوە بە کارکردن لەو پرۆژەیەو ماوەی پرۆژەکە (٣٤٠) ڕۆژ بــووە، کە بڕیارە ئاو بۆ قەزای کۆیەو ناحیەی ئاشتی دابین بکات، دەبوایە لە ٢٠٠٧/٤/٥ تــەواو بکرایە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چوار ساڵ بەسەر کاتی دیاریکراوی خۆیداو دەستاودەستکردنی لەنێوان شەش کۆمپانیا، تاکو ئێستا پرۆژەکە تەواو نەبووە، ئێستاگۆڕانکاریی لەدیزاینەکەیدا کراوەو بودجەی پرۆژەکەش زیاد کراوە بۆ (٢٧) ملیۆن دۆلار.

سەبارەت بە دواکەوتنی پرۆژەی ئاوی (بۆگ ـ کۆیە) ئەندازیار (هیمداد مەجید) سەرۆکی شارەوانیی کۆیەو سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، ڕایگەیاند: «دوای ئــەوەی کۆمپانیا میل تیم کەمتەرخەمیی لە ئەنجامدانی پرۆژەکە کردو نەیتوانی پرۆژەکە جێبەجێ بکات، چەند جارێک ئاگادار کرایەوە، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، بۆیە پەنا برایە دادگاو پرۆژەکەی لێ وەرگیرایەوە، کاتێکی زۆری ویست تاکو دووبارە تەندەر کراو درایە کۆمپانیایەکی تر، ئێستا کارکردن لە پرۆژەکە زۆر بە باشی دەڕواتو (٧٠٪)ی کارەکانی تەواو بووە، پێشبینی دەکەین لە بەهاری داهاتوو تەواو بێت».

سەرۆکی شارەوانی، وتیشی: «دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد بە باشمان زانی گۆڕانکاریی لە دیزاینی پرۆژەکەدا بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین شێوە پرۆژەکە ئەنجام بدرێتو تاکو بیست ساڵی تر کێشەی ئاوی قەزای کۆیە چارەسەر بکرێت».

کەرکوک دەبێتە مەڵبەندی ساغکردنەوەی خواردنی بەسەرچوو

ڕاپۆرتی: شالاو محەمەد

دوابــــەدوای ئــاشــکــراکــردنو دەستبەسەرداگرتنی (١٠) تەن خۆراکی بەسەرچوو لە کەرکوک، هاوڵاتیانی شارەکە نیگەران لەوەی تائێستا کوالێتی کۆنترۆڵ لە سنووری شارەکەیان بوونی نییە، هاوکات ئاماژە بەوە دەکەن؛ کە کەرکوک بووەتە پایتەختی ساغکردنەوەی خۆراکی بەسەرچوو.

بەپێی چەند زانیارییەکی ڕۆژنامە، کە لە چەند سەرچاوەیەکی تایبەتەوە دەستیکەوتوون، لەدوای ساڵی (٢٠٠٣) ڕۆژانە چەندین خۆراکی جۆراوجۆر دێتە بازارەکانی شــاری کەرکوکو بێ دڵنیایی کوالێتی ئەو خۆراکە، لە بازارەکانی شارەکە دەفرۆشرێت، ئەمەش مەترسیی لە لای هاوڵاتیان دروستکردووە.

هاوڵاتی ئەیوب سەمەد، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەداخەوە بێ چاودێریکردنی خۆراکو پێداویستییەکانی هاوڵاتیان، ڕۆژانە بە شێوەیەکی بەرچاو خۆراکی ئێکسپایەر دێتــە بــازاڕو بەسەر هاوڵاتییاندا ساغدەکرێتەوە، کە ئەمە جێگەی نیگەرانیی هاوڵاتیانە».

ئەو هاوڵاتییە نیشتەجێیەی کەرکوک (١٠) تەن خۆراکی بەسەرداگرتنی ئاشکرای دەکــەن؛ کە ئەو خــۆراکو پێداویستییانەی دێنە کەرکوک زۆربەی بەکەڵکی بەکارهێنانو خواردن نایەن.

قــادر ســەڵاح، کە فرۆشیارێکی دەستگیر بوو بۆ ڕۆژنامە وتی: «ڕاستە هەندێ جار چاودێریکردن هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەیفرۆشین زۆربەی ئەو خۆراکەی دەیهێنین، ماوەیەکی کەمی ماوە بەسەر بچێت، بۆیە ئێمە بژێویی ژیانمان لەسەر فرۆشتنی خواردەمەنییە، ناتوانین بــێ قــەرەبــووکــردنــەوەی ئەو خۆراکەی دەیهێنین، بیدەین بە دەزگایەکو بیسووتێنێت».

بەپێی وتەی بەرپرسانی ئیدارەی کەرکوک؛ لیژنەیەک کە لە شارەوانیو فەرمانگەی تەندروستیو قایمقامییەتی شارەکە پێکهێنراوە بۆ بەدواداچوونی خۆراکو کالاو گۆشتفرۆشی نایاسایی.

کامیل سالەیی، قایمقامی مەرکەزی (١٠) تەن خۆراکی بەسەرچوو دەستی بەسەردا گیراوەو دواتر سووتێنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەکەی ئێمە کە بۆ لەناوبردنی خۆراکی بەسەرچوو بەردەوامە، ئەگەر خۆراکێکیش گومانی بەسەرچووی لێبکرێت، دەنێردرێت بۆ تاقیگەی تایبەت لە بەغدا».

فــرۆشــیــارانــی شــاری کەرکوک ئاشکرای دەکــەن؛ کە ئەو خــۆراکو پێداویستییانەی دێنە کەرکوک زۆربەی بەکەڵکی بەکارهێنانو خواردن نایەن.

قــادر ســەڵاح، کە فرۆشیارێکی دەستگیر بوو بۆ ڕۆژنامە وتی: «ڕاستە هەندێ جار چاودێریکردن هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەیفرۆشین زۆربەی ئەو خۆراکەی دەیهێنین، ماوەیەکی کەمی ماوە بەسەر بچێت، بۆیە ئێمە بژێویی ژیانمان لەسەر فرۆشتنی خواردەمەنییە، ناتوانین بــێ قــەرەبــووکــردنــەوەی ئەو خۆراکەی دەیهێنین، بیدەین بە دەزگایەکو بیسووتێنێت».

بەپێی وتەی بەرپرسانی ئیدارەی کەرکوک؛ لیژنەیەک کە لە شارەوانیو فەرمانگەی تەندروستیو قایمقامییەتی شارەکە پێکهێنراوە بۆ بەدواداچوونی خۆراکو کالاو گۆشتفرۆشی نایاسایی.

کامیل سالەیی، قایمقامی مەرکەزی کــەرکــوک بە ڕۆژنــامــەی ڕاگەیاند: «ڕێژەیەکی زۆر خۆراکی بەسەرچوو لــە شــارەکــەدا هــەیــە، بــەڵام وەکــو ئامار دەستمان نــەکــەوتــووە، هەر بۆیە هەڵمەتێکمان دەستپێکردووە بۆ لەناوبردنو دەستبەسەرداگرتنی خۆراکیماوەبەسەرچوو،هەڵمەتەکەمان تەنیا بۆ خۆراکی ماوەبەسەرچوو نییە، بەڵکو بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو گۆشتفرۆشانەشە کە بێ مۆڵەت گۆشت دەفرۆشن، یان ئاژەڵ سەردەبڕن».

سالەیی، وتیشی: «ئەو لیژنە تایبەتەی کە دروست بووە بۆ لەناوبردنی خۆراکی بەسەرچوو، لە کارەکانی بــەردەوام دەبێت بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان».

هاوڵاتییانی شــاری کــەرکــوک پێیانوایە؛ بوونی کوالیتی کۆنترۆڵ مەترسییو دڵەڕاوکێیان کەمدەکاتەوە، بەڵام قایمقامی مەرکەزیی کەرکوک بە ئەستەمی دەزانێت دەزگایەکی لەو جۆرە لە کەرکوک دابنرێتو دەڵێت: «کارێکی ئاسان نییە، چونکە دانانی کوالێتی کۆنترۆڵ لە بازگەکانی شارەکە داموەدزگای تایبەتی دەوێت، هەرچەندە ئەو دەزگایە پێویستییەکی سەردەمە، بەڵام ئەو دەزگایە ئێستا تەنیا لەسەر سنوور هەیە».

بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی: چاکسازیم لە سیستمی هاتوچۆدا کردووە

ڕێگریم بۆ دروستکراوەو سکاڵام لەسەرەو زۆر بوختانیشم بۆ کراوە

سازدانی: شارا عەبدولڕەحمان

لیوا مەریوان شێخ کەمال، بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی، لەم دیدارەی رۆژنامەدا ئاماژە بەو چاکسازییانە دەکات کە لە بەڕێوەبەرێتییەکەدا ئەنجامی داون‌و دەڵێت: «ڕێگریی زۆرم بۆ دروستدەکرێت‌و پێموایە، تەمەنم لە پۆستەکەمدا کورتە».

رۆژنامە: باس لەوە دەکرێت کە لەناو بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆی سلێمانیدا، کار بە ئارەزووی کەسیی دەکرێت، نەک یاساو ڕێنمایی، هۆکاری ئەمە چییە؟

* ڕاستە، بەڵام ئەوە لەسەردەمی پێش دەستبەکاربوونی منداا بووە، ئەو بەڕێوەبەرێتییەی ئێمە سیستمێکی هەیەو بەپێی یاساو ڕێنمایی بەڕێوەدەچێت، ئەرکی هەموومانە کە ئەو یاساو ڕێنماییانە جێبەجێبکەین، بەڵام لەوەوپێش هەندێک ڕێنمایی لەم بەڕێوەبەرێتییەوە دەرچوون کە لە بەرژەوەندیی گشتیدا نەبوون‌و لەهەمانکاتیشدا زیانیان بەخەزێنەی حکومەتیش گەیاندووە. ئەو ڕێنماییانەش لەسەر بنەمایەکی ڕێکوپێک دەرنەچوبوون، بەڵکو بەئارەزووی کەسیی ئەو فەرمانانە دەرکرابوون، کە تەنیا لەپارێزگای سلێمانیدا کاریان پێدەکرا، من کە لە (٢٠١٠/٩/٣٠)ەوە دەستبەکاربووم، هەستام بەبنبڕکردنی ئەو شتانە.

رۆژنامە: ئەو شتانە، وەک چی؟

*چەند گۆڕانکارییەکم کرد، هەم لە ڕووی ئیداریی‌ەوە هەم لە ڕووی هونەرییەوە. ئەوەی پەیوەندیی بەسیستمی ئیداریی‌ەوە هەیە، پێداچوونەوەمانکرد بەهەموو کارە ئیداریی‌و یاسایی‌و ژمێریاریی‌یەکاندا کە لەم بەڕێوەبەرێتییەدا کاریان پێکراوە، پێش هەموو شتێک ڕوحی سەربازییم لەناو فەرمانگەکەدا زیندووکردەوە، چونکە ئێمەش وەک هەموو دەزگاکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ بەپێی سیستمی سەربازی کاردەکەین. یەکێکی دیکە لەو شتانەی کە قەدەغەم کرد، ئیمزاکردنی هاتن‌و ڕۆشتنی کارمەندەکانە، کە ئەمە دووڕە لە سیستمی سەربازیی، چونکە سیستمی سەربازیی خۆی لەخۆیدا سیستمێکی تۆندوتۆڵەو ڕوحی سەربازیی ڕێگەی ئەوەی پێنادات کە ئیستیغلالی چواردەورەکەیان بکەن بە کەم دەوامکردن.

هاوکات، لە ڕووی هونەرییەوە کە ئێمە بەڕێوەبەرێتییەکی سەربازیی هونەرین، یەکێک لەو کارانەی کە کرابوو، ئەوەبوو کە هاوڵاتییەک بۆی هەبوو لەماوەی یەک مانگدا تەنیا یەکجار ئۆتۆمبێل بەناوی خۆیەوە تۆمار بکات کە هیچ بنەمایەکی یاسایی نەبوو، ئەم بڕیارەم پوچەڵکردەوەو ئێستا هاوڵاتی دەتوانێت لەڕۆژێکدا لە ئۆتۆمبێلێک زیاتر لەسەر خۆی تۆمار بکات، ئێمە ڕسوماتی لێوەردەگرین کە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی دانراوەو ئەم ڕسوماتەش دەچێتە خەزێنەی حکومەتەوە.

یەکێکی تر لەو ئاگادارییانەی دەرمکرد لەخزمەتی شۆفێراندا، ئەوەیە، ئەو هاوڵاتییەی کە ئەفسەری هاتوچۆ سزا دەسەپێنێت بەسەریدا کە لەشوێنێکدا وەستاوە کە قەدەغەیە، ئەگەر لەو شوێنە ئێمە وەک بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆ هێمامان دانەنابوو، ئەوا بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەمانە ئەو سزایەی بۆ پوچەڵ دەکەینەوە، چونکە ئەو سزایە ناهەقە، ئەفسەرەکانیشمان ئاگادارکردووەتەوە بۆ ئەو مەبەستە.



لیوا مەریوان شێخ کەمال

کارێکی تر کە لەوەوپێش کراوە، ئەوەبوو کە هەر هاوڵاتییەک لەکاتی لێخوڕیندا مۆبایلی بەکاربهێنایە ئەفسەری هاتوچۆ ڕاستەوخۆ ژمارەی تۆمارەدکردو دەینارد بۆ بەڕێوەبەرێتییەکەمان کە سزاکەی (٣٠) هەزار دیناربوو، بێگومان ئەو هاوڵاتییەش ئاگای لێ نییە کە ژمارەکەی گیراوەو لەوانەیە پاش ساڵێک یان دوو ساڵ کە دێت بۆ کارێک، وەک چۆن هەر غەرامەیەک کە مانگێکی بەسەردا تێپەڕبێت دەبێتە دووهێندەو دەبینێت چوارسەد، پێنجسەد هەزار دینار لەکاتی نەدانی غەرامەکە لەکاتی خۆیدا، ئەم شێوە لێپرسینەوەیە هەڵەیە، بۆیە شێوازەکەم گۆڕی‌و کردمان بەوەی، ئەگەر شۆفێرێک لەکاتی لێخوڕیندا مۆبایلی بەکارهێنا، کە بەهەموو شێوازێک قەدەغەیە، مافی ئەفسەرەکەیە، ڕایبگرێت‌و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات‌و دەتوانێت وەسڵی سزای بۆ بکات تا بێتە فەرمانگەو غەرامەکەی بدات.

یەکێکی تر لەکارەکانم، قەدەغەکردنی بردنەوەی ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەرێتییەکەیە بۆ ماڵەوە، کە ژمارەیان (٥٦)ئۆتۆمبێل بوو کە شۆفێرەکان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەکاریاندەهێنان، کە ئەمەم قەدەغەکرد لە بەرواری (١١/١)دا، هاتم بەراوردم کرد لەنێوان خەرجکردنی بەنزین لەنێوان مانگی (١٠)و مانگی (١١)دا کەبینیم لەمانگی (١١)دا (١٨٥٠٦)لیتر کەمتر بەنزینمان سەرفکردووە، کە دەکاتە بڕی (١٨)ملیۆن‌و (٦٠٠)هەزار دینار، واتە لەمانگێکدا ئەو بڕەم گەڕاندووەتەوە بۆ حکومەتی هەرێم، کە ئەمەش جۆرێک بووە لە گەندەلیی.

رۆژنامە: باس لەوە دەکرێت کە لەدوای دەستبەکاربوونتەوە، ژمارەیەکی زۆر لەئەفسەرو کارمەندی هاتوچۆت گۆڕیوە، هۆکاری ئەمە چییە؟

* ئەوە لە ئەنجامی کارکردنمانەوە هەستمانپێکرد کە بەرژەوەندیی گشتیی وادەخوازێت کە ئەو گۆڕنکارییانە بکەم، بەڵام ژمارەیان زۆر نییەو لەپەنجەکانی یەک دەست زیاتر نین. هەرچەندە بانگەشە زۆر دەکرێت کە گوایە من گۆڕانکاریی سەرتاسەریم کردووەو بارودۆخی ناو بەڕێوەبەرێتیم تێکداوە، بەڵام بەو شێوەیە نییە، هۆکاری لابردنەکەش پەیوەندیی بەشێوازی کارکردنیانەوە هەیە، هەندێکیان لەنەشارەزاییانەوە بووەو هەندێکیان پابەند نەبوون بەسیستمی سەربازییەوەو هەندێکیشیان بەبەڵگە لامانە کە ئیستیغلالی کارەکەی خۆیان کردووەو سزای ژمارەیەکیشیان دراوەو گواستراونەتەوە بۆ شوێنی تر.

رۆژنامە: بەڵام لە شوێنی تر، دەتوانن بەو شێوازەی کە هەیانە خزمەت بکەن؟

* حسابمان بۆ ئەوەش کردووە. هەر ئەفسەرێکیشم گواستبێتەوە، لەپێشدا بانگم کردووەو ئاگادارم کردووەتەوە لە کەموکوڕییەکەی ئینجا فەرمانی گواستنەوەم بۆ دەرکردووە.

رۆژنامە: سەروو خۆتت لەم کەموکوڕییانە ئاگادارکردووەتەوە کە لە بەڕێوەبەرێتییەکەدا هەبوون، یان تۆش تاکلایەنە ئەو فەرمانانەت دەرکردووە؟

* من ئەو فەرمان‌و ئارەزووە کەسییانەم کۆکردەوەو هەموویانم ئاراستەی سەروو خۆم کرد کە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هاتوچۆیە، کە ئەم شتانە بەپێی ئارەزووی کەسیی کراون، ئەوانیش ئاگاداریان کردین کە کار بەیاساو ڕێنماییەکانی هاتوچۆ بکەین‌و بەئارەزووی کەسی کارنەکرێت.

رۆژنامە: ئەم کارانەی کە کردووتن، ناویان دەنێیت چاکسازیی؟

*ئەمانە هەم چاکسازین، هەم گۆڕانکارین، هەم نەهێشتنی هەندێک کاری دزێوو نایاسایی‌و و کاری ناشارستانین، هەم بنبڕکردنی بەشێکن لەگەندەڵیی کە لەم بەڕێوەبەرێتییەدا هەبووە.

رۆژنامە: ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامەکانی سلێمانی زیاد دەکات‌و ڕۆژانەش ئۆتۆمبێلی نوێ دێنە کوردستانەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە شەقامەکانمان هەروەک خۆیانن، چارەسەرتان بۆ ئەمە پێیە؟

*هۆکاری ئۆتۆمبێلی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ زۆربەی هێنانی ئەو ژمارە ئۆتۆمبێلەو ئەویش پەیوەندیی بە بەڕێوەبەرێتییەکانی هاتوچۆوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە بڕیارێکەوە هەیە کە لەسەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمەوە دەردەچێت‌و زیاتر پەیوەندیی بە وەزارەتی پیشەسازیی‌و بازرگانی‌و دارایی‌یەوە هەیە ئەوان پێشنیازیان کردووەو دواتر بڕیاری بۆ دەرچووە لەحکومەتەوە، لەهەمانکاتیشدا کەمنەبوونەوەی ئۆتۆمبێلیش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی نوێ کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لەسااڵنی پێشوودا کە هاوڵاتی ئۆتۆمبێلی تازەی دەکڕی، دەبوو ئۆتۆمبێلی بۆ بمراندایە، بەڵام ئێستا بەپێی فەرمانی وەزارەتی دارایی، لەبری ئەوەی ئۆتۆمبێل بمرێنرێت، پارە وەردەگیرێت لەهاوڵاتیان، بۆ چارەسەری ئەوەش بە نووسراوی ژمارە (٢٦١٩٢) لە(٢٠١٠/١١/٣٠) پێشنیازم بەرزکردووەتەوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هاتوچۆ، چەند پێشنیازێکم خستۆتەڕوو لەوانە (ئۆتۆمبێلی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کاتی ڕابگیرێت. ئۆتۆمبێلی لەمۆدێلی (١٩٩٠) ەوە بمرێنرێت. لەبری وەرگرتنی پارە بۆ مەبەستی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل، ئۆتۆمبێلی کۆن بخەنە جێگەکەی) بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکمان بەدەست نەگەیشتووەتەوە.

رۆژنامە: لەچەند مانگی ڕابردوودا، ئەفسەرێکتان بە وەرگرتنی بەرتیل تۆمەتبار کراوەو بۆ ئەو مەبەستەش ئاسایش چووە دەستگیری کردووە کە ئەوە نەگونجاوە هۆکاری ئەمە چییە؟

* ئەو زانیارییە سەد لەسەد تەواوە، ئەوە پێش دەستبەکاربوونی من ڕوویداوە. ئەفسەرێک بووە کە بەرتیلی وەرگرتبوو، لیژنەی لێکۆڵینەوەشی لەسەر پێکهێنراوەو لەئاسایش دەستگیرکرابوو، ڕەوانەی پۆلیسی سلێمانی کرابوو، ئێستا لەشوێنەکەی خۆی لابراوەو هیچ بەرپرسیارێتییەکی نییەو بەمزووانە دادگایی دەکرێت. سەبارەت بەدەستگیرکردنیشی لەلایەن ئاسایشەوە، من خەتای ئاسایش ناگرم، بەڵکو خەتای ئەو دەستە کارگێڕییە دەگرم کە لێرەبوون، چونکە کاری خۆیان نەزانیوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا بکەن.

رۆژنامە: سەبارەت بە ئۆتۆمبێلی ژمارەی ناوەڕاست‌و باشووری عێراق (علوج)، لەمەودوا چ مامەڵەیەکیان لەگەڵ دەکرێت؟

* حکومەتی عێراقی سیستمێکی نوێی داناوە بۆ ساڵانەو مۆڵەت‌و تابلۆو ژمارەی ئۆتۆمبێلیش هەمووی دەگۆڕێت. ئەوانە هەڕێمیش دەگرنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش کارگەی تایبەتی هێناوەتە هەر سێ پارێزگاکەی کوردستان‌و هەموو پێداویستییەکی بۆ دابینکراوەو ستافێکیش لای ئێمەوە چون بۆ بەغداو خولیان بینیوەو چاوەڕێی دوافەرمانی دەستبەرکابوونین. ئێمە تەنیا ساڵانە بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانە تازە دەکەینەوە کە هەڵگری ژمارەی سلێمانین، ئەوەی ژمارەکەی باریکە، بچووکە، ژمارەی ناوەڕاست یان باشوورە، ئێمە هەقمان نییە بەسەرییەوەو تازەشی ناکەینەوە، ئەوانەی کە کارتی زانیارییان هەیە، بۆیان نوێ دەکەینەوە، ئەویش بەفەرمانی وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام کاتێک ئەو سیستمە نوێیە دەستەبەکاربوو، ئیتر هەموو ئیشەکان ڕادەگرین‌و هیچ کارێکیان بۆ ناکرێت، ئەوەش پێویستی بە بڕیارێکی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانە بۆ چارەنووسی ئەو ئۆتۆمبێلانە.

ڕۆژنامە:لەژمارەکانی‌ڕابردووی‌ڕۆژنامەدا، بڵاومانکردەوە کە (٥٧)ئەفسەری هاتوچۆ، داوای لابردنت دەکەن‌و بۆ ئەو مەبەستەش پەنایان بردووەتە بەر سەرکرایەتیی یەکێتی، هیچ بەرەوپێشچوونێکی نوێ لەو مەسەلەیەدا هەیە؟

* من نەهاتووم بۆ ئەم بەڕێوەبەرێتییە بۆئەوەی دڵی ئەفسەرو کارمەندان ڕازی بکەم، نەهاتووم بۆئەوەی خەڵک لێم عاجزنەبێت، هاتووم ئەم سیستمە ڕاگرم بەپێی یاسایەک‌و

«تەمەنم لەپۆستەکەمدا کورت دەبێت»

ئەوەی بەدەر لەو یاسایە کاربکات، ئەرکی منە کە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێم دراوە، سزای بدەم. من دەڵێم، ئەگەر یەک ئەفسەربن، یان (١٠٠٠)بن دەبێت هۆکاری داوای لابردنی من دیاری بکەن، پێموایە ئەوە دەستی چەند ئەفسەرێکی گەندەڵ بێکەڵکە کە گۆڕانکارییەکانی من لە بەرژەوەندییان نەبووەو سوریشم لەسەر ئەوەی کە چاوپۆشی لە سەرپێچی ناکەم ئەوانە ئەگەر ئەفسەر بوونایە ئیمزایان کۆنەدەکردەوە، چونکە ئیمزاکۆکردنەوە لە سیستمی سەربازیدا، واتە سەرکێشی، کە ئەوەش ڕەفزە، بەڵام من چی بکەم کە ئەو ئەفسەرە، بەڵام مەرجەکانی ئەفسەری تیا نییە. ئێستاش من ئامادەم، ئەگەر بەبەڵگەوە سەلمێنرا کە من گەندەڵمو ئەم بەڕێوەبەرێتییە بەرەو خراپی دەبەم، هەقە نەک ئیمزا کۆبکەنەوە، بەڵکو لەدژم بچنە سەرشەقام. ئەوان (٥٧) کەس نین، بەڵکو چەند کەسێکن کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن‌و دەشیاننناسم، بەڵام گەردنیان ئازادبێت، لەدوای ئەوەی کە ئەو زانیارییە لە ژمارەی ڕابردووی ڕۆژنامەکەی ئێوەدا بڵاوبووەوە، کۆمەڵێک ئەفسەری تر دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی ئیمزا لە بەرژەوەندیی من بەبێ ئاگاداریی خۆم، بەڵام من کۆمکردنەوەو پێموتن کە ئەمەم قبوڵ نییە، بۆچی؟ بۆئەوەی دووبارەکی نەکەوێتە ناو فەرمانگەکەمەوە، بۆیە دەڵێم لەبەر بەرژەوەندیی گشتیی ئامادەم بەفەرمانی وەزارەتی ناوخۆ واز لەپۆستەکەم بهێنمو بچمە ماڵەوە.

رۆژنامە: کەواتە هەست دەکەیت کە لەو پۆستەدا ڕێگریت بۆ دروست دەکرێت؟

*بەڵێ، ڕێگریم بۆ دروستکراوەو سکاڵام لەسەر کراوە زۆر بوختانیشم بۆ کراوە، بۆیە دەڵێم، ئەگەر بەم شێوازە کاربکەمو بەو شێوازە کێشەم بۆ دروست بکرێت، دیارە کە تەمەنم لەپۆستەکەمدا کورتە، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەوەم بۆ نەکرا کە دەمەوێت لە چاکسازیی لەفەرمانگەکەو لە سیستمی هاتوچۆدا بکەم، ئەوا دوور نییە دەست لەکارێکێشمەوەو بائەوەشم بیرنەچێت کە بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام بەرژەوەندیی تایبەتی خۆم خستووەتە ئەولاوە، لە (١٩٨٨) ەوە خێزانم پێکهێناوە، تا ئێستا خانووم نییە، ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆشم نییەو کرێچیم.

رۆژنامە: کەواتە سەبارەت بەلابردنەکەت، هیچ ئاگادار نەکراویتەتەوە؟

* بەدڵنیاییەوە نەخێر، قسەو قسەڵۆک زۆر دەکرێت بەتایبەتی کە لەئێستادا من کچێکم باری تەندروستی تەواونییە، بۆ ئەو مەبەستەش مۆڵەتێکی (٢٠)ڕۆژیم وەرگرتووە بۆ ئەوەی بیبەم بۆ هیندستان بۆ چارەسەر، بەڵام یەکێک دەڵێت، مۆڵەتی ئیجباریم پێدراوە، یەکێک دەڵێت، دەریانکردووە، هەریەکەو بەشێوەیەک ئیدیعا دەکات، بەڵام من لەو مۆڵەتەدا، تەنیا بە کاری باوکایەتی خۆم هەڵدەستمو هیچ بانگەشەیەکی ترم بەلاوە گرنگ نییە.

پرۆفایل
لیوا مەریوان کەمال عومەر (١٩٦١) لەدایکبووە
دەرچووی کۆلێجی پۆلیسی بەغدایە
لە (٢٠١٠/٩/٣٠)ەوە وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی دەستبەکاربووە.
ژمارەی تەلەفۆن: (٠٧٧٠١٥٣٥٠٦٥) — (٠٧٥٠١٥٣٥٠٦٥).



پۆلیسێکی هاتوچۆ لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا

فۆتۆ: ئاکام

کۆمیتەکانی یەکێتی ڕێگرن لە گەڕاندنەوەی مامۆستا نانبڕاوەکان

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

لە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە (٤٠) بەڕێوەبەرو یاریدەدەری قوتابخانەکان بەهۆی دەنگدانیان بە لیستی گۆران، سزادراونو پلەکانیان لێ سەندراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی چەند بڕیارێک بۆ گەڕاندنەوەیان دەرچووە، بەڵام بەشێک لە مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتی ڕێگرن لە گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان.

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ی پەرلەمانی کوردستان، کە سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی بە دوای خۆیدا هێناو لە بەرامبەریشدا هێزە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم، بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەکو تۆڵەسەندنەوەیەک، دەستی کرد بە سزادانو ئیجرائاتی دەرکردنو لابردنو گواستنەوەی ئەو فەرمانبەرو کارمەندە حکومییو تەنانەت حیزبییانەی کە دەنگیان بە لیستی گۆران داوە.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (ڕۆژنامە) کەوتوون، دوای نزیکەی دوو مانگ لە کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (٧/٢٥)ی هەرێمی کوردستان لە چەند بەڕێوەبەرێتییەکی پەروەردەی ژێردەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، زیاتر لە (٤٠) مامۆستا کە لە پلەی بەڕێوەبەرو یاریدەدەری قوتابخانەدابوون، بەهۆی لایەنگریی و دەنگدانیان بە لیستی گۆران، ڕووبەڕووی سزای لابردنو گواستنەوە بوونەتەوە.

بەپێی نووسراوی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی ژمارە (٣٣٣٩٩) تایبەت بە (فەرمانی دانانو لابردنی بەڕێوەبەرو یاریدەدەر)، کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٨ دەرچووەو ئیمزای کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی لەسەرە، بڕیاردرا بە گواستنەوەو لابردنی هەریەک لە مامۆستایان (ڕەئوف محەمەد، محەمەد حەمەسدیق، فازڵ حسێن، سەردار سادق) لە پۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانەو کردنەوەیان بەمامۆستا. بە نووسراوی ژمارە (٤٧٤٢٩) بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/٢ بە واژۆی کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی، دەرچووەو تایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٣٣٣٩٩)، جارێکی تر ئەو چوار مامۆستایە بە بەڕێوەبەر.

ڕۆژێک دوای ئەو بڕیارە لە ١٢/٣ دا بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی بە نووسراوی ژمارە (٤٧٦٦٢) هەریەک لەو چوار مامۆستایە لە قوتابخانەکانیانەوە دەگوازێتەوە بۆ قوتابخانەی تر بە پلەی بەڕێوەبەر. هەروەها لە نووسراوی ژمارە (٤٩٢٧١)ی هەمان بەڕێوەبەرێتیدا کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/١٢ دەرچووەو تایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پێشووتر، ئەوە خراوەتەڕوو، «بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە، بڕیارماندا بە هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی کارگێڕیمان بە ژمارە (٤٧٦٦٢) ١٢/٣، بەمشێوەیەی لای خوارەوە (ڕەئوف محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی هێمن، محەمەد حەمەسدیق، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بڵند، فازڵ حسێن، بەڕێوەبەری قوتابخانەی مەولەوی، سەردار سادق، بەڕێوەبەری قوتابخانەی دلێر)، واتا بەپێی ئەم بڕیارە ئەو چوار بەڕێوەبەرە جارێکی دیکە پۆستەکانیان لێ دەسێنرێتەوەو دەکرێنەوە بە مامۆستا.

م.سەردار سادق، یەکێکەلە بەڕێوەبەرە لەسەرکارلابراوەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «حیزب بەشێوەیەک دەستی خستووەتە کاروباری پەروەردەوە، کە پەروەردەی تووشی قەیران کردووەو لەمپەڕە لە بەردەم پێشکستنی ئەو بوارەدا، لە کاتێکدا پەروەردە بنیاتی کۆمەڵگەیەو لە هەموو کەرتەکانی تر گرنگترە، لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا زیاتر لە (٤٠) بەڕێوەبەرو یاریدەدەر لە پلەکانیان دووربخرانەوەو کرانەوە بە مامۆستاو زۆربەشیان گواسترانەوە، ئەوەش شەرمەزاریی و عەیبەیە بۆ حکومەت کە لەم هەرێمەدا حیزبو بەرژەوەندیی حیزبیی بڕیاربەدەستەو هەربڕیارێک حیزب نەیەوێت، جێبەجێ ناکرێت».

دوای هەوڵێکی زۆری بزووتنەوەی گۆڕانو فراکسیۆنەکەی لە پەرلەمانی کوردستان ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاری گەڕاندنەوەی ئەو فەرمانبەرو کارمەندانەی دا کە بە هۆی لایەنگرییان بۆ لیستی گۆڕان نانبڕاو کرابوون. بەپێی نووسراوی ژمارە (٣٩٧٧) ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان (نووسینگەی تایبەتی سەرۆک وەزیران) کە ٢٠١٠/٤/١٩ دەرچووەو ئیمزای د. بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی لەسەرە، تێیدا هاتووە، «لە پێناوی جەختکردنەوە لە بەرجەستەکردنی پرەنسیپی ڕێزگرتن لە یاساو چەسپاندنی چەمکی حکومەتی هاوڵاتیبوون دوور لە دەستێوەردانی سیاسییو بەکارهێنانی حکومەت بۆ کاری سیاسیی، بڕیارماندا (وەرگرتنی ئیجرائاتی یاساییو ئیداریی پێویستو بەپەلە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەر بڕیارێک ئەگەر دراپێت بە هۆکاری سیاسیی یان بەهۆی دەنگدان بە لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو سەبارەت بەدوورخستنەوەی فەرمانبەرو کارمەندی حکومەت لە وەزیفەو گەڕاندنەوەی دەستبەجێیان بۆسەر وەزیفەی پێشوویان بە هەمان پلەو مووچە».

هەروەک لە نووسراوەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا ئاماژە بەوەش کراوە، «هەر بەرپرسێک کاری لەمجۆرە ئەنجام بدات، دووچاری لێپرسینەوەو سزای یاساییو ئیداریی دەبێت».

دوابەدوای بڕیارەکەی نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، بە نووسراوی ژمارە (٦٧٦٧) ی ٢٠١٠/٥/٣ی بەڕێوەبەرێتی گشتیی دیوانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، کە لە ڕۆژی دەرچووەو ئاراستەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی (سلێمانی، گەرمیان) کراوە، داوای جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران دەکات.

بۆ هەمان مەبەست لە ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٦ بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی بە ئیمزای حسێن مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی، نووسراوی ژمارە (٩٦٠٥)ی ئاراستەی بەڕێوەبەرێتییەکانی پەروەردەی (سلێمانی، دوکان، سەیدسادق) کردووەو داوای «گەڕاندنەوەی ئەو مامۆستایانە دەکات بۆ شوێنی خۆیان، کە بە هۆی کاری سیاسیی، یان دەنگدان بە لایەنێکی دیاریکراو ئیجرائاتیان لەگەڵ کراوەو پلەکانیان لێ سەندراوەتەوە».

بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانو بەڕێوەبەرێتی گشتیی دیوانی وەزارەتی پەروەردەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، بە نووسراوی ژمارە (١٩٤٨٩) ٢٠١٠/٥/١٢ بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، بڕیاری گەڕاندنەوەی ئەو مامۆستایانە دەدات بۆ سەر وەزیفەی پێشوویان کە بە هۆکاری سیاسیی لە شوێنەکانیان لابران، بەڵام دوای (٢٠) ڕۆژ لەو بڕیارە جارێکی تر بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی بە نووسراوی ژمارە (٢٢٥١٧) لە ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٣١ بڕیاردەدات بە هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی کارگێڕی ژمارە (١٩٤٨٩) ی ٥/١٢، کە تایبەتە بە گەڕاندنەوەی چەند مامۆستایەکی سزادراو بۆ شوێنو پلەکانی خۆیان.

م. سەردار ئەوەشی خستەڕوو، «لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە (دە) فەرمانی گەڕاندنەوەمان لەلایەن سەرۆکی حکومەتو وەزارەتی پەروەردەو پەروەردەی سلێمانییەوە بۆ دەرچووە، بەڵام بە فەرمانی مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتی بڕیارەکە هەڵوەشاوەتەوە.

ئەو مامۆستایە ئەوەشی خستەڕوو، «بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی دەسەڵاتی نییەو بە ئەمری مەڵبەند کاردەکات، تا ئێستا بەرپرسی حیزبییەکان بڕیاری دانانو لابردنی بەڕێوەبەرو یاریدەدەر دەردەکەن، دەبوو پێش ئێستا بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی دەستی لەکاربکێشایەتەوە، جگە لەوە لە مانگی نیساندا سەرۆکی حکومەت بڕیاری گەڕاندنەوەی سەرجەم نانبڕاوەکانی دا، بەڵام بڕیارەکەی جێبەجێ نەکراوەو کاری پێ نەکراوە، تا ئێستاش سێ جار سەردانی وەزیری پەروەردەمان کردووەو بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکانی پێداین، بەڵام تائێستا جێبەجێی نەکردووە».

هەروەک م. ڕزگار عەلی، کە یەکێکی تڕە لە مامۆستا سزادراوەکانی هەڵبژاردنی (٧/٢٥)، وتی: «ماوەی ساڵێکە لەگەڵ هەردوو یاریدەدەرەکەمدا لە پۆستەکانمان لابراوینو تا ئێستا نەگەڕاوینەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان، چەندجارێک هەوڵی گەڕاندنەوەمان داوەو پێشووتر بەڕێوەبەری پەروەردەی سەیدسادق بێ دەسەڵاتی خۆی دەربڕیوەو پێی ڕاگەیاندووین، کە کۆمیتە ڕێگا نادات ئێمە بچینەوە شوێنەکانی خۆمان».

ئەو بەڕێوەبەرە لادراوە پێیوایە «لە کوردستاندا حکومەت بڕیاربەدەست نییە، بەڵکو بڕیارەکان لە کۆمیتەکانەوە دەردەچن، سەرۆکی حکومەتو وەزارەتی پەروەردە بڕیاری گەڕاندنەوەی ئێمەی داوە، بەڵام حیزب نەیهێشتووە، ئەگەر سەرۆکی حکومەت بە ڕاستی سەرۆکی حکومەتە، بۆچی کار بە بڕیارەکانی ناکرێتو ڕەتدەکرێتەوەو هیچ ئیجرائاتێک ناکات».

هاوکات بەرپرسانی پەروەردە، ئیجرائاتکردن لەگەڵ مامۆستایان لەسەر بیروڕای جیاواز، بە کارێکی نادروست وەسفدەکەن.

ئیسماعیل بەرزنجی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە ئەوە دەخاتەڕوو، «پێشتر کۆمەڵێک بەڕێوەبەر لەسەر بیروڕای جیاواز لەسەر کار لابراون، ئێمە لە وەزارەت نووسراومان بۆ گەڕاندنەوەیان کردووەو بەشێکیان گەڕێنراونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت کەس لەسەر بیروڕای جیاواز لەسەر کار لاببرێت».

هەروەک بە بڕوای م. جەبار محەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی، «پێویست ناکات ئێمە لە پەروەردە لەسەر بیروڕای جیاواز هیچ ئیجرائاتێک لەگەڵ مامۆستایاندا بکەینو سزابدرێن، بەڵکو دەبێت تەنیا لەسەر کەمتەرخەمی مامۆستا سزا بدرێت».

(٣)ژن چوارەو (٩)ژن سیانەیان بووە

لەناو منداڵاندا شەکرەو شێرپەنجەو تالاسیما، زیادیانکردووە

بەدواداچوون: ئاکام ئەبوبەکر

لە نەخۆشخانەی هیوا، ژمارەیەکی زۆر منداڵ کە تەمەنیان لە (٥)ساڵ کەمتر بوو لە باوەشی دایک یان باوکیکی خەمباردا نۆرەیان گرتبوو تا بچنە لای پزیشکی شێرپەنجە، لەو ژمارەیە زیاتریش لەسەر تەختەی نەخۆشخانەکان کەوتوونو گیرۆدەی نەخۆشیی شێرپەنجەن، بەڵام بەپێچەوانەی نەخۆشخانەی هیواوە، ژمارەیەک خەڵکی زیاتر، لەبەردەم نەخۆشخانەی منداڵبوون لە سلێمانی چاوەڕوانی لەدایکبوونی کۆرپەکانیانن و ئومێدی گەورەیان لەسەر ئایندەیان هەڵچنیوە.



نەخۆشخانەی منداڵبوون لە سلێمانی

فۆتۆ: ئاکام

زۆرجـار لەدایکبوونی کۆرپەکان «هیوا»یەکی زیاتر نابەخشێتە دایکانو باوکـان، بەوپێیەی دوای پشکنینە پزیشکییەکان، دەردەکەوێت کە گیرۆدەی چەندین نەخۆشیی وەکو شێرپەنجەو تالاسیماو ئیفلیجی مێشکو پەستانی خوێن بوون.

لە نەخۆشخانەی منداڵبوون لە سلێمانی، ئەمساڵ سێ خێزان بە یەکجار چوار منداڵیان بووە (بە یەک سک چوار منداڵ)، بەڵام پێنج هێندەی ئەو خێزانانە، هەوالی ئەوەیان پێدرا کە کۆرپەکانیان نەخۆشیی شەکرەیان هەیەو شەش هێندەی ئەو منداڵانەش ئیفلیجی مێشکیان هەیە.

بـەپێـی ئـامـارەکـان، نەخۆشییە درێژخایەنەکان لەمنداڵانداببەرزبوونەتەوە، وەک (شـێـرپـەنـجـە، شەکرە، تالاسیما)و پزیشکەکانیش هۆکارە ژینگەییەکانو کەمیی سـەوزایـی بە هۆکاری زیادبوونی ئەو ڕێژەیە دەزانن کە بووەتە مایەی نیگەرانییان.

لە نەخۆشخانەی (هیوا) لە ڕۆژی (٢٠٠٨/١/١)ەوە تـا (٢٠١٠/١٢/١) لەتەمەنی (١-٥)سـاڵ، (٤٤٧)مـنـدااڵ براونەتە ئەو نەخۆشخانەیە کە نەخۆشیی شێرپەنجە، یان هەر نەخۆشییەکی دیکەی خوێنیان توش بـووەو (١٧٣)منداڵیش شێرپەنجەی خوێنیان هەبووەو (٦٦٨) منداڵیش نەخۆشیی تالاسیمایان هەبووە، لەو ڕێژەیەش (١٤٥)نەخۆشیان لە خوار تەمەنی پێنج ساڵانەوە بوون.

د. فەوزیە عەبدولڕەحمان خورشید لە نەخۆشخانەی منداڵبوون، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕێـژەی ئەو منداڵانەی کە بـەزگـماک، یـان دوای مـاوەیـەک لە لەدایکبوونیان، کێشەی جەستەییو ژیرپیان هەیە، ڕوو لە زیادبوونەو ڕۆژانە منداڵمان لا تۆمار دەکرێت کە نەخۆشیی شەکرەو تالاسیماو شێرپەنجەو زەختو ژیریو جەستەیان هەیە».

گۆڕانی جۆری خۆراکو ئەنجام نەدانی وەرزشو هۆکارەکانی ژینگە، کاریگەریی خراپیان لەسەر منداڵان بەجێهێشتووەو پێکهێنانی خێزان لەناو خزمەکاندا زیاتر یاریدەدەرە بۆ زیادبوونی نەخۆشیی لەنێو منداڵاندا.

ئـامـاری نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی، بەڵگەیەکی تری بۆ زیادبوونەکەو ئەمە تەنیا لە شارێک، بێجگە لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان، ڕەنگە زۆر لەمەش زیاتر بێت.

بەپێی ئەو ئامارەی لە نەخۆشخانەی منداڵان دەستمان کەوت، لە ماوەی (١١) مانگی ساڵی (٢٠١٠)دا، ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە (١ ڕۆژ تا ١ساڵە) (٧٤٢٨) منداڵ براونەتە نەخۆشخانەی منداڵانو (٢٢) مـنـدااڵیـان نەخۆشیی شەکرەو (٨)یان نەخۆشیی تالاسیماو (٢٥)منداڵیان نەخۆشیی ئیفلیجی مێشکو (٨٧)منداڵیان نەخۆشیی پەرکەمیان هەبووە.

ئەمە تەنیا بۆ تەمەنی ئەو منداڵانەی کە لە خوار (١) ساڵەوەن، ڕێژەکە جێگای خۆشحاڵیی نییەو ئـامـاژەی خراپیان لێدەکرێتو بەدەمەوەچوونو لێکۆڵینەوەی وردتریان دەوێت.

شلێر فایەق غەریب، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕێژەی لەدایکبوونی منداڵ زۆر زیادیکردووەو لەگەڵ زیاتربوونی ڕێژەی لەدایکبووندا، ڕێـژەی ئەو منداڵانەی کێشەیان هەیە، زیـاتـرەو (تالاسیماو ژیریو شێربەنجەو جەستەیی) هۆکارێکی زیاتر لەو دایکانەدا هەیە، کە تەمەنیان زۆرە، یان منداڵنو خـوار تەمەن(١٨) ساڵنو زۆرێـک لە خیزانەکان لە بەر کەمیی تەمەن گرێبەستی هاوسەرگیرییان نەکردووەو خوێنیان نەپشکنیەوە، ئەوەش منداڵەکانیان تووشی گرفتو نەخۆشی دەکات».

دروسـتـکـردنـی خـێـزان لـەنـێـوان خزمەکانیشدا کە لە کۆمەڵگاکەماندا زۆرە، هۆکارێکی دیکەی نەخۆشیی منداڵانەو بە وتـەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵان: «زیاتربوونی ڕێژەی ئۆتۆمبێلو ئـەو چەکە کیمیاییانەی لە ڕابـردوودا بەکارهاتوونو بەکارهێنانی دەرمان بەبێ سەرپەرشتی دکتۆرو ئەوەی زۆر گرنگە نەبوونی هۆشیاریی تەندروستییە لای تاکی ئێمە کە دەرکەوتەکانی لەمنداڵاندا زیاتركردووە».

بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانەی مـنـدااڵبـوون لە سلێمانی، لە ساڵی (٢٠١٠)دا ڕێـژەی مـنـدااڵبـوون زۆر زیادیکردووەو تا ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/١)، (١٣٣١٤)مـنـدااڵ لـەدایـکـبـوون، کە (٦٧٦١)منداڵیان کورو (٦٥٥٣) کچنو لەوڕێژەیەش (٧٠٥٥) بە نەشتەرگەریی لەدایکبوون.

لەو ڕێژەیەش (٢٨٦)منداڵیان مردوونو (١٧٤)ژن دووانەیان بووەو (٩)ژن سیانەو (٣)ژن چوارەیان بووەو (٣)ژن لەکاتی لەدایکبوونی منداڵەکانیاندا مـردوونو (٦٤٥٦) منداڵ داخلی خوردەج (شووشە) کراونو (٢١٣)منداڵیان مردوونو (١٧١٥) منداڵ لەبارچوون.

د. نەوشیروان غەفور ڕەشید، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێنو لیمفەگرێکان لەنەخۆشخانەی هیوا، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرەڕای نەبوونی تۆێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕێژەی شێرپەنجە لە سلێمانیو دەوروبەری، بەڵام ڕێژەکە بـەڕەو بەرزبوونەوە دەڕواتو ئێستا ژمارەی فایلەکانمان زیاترە لە (٦)هەزارو زیاتر لە(٥٥٠٠)نەخۆشیان شێرپەنجەیانەو ڕێژەکەش زۆر زیادیکردووەو پێویستە لێکۆڵینەوەیەک بکرێت لەسەری».

ئەو شارەزایە، هۆکارەیاریدەدەرەکانو بۆماوەییەکانو نەخۆشیی شێرپەنجەی (مەمک) لەدایکاندا بەهۆکاری زیادبوونی شێرپەنجە دەزانێت لەنێو منداڵاندا، وتیشی: «هۆکارە ژینگەییەکان، تیشکدانەوەی تیشکە زیانبەخشەکانو زیادبوونی گازە ژەهراوییەکانی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن، ڕێژەی شیرپەنجەی خوێن زیاد دەکەنو خۆراکە بەستووەکانو قوتووەکانو ماوە بەسەرچووەکان، کاریگەرییان هەیە لەسەر زۆربوونی نەخۆشییەکەو لەو ووڵاتانەی خواردنی قوتوو زۆر دەخۆن، ڕێژەی شێرپەنجەی کۆڵۆن زۆر زیاترە لە وڵاتیکی تر».

ئاماری نەخۆشخانەی منداڵان بۆ ئەو منداڵانەی کە نەخۆشییان هەبووە لە تەمەنی (١ڕۆژ بۆ ١ساڵ) براونەتە نەخۆشخانە، لە (١١) مانگی ساڵی (٢٠١٠)دا کە ژمارەیان (٧٤٢٨)بووە، کە (٤١٣٢)کوڕو (٣٢٩٦)کچ بوون:

شەکرە	تالاسیما	شەڵەڵ دەماغ	هەرع
22	7	25	87

ئاماری نەخۆشانەی هیوا لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١/١ەوە تا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١. لەتەمەنی (١ -٥)ساڵ بۆ هـەردوو نەخۆشی شێرپەنجەو تالاسیما.

تالاسیما	شێرپەنجە
668	447

دوومانگە، جوتیاران قەرزی کشتوکاڵیان وەرنەگرتووە

هۆشەنگ سەروچاوەیی

دوومانگە وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم، قەرزی بە جوتیاران نەداوەو وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستانیش، هۆکارەکەی بۆ کەمکردنی پارە دەگەڕێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ بریاری دا، قەرز بە جوتیارانی هەرێمی کوردستان بدات، بەڵام ماوەی دوومانگە جوتیاران ئەو قەرزەیان وەرنەگرتووە، لە کاتێکدا کە بۆ ساڵی (٢٠١٠)، وەزارەتی کشتوکاڵ (٥٠)ملیار دیناری بۆ قەرزی جوتیاران تەرخانکرد بۆ کڕینی ئامێری کشتوکاڵییو ئاژەڵو پێویستییە کشتوکاڵییەکانی تر.

لەوبارەیەوە، جەمیل سلێمان، وەزیری کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئـاوی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بڕی ئەو پارەیەی وەک قەرز کە بە جوتیارەکان دەدرا، لە سەرەتای مانگی (١٠)ی ئەمساڵدا تەواوبووە، ئەمەش وایکردووە لەوکاتەوە جوتیارەکان نـەتـوانـن وەک قـەرز پـارە لـە حکومەت وەربگرن».

وەزیری کشتوکاڵی هەرێم، بەڵێنی ئەوەشی دا، کە بۆ ساڵی داهاتوو قەرز بە جوتیاران بدرێتەوەو ڕێژەکەشی زیاد بکرێت.

سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان پەکیان دەکەوێت

ڕۆژنامە

بـەشـێـک لـەسـەنـتـەرە ڕۆشنبیرییەکانی هەرێمی کـوردسـتـان کـارەکـانـیـان دەوەستێتو بەڕێوەبەرەکانیشیان هـۆکـارەکـەی دەگـەڕێـتـەوە بۆ تەرخاننەکردنی پـارە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە.

کەیفی فەقێ ئاڵی، بەرپرسی سەنتەرەکانی شیشار لە دەڤەری بتوێن، ئاماژە بەوە دەکات؛ لەساڵی (٢٠٠٨)وە لەلایەن وەزارەتـی ڕۆشنبیریی و وەزارەتی ناوخۆوە مۆڵەتیان پێدراوە تا لەبوارەکانی کـۆرو سیمینارو وۆرک شۆپدا خزمەتی گەنجانی ناوچەکەیان بـکـەن، بـەڵام بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: تائێستا لـەلایـەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمەوە هیچ هاوکارییەک نەکراوینو لە چالاکییەکانمان وەستاون.

بـەڕێـوەبـەری سەنتەرەی شیشار ئاشکرایکرد، چەند جـارێـک سـەردانـی وەزارەتـی ڕۆشـنـبـیـریـیـان کـردووە بەمەبەستی یارمەتیدانیان، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بوون، وتیشی: «ئێستا بەشێک لەسەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان لە شارو شارۆچکەکان لەکارەکانیان وەستاون، بەهـۆی نەبوونی بوودجەوە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆیان دابین ناکرێتو ناتوانن درێـژە بە کارەکانیان بدەن.

لەبەرامبەردا د.کاوە مەحمود، وەزیـری ڕۆشنبیریوڵاوانی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەشێک لەسەنتەرەکانی شـارو شارۆچکەکان لەلایەن وەزارەتی دارایـیـەوە بودجەیان بۆ دابین دەکراو بەشێکیشیان سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیرینو ئێستا کار بۆ ئەوە دەکەین سەرجەم سەنتەرەکان بگەڕێنینەوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریو بودجەیان بۆ دابین بکەین.

وەزیـری ڕۆشنبیریوڵاوان ڕوونیشکردەوە، کە ئێستا بەشێک لـەو سەنتەرانە گەڕاونەتەوە سەر وەزارەتەکەیو «هەوڵیش دەدەیـن لەمەودوا بەپێی کارو چالاکییەکانیان بودجەیان بۆ دابین بکەین».

بۆ/ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)ی بەڕێز

ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٣، نزیک کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ گوێبیستی بەرنامەیەک بـووم لە (ڕادیـۆی گـۆڕان)ەوە، کە تـەوەری بەرنامەکە تایبەت بـوو بە «کەمیی کارەبا»و هۆکارەکانی.... دوای خستنەڕووی تـەوەرەکـە، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان بەشداریان کردو بێئومێدییو غەمباریان دەردەکـەوت بۆ ئـەو حاڵەتی بێ کارەباییەو ئەو کێشەیەی کە چەندەها ساڵە ئەم حکومەتە نەیتوانیوە چارەسەرێکی تـەواوی بۆ بـدۆزێـتـەوە، چەندەها ڕوونکردنەوە باسکراو هۆکارەکانیشی جێگەی باس بوو، کە هەمووی ڕاست بوو، شایەنی هەڵوێست لەسەر وەرگرتنە، من لێرەدا بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم بابەتە وەکو کەسێکی شارەزا لە بواری سەرچاوە ئاوییەکاندا ئەوە ڕوون دەکەمەوە؛ کە کەمبوونەوەی بـڕی کـارەبـا لـەم مانگانەی دوایـیـدا دەگەڕێتەوە بۆ بەکارنەهێنانی بڕی ئاوی ناو بەنداوەکان بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە هۆکاری دابەزینی زۆری ئاستی ئاو لەو بەنداوانەدا، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هیچ پلانو شارەزاییەک لە لایەن بەرپرسانی وەزارەتـی سەرچاوە ئاوییەکانو وەزارەتـی کـارەبـاوە، بۆ ئـەوەی کە بتوانن ئاستی ئـاوی ئەو بەنداوانە بەشێوەیەک ڕابگیرێت، تاکو لەم مانگانەشدا بتوانن کارەبا بەرهەم بهێنن لەو وێستگانەدا، نەک بەم شێوەیەی ئێستا کە ڕۆژانە لە بەنداوەکانی دووکانو دەربەندیخان بڕێکی ئێجگار زۆر ئاو بـەردەدرێـتـەوە، بـێ ئـەوەی هیچ بڕە کارەبایەکی پێ بەرهەم بهێنرێت. بڕی ئەو ئاوەی کە لە ماوەی نزیکەی دوو مانگدا بەردەدرێتەوە ئەوەندە زۆرە کە هەق نییە سەرۆکایەتی حکومەتو پەرلەمانو لایەنانی ترو هاوڵاتییانی خەمخۆری ئەم هەرێمە لێی بێدەنگ ببن.

پێویستە لێکۆڵینەوەی پێویست لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێت، کە تایبەتن بەو کارەو سەرجەم وەزیرو ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتـی سـەرچـاوە ئاوییەکانو کارەبا بانگهێشتی پەرلەمان بکرێنو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێتو سزا بدرێن، کە ژمارەیان ئەوەندە زۆرە کە بەقەدەر ئەندامانی کۆنگرەیەک دەبن، کە هیچ سـوودو شارەزاییان نەبووە، وە هەروەها پێویستە داوا لە وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانو کارەبا بکرێت کە ڕوونکردنەوە بدەن لەسەر ئەو کارەساتە بە میدیاکانو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

لە کۆتایی وتەکانمدا خوازیارم کە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان خۆیان سەردانی بەنداوەکانی دووکانو دەربەندیخان بکەن تا لە نزیکەوە لە ڕاستییەکان بگەنو بە ئاشکرا قەبارەی ئەم کارە نەگونجاوە بزانن و بە چاوی خۆیان داتاکان ببینن کە چەند سەیرو سەمەرەن....

لەگەڵ ڕێزدا

کۆیە لە بەشەخۆراکی مانگانە نیگەرانە

بریکارێک: (تەنی پیس)م لە فەردە برنجدا دەرهێناوە

راپۆرتی: ئاری سابیر

سەرەڕای ئەوەی ساڵانە سەدان ملیار دینار بۆ دابینکردنی بەشەخۆراکی مانگانەی هاوڵاتییان لە لایەن وەزارەتی بازرگانی عێراق خەرجدەکرێت، ماوەی چەند ساڵێکە ئەو بەشە خۆراکە زۆر بە خراپی دەگاتە هاوڵاتییانی قەزای کۆیە، ئەمەش نیگەرانیی لای هاوڵاتییان دروستکردووە.

جەوهەر سدیق، هاوڵاتییەکی دانیشتووی قەزاکە وتی: «ئەو مادانەی کە زۆر پێویستن وەک رۆنو سابوونو شەکر چەند مانگێکە نەهاتووە، برنجەکەش زۆرخراپەو بۆ خواردن ناشێت کەس وەریناگرێت».

جەوهەر، ئاماژەی بەوەشدا، کە ماڵی بەرپرسان ئەو جۆرە خواردنانەی مانگانە ناخۆن، بۆیە ئاگایان لە هاوڵاتییانی فەقیرو هەژار نەماوە، بە پێویستی دەزانێت بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدواداچوون بۆ ئەو کێشەیە بکەن.

لە ساڵی (١٩٩٦) لە چوارچێوەی بڕیاری (٩٨٦)ی نەوت بەرامبەر بە خۆراک، لە ڕێگەی بریکارەکانی خۆراکو فۆرمی تایبەتی خۆراک، مانگانە (٩) کیلۆ ئاردو (٣) کیلۆ برنجو(٢) کیلۆ شەکرو (١) کیلۆ ڕۆنو (٢٥٠) گرام شیر دەدرێت بە هاوڵاتیان.

بریکارەکانی خۆراکیش، خراپیی کوالێتی خۆراکی بەشەمانگانەی هاوڵاتییان دووپات دەکەنەوە.



کۆیە؛ دوکانی یەکێک لە فرۆشیارانی خۆراک

فۆتۆ: ئاری

زاهیر سابیر؛ یەکێکە لە بریکارەکانی خۆراک لە قەزای کۆیە باسی لەوە کرد کە چەندین جار «تەنی پیس»ی لەناو فەردە برنجدا دۆزیوەتەوە، وتی: «ئەو مادانەی ئێستا لە بەشەخۆراکی مانگانەی هاوڵاتییان دێتە کۆیە، زۆر کەمو خراپن، بەتایبەتی برنجەکەی لە ساڵێکدا تەنیا دوو جار برنجی باش هاتووە، ئەوەی تر زۆر خراپەو بەشێکی زۆری هاوڵاتییان لە بازاڕ بە نرخێکی کەم دەیفرۆشنەوە».

ئەو بریکارەی خۆراک زیاتر ڕوونیکردەوە، کە «بەشەخۆراکی مانگانەی هاوڵاتییان تاکو ساڵی (٢٠٠٣) زۆر بەباشیی دەهات، بەڵام ماوەی (٧)ساڵە هیچ مانگێک سەرجەم مادەکانی بەشەخۆراکی هاوڵاتییان بەیەکەوە نەهاتووە، مانگ هەیە تەنیا یەک مادە دێت».

لە سنووری قەزای کۆیە (٩٧٦٨٩) هاوڵاتیی لە چوارچێوەی (٢٣٧٣٧) خێزان لای (١٨٣)بریکاری خۆراک مانگانە بەشە خۆراک وەردەگرن.

سەبارەت بە ناڕەزایی هاوڵاتییانی کۆیە لە خراپیو نەهاتنی بەشەخۆراکی مانگانە، سەلاح نوری؛ لێپرسراوی بنکەی کەلوپەلی خۆراکی کۆیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: سەرجەم گرێبەستەکانی بەشەخۆراکی مانگانەی هاوڵاتییان لە لایەن وەزارەتی بازرگانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دەکرێدرێتو ئەوان سەرپەرشتی جۆرەکەیو گەیاندنی بۆ شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەو درەنگ گەیشتنو خراپییەی، حکومەتی ناوەندی لێی بەرپرسیارە.

وتیشی: «تاکو ئەرکی دابینکردنی بەشەخۆراکی مانگانەی هاوڵاتییانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان نەدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو کێشەیە بە ئاسانی چارەسەر ناکرێتو بەردەوام دەبێت».

ڕێبەریی وەرگرتنی خوێندکاران و نەبوونی کۆلێژی پزیشکی دەروونیی

سارا فەقێ خدر



ئەو کارەساتو مەرگەساتانەی بە دەستی ڕژێم بەسەر باشووری کوردستاندا هاتوون، کاریگەرییو ئاسەوارییان بەردەوامنو لە شێوەی چەندان گرفتو نەخۆشیی دەروونیی، ڕۆژانە خۆیان نماییش دەکەنەوە!

بۆ نموونە؛ لە هەڵەبجە بەپێی ڕاپۆرتێکی بنکەی چارەسەری دەروونیی (٩٠٪)ی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی تووشی نەخۆشیی دەروونیی وەک: (خەمۆکی، گۆشەگیریی، خورپە.... هتد) بوون، لە ناوچەی گەرمیان بەهۆی کارەساتی ئەنفالەوە چەندان خێزان لە چاوەڕوانی درێژخایەنو ژیانی نەمرونەژی خۆیانەوە دووچاری گرفتو نەخۆشیی دەروونیی بوونەتەوە، ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش بەهۆی ڕاگواستنو وێرانکردنەوەو شەڕی درێژخایەنی(عێراق_ ئێران)یش خەڵکێکی زۆری کەمئەندام کردو تەنانەت دوای ڕاپەڕینیش بەهۆی مینەوە خەڵکێکی تر بوونە قوربانیی. دیارە هەموو کەمئەندامبوونێک ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، نەخۆشیی دەروونییەی لێدەکەوێتەوە.

بارودۆخەکانی دوای ڕاپەڕین، چ سیاسیی بووبن، یان کۆمەڵایەتیی، یان ئابووریی، زەمینەسازکەری بارێکی دەروونیی نائارام بوون بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە بە ژنو پیاو و منداڵو پیرو گەنجەوە، هەر یەکەو بەپێی قەوارەی کێشەکانیان، ڕووبەڕووی نەخۆشیی بوونەتەوە، ئەمانە هەمووی لەلایەک، بەڵام ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان، چ هەنگاوێکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەسەلەیە هەڵهێناوە؟، ئایا بە تەنیا کردنەوەی چەند بنکەیەکی چاکسازیی دەروونیی لە ناوچە کارەساتبارەکاندا، چارەسەری کێشەکە دەکات؟ ئایا وەزارەتی تەندروستیو وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆ تەندروستی دەروونیی کۆمەڵگە، چ بەرنامەیەکیان هەیە؟ بۆچی پێگەیاندنی چەند تۆژەرێکی دەروونیی، یان باشتر بڵێین چەند دەرچوویەکی بەشی دەروونناسی، بەس بێت بۆ چارەسەری دەروونیی کۆمەڵگەیەکی پڕ لە نەخۆش؟! بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە، کاتێک (ڕێبەری وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان) هەڵدەدەیتەوە (کۆلێژی پزیشکی دەروونی)یت بەرچاو ناکەوێت! ئەم حاڵەتە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو بارودۆخە دەروونییەی باسمانکرد.

هەرێمی کوردستان پێویستی بە کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆری دەروونیی هەیە، بەو ئومێدەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو تۆژینەوەی زانستیی بۆ ساڵی داهاتوو هەنگاوی پێویست بنێت.

سۆران، بێ پارکی ئۆتۆمبێلە

ئەحمەد باڵەکی

تائێستا قەزای سۆران پارکی وەستانی ئۆتۆمبێلی تیانییەو ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلیش لەبەر دووکانو ماڵەکاندا هاوڵاتییانی هەراسانکردووە.

سۆران، کە یەکێکە لە قەزا هەرە گەورەکانی هەرێمی کوردستان، تائێستا پارکی وەستانی ئۆتۆمبێلی تیانییە، ئەمەش وایکردووە کە شوفێرەکان ئۆتۆمبێلەکانیان لەبەردەم ماڵان، یان لەسەر کوچەو کۆڵانەکاندا ڕابگرن، ئەمەش ناڕەزایی هاوڵاتییانی لێبکەوتووەتەوەو حکومەت بە کەمتەرخەم دەزانن لە هەمبەر نەبوونی پارکی ئۆتۆمۆبێل.

جەلیل بەشیر، هاوڵاتییەکی دانیشتووی گەڕەکی کۆمەڵگەی گەڵاڵەی قەزای سۆرانە بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە: «ئێمە ڕۆژانە تووشی کێشەو گرفت بووین لەگەڵ شوفێران بە هۆی ئەوەی کە نزیکترین گەڕەکی ناوشاری سۆرانین، بۆیە شوفێران کاتێک کە دێنە بازاڕ ئۆتۆمبێلەکانیان ڕادەگرن بە ناچاریی، یان لەسەر شەقامەکان، یان لەپێش دەرگاکانی ئێمە ڕایدەگرن».

ئەو هاوڵاتییە داوای لە لایەنی پەیوەندیدار کرد، هەوڵێک بدات بۆ دروستکردنی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل لە نزیک ناوشار.

سۆران، گەورەترین قەزایە لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر لەدوای ساڵی (١٩٩١)ەوە بە شێوەیەکی خێرا ڕووی لە زیادبوون کردووە، لە ئێستادا سێ ناحیەو زیاتر لە (٤٠٠) گوند لەخۆدەگرێتو ژمارەی دانیشتووانیشی زیاتر لە (١٨٠) هەزار کەس دەبێت.

عامر قادر، کە دووکاندارێکی ناوشاری سۆرانە، وتی: «لەبەر ئۆتۆمبێلەکان گیرمان خواردووەو هیواداریین لایەنی پەیوەندیدار ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە».

لە بەرامبەردا کرمانج عیزەت، قایمقامی سۆران ئاماژە بەوە دەکات؛ کە زۆربووی ئۆتۆمبێل لە سنوورەکەیان وایکردووە، کە ڕێگەوبانەکان تا ڕادەیەکی زۆر جەنجاڵیی بە خۆیانەوە ببینن بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەمساڵ بۆ ناو سۆران چەندین بەرنامەمان هەیە، وەکو گواستنەوەی شوێنی پیشەوەران و گواستنەوەی پیشانگەی ئۆتۆمبێلەکان کە لە ماوەیەکی کوردتا جێبەجێ دەبن، لەم ماوەیەدا پارکێکی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلیش لەناو سەنتەری سۆران دەکرێتەوە، ئەگەرچی ئەمە کێشەی ناو سەنتەری سۆران سەبارەت بە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل چارەسەر ناکاتو لەمەودواش هەرکەسێک بازارگە دروست بکات، دەبێت ژێرەوە بکاتە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل، ئەگەرنا ڕێی پێ نادەین».

خاشاک مەترسی نەخۆشیی لە بتوێنو پشدەر بڵاودەکاتەوە

بەدواداچوونی: هۆشەنگ سەروچاوەیی

لە هەردوو قەزای ڕانیەو پشدەر، ڕۆژانە سەدان تەن خۆڵو خاشاک بە شێوەیەکی ناتەندروست لەناودەبرێنو مەترسی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشیی ترسناکی لێدەکرێت.

بتوێنو پشدەر کە دوو ناوچەی فراوانو جگە لە مەرکەزی هەردوو قەزاکە، (٩)ناحیە لەخۆیاندەگرنوڕۆژانە لەو دوو قەزایەدا بە سەدان تەن زبڵو خاشاک کۆدەکرێتەوەو دەسووتێندرێت، وێڕای ئەوەی بووەتە مایەی هەراسانی هاوڵاتیان لە ناوچە گەشتیارییەکانو زەویییە کشتوکاڵییەکان تێکەڵ بە سەرچاوەکانی ئاو دەکرێن، تائێستاش نەتوانراوە کارگەیەکی (ریسایکلین) لەو دوو ناوچەیەدا دابمەزرێنرێتو ژینگەی ناوچەکە لە مەترسی پیسبوون بپارێزرێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە شارەوانیی ڕانیەوە دەست ڕۆژنامە کەوتووە، تەنیا لە ڕۆژێکدا لەناو شاری ڕانیە (١٠٥) تەن زبڵو خاشاک کۆدەکرێتەوە، ئەمەش لە شوێنێکی نزیک کە پێیدەڵێن (کلکەی کۆڵێن)، کە چەند سەد مەترێک لە شارەکەوە دوورە، فرێدەدرێتو دەسووتێنرێت، ئەوەش دەبێتە هۆی بێزارکردنی خەڵکی ناوچەکەو بۆنو بەرامە بەسەر شارەکەدا بڵاودەبێتەوە.

بەپێی ئاماریکیش لە شاری قەڵادزە، تەنیا لە ڕۆژێکدا (٨١) تەن زبڵو خاشاک کۆدەکرێتەوە لە نزیک گۆرستانی ناوچەکە ڕۆدەکرێت بێ ئەوەی تەندروستیی هاوڵاتیانی ناوچەکە لەبەرچاو بگیرێت، دەسووتێنرێت.

سەبارەت بە ناحیەی حاجیاواش، ڕۆژانە بەهەمان شێوە ڕێژەیەکی زۆر لە خاشاک کۆدەکرێتەوە لە ناوچەیەک فرێدەدرێت کە پێیدەڵێن (ماکۆک)، کە ناوچەیەکی نیمچە گەشتیارییەو هاوڵاتییان بە مەبەستی گەشت ڕووی تێدەکەن، لە لایەن شارەوانی ناوچەکەوە خاشاکەکە فرێدەدرێت، بووەتە هۆی بێزارکردنی هاوڵاتییانو گەشتیارانی ناحیەکەش.

عەلی حەمەد بەگ؛ قایمقامی قەزای ڕانیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەوڵی جدیمان داوە کارگەی (ریسایکلین) لە ناوچەکە دابمەزرێنین و دوای سەردانمان بۆ لای وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، ئێستا هەموو ئامادەکارییەکمان بۆی کردووە، بەسەرپەرشتی هەردوو ئیداری ناوچەکە، کە بڕیارە لە ساڵی داهاتوودا بکەوێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.



فۆتۆ: هۆشەنگ

شکستهێنانی دیموکراسی وەرزی دادگاییکردنی هزرو قەڵەمی ئازادە



مەحمود عەبدولسەمەد

شـۆڕشـی کـورد شـۆڕشـی برسییەکان نەبوو، بەڵکو زیاتر لە هەموو مەبەستێکی (نەتەوەیی، نیشتمانیی، ئاینیی، چینایەتیی...) بۆ ئازادکردنی (هـزر، دەربڕین، خۆپیشاندانو مانگرتنی بێسانسۆر) بوو، لە دەستپێکدا سەرکردەکانی شـۆڕش: بـە قـسـەی خـۆیـان لەگەڵ وێستی جـەماوەر بـوون، تا دەستیانگرت بەسەر ناوچە گوندنشینەکاندا، ئینجا خەڵکیان خستە ژێـر باڵادەستی (پارتی پێشڕەو)، ئیتر زۆر بە تونديی مامەڵە لەگەڵ هەر ملپێچییەک دەکرا، لێرەدا نامەوێت بچمەوە بەسەر (یەکە یەکەی) هەموو ئەو تراژیدیایەدا، کە لاپەڕەیەکی نەویستراوی مێژووی ئـەو سـەردەمـە دەگـێـڕنـەوە، کە ئێستا بە رۆژگـاری زێڕین پێمان دەفرۆشنەوە.

فەنتازیایەکی ئەرخەوانی بوو، نزیکەی نیو سەدە خەونی پێوەبینرا، بەڵام بە جۆرە شکستخواردنێکی دیموکراسی شرۆڤە بوو، رەنگە هیچ تۆیژێکی کۆمەڵگە هێندەی رووناکبیرانو رۆژنامەنووسانی دەرەوەی دەسـەڵات زیانی تیا نـەکـردبـێت، بـەڵام هـەر لەسەر دەستی سەرکردەکانی ئـەوڕۆو ئەمڕۆداو بەبێ داکۆکی لە کەس، یان لە لایەن ئەوەیە بێجگە لە لێدانو کامێراشکاندنو دەستگیرکردنی رۆژنامەنووس و... زیاتریش.

ئێستا بە چەکێکی کۆنی بەعس و نـوێـی خـۆیـان کـە تۆمارکردنی سکاڵایە، شەڕی رۆژنامەنووسان دەکـرێـت، بـە یـاسـای سـزادانـی عێراقیی دژی رۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندن، نەک بە پێی یاسای رۆژنامەوانیی هەرێم، ئەم مامەڵەیە دژی رۆژنـامـە (ئـازادەکـان) لە کوردستاندا لەم دواییەدا سەریهەڵدا،

ئەی چۆنە سکاڵا لەسەر پەکخستنی سەرژمێریی و بەردەوامیی تەعریبو کوشتنی ئێزدیی و مەسیحیی و هەرەشەو گورەشەی شۆڤێنیزمی عەرەبو تورکمان تۆمار ناکەن؟ ئەی بارودۆخی موسڵو کەرکوک بایی سکاڵایەک نابێت؟!

کە بەرێز سەرۆک کۆماری عێراق سکاڵای لەسەر رۆژنامەیەکی ئەهلیی تۆمارکردو بڕیاری دادگا بە پارە شکایەوە.

ئیتر ئـەمـە بـوو بـە پـەتـاو لایەنەکانی دیکەشی گرتەوەو گەیشتە ئیسلامییەکانیش، سکاڵا لـەسـەر هـەر لایـەنـو کـەسـو کەناڵێک تۆمار بکرێت بە رێگایەکی یاسایی کارێکی رەوایـە، بەڵام ئەوەی رەهەندی تۆڵەو مەبەستی سیاسیی، نەک چاکسازیی، دەدات بەم سکاڵایانە، ئەوەیە کە خاوەن سکاڵاکان قـەرەبـووی خەیاڵیی داوا دەکـەنو بگرە رێگەش بۆ دادگا دادەنێن کە سزای سەختی رۆژنامەنووسەکان بدەن،کە ئەوەش دوو ئەنجامی لێدەکەوێتەوە: یەکەم: مایەپووچکردنی سکاڵاڵەسەرەکەو دووەمیش: تۆقاندنو کپکردنەوەی هـەر ئـاوازێـک کە لەگەڵ رێتمی کۆرسەکانی خۆیاندا نەگونجێت، گوایە بە (یاسا) مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. سەیر ئەوەیە رۆژنامەیەکی نزیکی دەسـەڵاتیش تووشی پەتاکە بووە!

رەنگە لە کوردستاندا کەس ئەوەندەی (یەکگرتووی ئیسلامیی تـووشـی نـالـەبـاریـی سیاسیی نەبووبێت تـاڕادەی کوشتنو ...) لەسەر دەستی دەسەڵاتداو کەچی سکاڵاو قەرەبووشی داوا نەکرد، بەڵام لەسەر کاغەزێک داوای (٢ ملیار دینار) بکات لە رۆژنامەیەک؟؟!

پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەم خاوەن سکاڵایانە خـۆیـان دەسـەڵاتـی راستەوخۆ نین؟ ئەی چۆنە سکاڵا لەسەر پەکخستنی سەرژمێریی و بەردەوامیی تەعریبو کوشتنی ئێزدیی و مەسیحیی و هەرەشەو گورەشەی شۆڤێنیزمی عەرەبو تـورکـمـان تـۆمـار نـاکـەن؟ ئەی بارودۆخی موسڵو کەرکوک بایی سکاڵایەک نابێت؟!

دیـارە مەبەست لـەم جـۆرە سـکـاڵایـانـە، بـا بـاسـی حـەرامو حـەڵاڵی پارەکەشی نەکەین بۆ ئیسلامگەراکان، هەر قەرەبووی زیـانـی وەهـمـیـی نییە، بەڵکو سیاسەتی دادگاییکردنی ئازادییەو (ئیسلامییەکانیش)، لەمەدا لەگەڵ دەسـەڵات هـاوڕان، کـورە ئەو قەرەبووینە سووکن لەچاو ئەوەی ئیسلامییەک باسی (بـەنـدەی) لادەکرێت، ئەویش دەڵێت: «ئەوە ئەگەر زمانیشی ببڕیت، بە قەڵەم هەر قسە دەکات».

خـوانـەکـات ئـەو عەقڵیەتە بالادەست بێت، ئەگینا بە سکاڵاو قەرەبوو قوتارنابین، لە راستیدا ئەم دۆخە کە ئێستا دەستدرێژکار خۆی بە مەزڵوومو یاساپەروەر پـێـشـانـبـدات‌و بـۆ پـارە سکاڵا لەسەر رۆژنامەنووسێکی ئەهلیی تۆمار بکات بە یاسای سەدامیی، بێجگە لە شکستی دیموکراسیو چەواشەکاریی دەسەڵات، هیچی تر نییە.

ویکیلیکسی وەزیرە کوردەکانی بەغدا



هیوا جەمال

میزانییەی (٢٠١١)ی عێراق، بـە ئیمزای زۆرینـەی وەزیـرە کـوردەکـانو کەموکوڕییەکی زۆرو چەند بڕگەیەکی ترسناکەوە، رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەران کراو ئەندامانی کورد لە ئەنجومەنیش، لەو دانیشتنە کشانەوە کە ویسترا خوێندنەوەی یەکەم بۆ میزانییەکە بکرێت.

یـەکـێـک لـە بـڕگـە هەڕەشەئامێزەکانی میزانییەکە، هەناردەکردنی بڕی (١٥٠٠٠٠) بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان، یان بڕینی ئەو بڕەیە لە بودجەی (١٧٪)ی هەرێم.

بەپێی لێکدانەوەیەکی سەرەتایی بـە نرخاندنی یـەک بەرمیل بە (٧٣)دۆلار، ئـەگـەر گرێبەستە نەوتییەکان یەکلایی نەکرێنەوەو نـەوت هـەنـاردە نـەکـرێـت، بڕی (٣,٩٩٦,٧٥٠,٠٠٠)دۆلار کە دەکاتە (٤,٤٧٦,٣٦٠,٠٠٠,٠٠٠)دیـنـار لە بـوجـەی هـەرێـم دەبـڕدرێـت کە نزیکەی (٤٠٪)ی بودجەکە دەکات.

وەزیـرە کـوردەکـان، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ گفتوگۆ لەبارەی میزانییەوە ناڕەزاییان لەسەر ئـەو بڕگەیە دەرنەبڕیوەو لەکاتی ئیمزاکەشیاندا تیبینییان لەوبارەیەوە نەبووە، بەڵکو تێبینیان لەبارەی بابەتی دیکەوە هەبووە.

د. ڕۆژ نـوری شـاوەیـس، جێگری سەرۆک وەزیران، ئیمزای ڕەزامـەنـدیـی کـردووەو تێبینی لەسەر ئـەو بڕگەیە هەبووە کە تایبەتە بە بانکی مەرکەزیو نەرمین عوسمان تەنیا تیبینی لەسەر بڕگەی وەزارەتەکەی خۆی (ژینگە) هەبووە، چەند وەزیرێک ئیمزای ئیمتیناعیان کـردووە، بەڵام هیچ هۆکارێکیان نەنووسیوە.

ئـەوە جـاری یـەکـەم نییە کە بەرپرسانی کورد لەبەغدا دەکەونە تەڵەوە.

زۆربـەی جارەکان، حکومەتی عێراق لە حاڵەتێکدا بووە کە پێویستی زۆری بە کورد بووە، ئەم جارەش گفتوگۆکان لەبارەی میزانییەوە لەکاتێکدابوون کە نوری مالیکی پێویستی زۆری بە کـورد بوو، چونکە حکومەت هیچ ڕێککەوتنێکی

بەو کارەی ئەنجامیاندا، وەزیرە کوردەکان قەیرانێکی گەورەیان دروستکرد کە هەم لەنێوان بەغدا و هەولێر سەرهەڵدەدات و هەم لەناو هەرێمی کوردستانیش سەرهەڵدەدات

کۆتایی لەبارەوە نەکرابوو، بەڵام وەزیرە کوردەکان «بیریان نەبوو، یان فێڵیان لێکرا»و ئیمزایان کرد، تازە فێڵەکە ئاشکرا بوو، بەڵام کێ بەو قسە چەند بارەیە بڕوا دەکات؟

وەزیرەکوردەکان کەزۆربەشیان خۆیان بە سیاسیی دەزانن، ئەمەیان دۆڕاندو نەیانتوانی سیاسەت بکەنو کات لە بەرژەوەندیی گەلەکەیان بەکاربهێنن.

پرسیارێک لێرەدا دێتە گۆڕێ، ئـەویـش ئـەوەیـە کـە بـۆچـی لە میزانییەدا ئەوە بەسەر کوردستاندا دەسەپێنرێتو حوکم دەدرێـت بـەوەی کـە ڕۆژانـە (١٥٠٠٠٠) بەرمیل نـەوت هـەنـاردە بکات؟ وەڵامەکەشی ئەوەیە کە وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم، خۆی رایگەیاند کە لە ساڵی (٢٠١١) دا دەتوانن دەرهێنانی نەوت بۆ زیاتر لە (٢٠٠٠٠٠)بەرمیل ڕۆژانە بەرزبکەنەوە، نوێترین لێدوانیش هی ڕاوێژکارەکەیەتی کە باسی (٢٥٠٠٠٠) بەرمیل دەکات.

دیارە عەرەبەکان بیریان لەوە کردووەتەوە کە بۆچی ساڵانە بڕی (١٧٪)ی بودجەو داهاتی نەوتی بەسرە بدەن بە کورد (لەمەشدا شیعەو سوننە یـەکـگـرتـوون)، لەکاتێکدا کورد خۆی نەوتی هەیە، بۆیە ئەو بڕگەیەیان داناوە کە لەو بڕوایەشدا نیم پاشەکشەی لێ بکەن.

لـێـرەوە گـرفـتـە گـەورەکـە سەرهەڵدەدات، ئەویش گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانە، کە تا ئێستا هیچ شەفافییەتێک لەو گرێبەستانەدا نییەو دوای بەڵێنیش بـە سـەرۆکـی فراکسیۆنەکان، ناوەرۆکەکەیان بۆ پەرلەمانیش ئاشکرا نەکراوە.

کـەواتـە دوو حیزبەکە کە حکومەتی هەرێمیان پێکهێناوە، دەکـەونـە بـەردەم دووڕیانێکی هەستیارەوە، ئەویش یان خستنەبەر ڕووناکیی گرێبەستە نەوتییەکانە، یان بڕینی ئەو بڕە پارەیەیە لە بودجەی هەرێم، بەڵام ئایا ئەوە هەروا بەئاسانی قبووڵ دەکرێت؟

بەو کارەی ئەنجامیاندا، وەزیرە کوردەکان قەیرانێکی گەورەیان دروستـکـرد کـە هـەم لـەنـێـوان بەغداو هەولێر سەرهەڵدەدات‌و هەم لەناو هەرێمی کوردستانیش سەرهەڵدەدات.

بـەو ئـیـمـزایـانـەی وەزیـرە کوردەکانی بەغدا، حکومەتی هەرێم زیاتر بودجەکەی دوادەکەوێت‌و درەنگتر دەگاتە پەرلەمان، چونکە میزانییەکە درەنگ لەبەغدا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەند دەکرێت.

وەزیـرە کـوردەکـان، بێئەوەی ئـۆپـۆزسـیـۆن بـن، خزمەتێکی گەورەیان بە ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان کرد، چونکە ئۆپۆزسیۆن لەمێژە داوای شەفافییەت دەکات‌و حکومەت خۆی نادات بەدەستەوە، بەڵام ئیدی ئیمزاکەی وەزیرەکان بـووە ویکیلیکسی کوردستان‌و دەبێت هەموو ئەوانەی حکومەت لەژێر بەرە دایناون بیانخاتە سەر بەرە.

ئیمزای وەزیـرە کـوردەکـان، ئەوەی زیاتر تۆخکردەوە کە هیچ هەماهەنگییەک لەنێوان ئەندامانی کـورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و وەزیرەکاندا نییە.

خۆپیشاندان، لەنێوان قەڵەمەکەی سەرۆک‌و ئیرادەی پەرلەمانتاراندا



محەمەد ڕەئوف

ئیمزاکردنی «یـاسـای ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان» لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، تـەواو ئەو ڕاستییەی خستەڕوو کە سەرۆک نە گوێ لە شەقام دەگرێت‌و نە حیساب بۆ دەنگی جیاوازو ڕەنگی جیاواز دەکات.

ئەو دەنگەی کە دەیەوێت بە سەرۆک بڵێت، جەنابی سـەرۆک، ئەو ئیمزایەی کە کردت، دژ بە مافـو ئازادییەکانەو سنوورەکانی ئازادیی بەرتەسک دەکاتەوە کە تۆو حیزبەکەت نیو سەدە زیاترە خەباتی لە پێناودا دەکەن.

جەنابی سەرۆک، ئیمزاکەت دژ بە یەک سەدە لە خەبات‌و قوربانیدانی گەلی کوردەو ناکۆکە لەگەڵ خەبات‌و تێڕوانینی مەلا مستەفا بارزانی باوکتاندا کە لە دیدارێکدا لە ساڵی (١٩٦١)داو (٥٠)ساڵ لەمەوبەر دەڵێت، ئامادەم ڕوحو گیانم لەپێناو ئازادیی‌و دیموکراتی کوردستاندا بەخت بکەم، ئایا ڕێگرییکردن لە خۆپیشاندان کە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن‌و زۆرێک لە ڕۆشنبیران‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی، پێیانوایە کە یاساکە خنکاندنی ئازادییەو ڕێگریکردنە لە خۆپیشاندان، نەک ڕێکخستن، پێچەوانەی خەباتی بارزانی‌و حیزبەکان‌و گەلی کوردیش نییە.

ئێوە سوێندتان خـواردووە کە بەرگری لە مافەکانی خەڵکو ئازادییەکانیان بکەن‌و کار بۆ فراوانکردنی مەوداکانی دیموکراسی‌و ئازادییەکانی خەڵک بکەن، بەڵام زۆر بە ئاسانی لە ئیمزاکردنی ئەو یاسایەدا، درک بە پاشەکشەی تەواو دەکرێت لەبوارەداو هەرکەسێک یاساکە بخوێنێتەوە، دەزانێت کە ناکۆکە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤـو ئازادییەکانی هاوڵاتییان.

لە ئێستادا ڕۆشنبیران درک بە جۆرێک لە پاشەکشە دەکەن لە بنەماکانی دیموکراسی‌و ئازادیدا، هەنگاوەکانتان بەو ئاراستەیە بۆنی پاشەکشەیان لێدێت، مەیلەکانات لەو بوارەدا، هێندەی بۆنی دژایەتییان لێدێت، هێندە بۆنی خێریان لێنایەت، حیسابنەکردنتان بۆ داوای ڕۆژنامەنووسان‌و ڕۆشنبیران‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کە ماوەیەکی زۆرە داوات لێدەکەن، یاساکە ئیمزا نەکەیت، جگە لە پاشەکشە لە دیموکراسی‌و ئازادیی، چی دیکەی لێناخوێنرێتەوە.

جەنابی سـەرۆک، ئێوە ئامادەن بانگهێشتی موتڵەگو نوجێفی بکەن بۆ کۆنگرەی حیزبەکەتان کە هەر ئێوەبوون بە دوژمنی سەرسەختی کوردو مافەکانیتان لەقەڵەم دەدا، بەڵام ئامادە نەبوون بانگهێشتی ئەو دەنگە ئازادو ناڕازییانە بکەن کە داوایان لێدەکردیت، ئەو یاسایە ئیمزا نەکەیت، چونکە ئەزموونی هەرێمی کوردستان ناشرین دەکات، ئێوە لەلایەک دروشمی سەربەخۆیی بۆ کوردستان بەرز دەکەنەوەو لەلایەکیش دیموکراسی‌و ئازادیی سەردەبڕن، لەلایەک گوێمان دەئاخنن بە شانازیکردن بە خەباتی بارزانی‌و بارزانییەکان‌و لەلایەکیش قەڵەمەکەتان تیژ دەکەن دژ بە خەبات‌و قوربانیدانی ئەوان، لەلایەک مالێ عێراقییەکان ریکدەخەنەوەو گوێیان لێدەگرن‌و مەرجەکانیان قبووڵ دەکەن، لەلایەکیش قبوولێ ئەو هەموو دەنگەجیاوازەی هاوڵاتییانی خۆتان ناکەن‌و نوکی قەڵەمەکەت دەکەیتە شمشێرو مافـو ئازادیی هاوڵاتییانی وڵاتەکەتی پێ سەردەبڕیت. سەرۆک، کاتی ئەوە هاتووە کە کەمێک لە کورسییەکەت بێیتە خوارەوە، بۆ ئەوەی تەنیا گوێت لەیەک دەنگو سەدا نەبێت، ئەم وڵاتە پرە لە دەنگی جیاوازو بیری جیاوازو ئازاد کە مەرج نییە وەک ئەوانەی دەوروپشتت بیربکەنەوە.

پێشتر لە نووسینێکمدا، داوام کردبوو کە یاساکە ئیمزا بکەیت، چونکە دڵنیابووم لەوەی کە ئیمزای دەکەیتو گوێ بە دەنگی ئازادو ناڕازیی نادەیت. سەرۆک، ئەگەر پێتوایە، زۆرینەی پەرلەمان پەسەندیان کردووە، ئەوە دڵنیابە کە بەشێکی زۆری پەرلەمانتاران، بەناچاریی ئیمزایان کردووەو زۆریش لە یاساکە ناڕازی بوون، هەروەک پەرلەمانتارێک پێیوتم کە دژی یاساکە بـووەو درکی بەوە کـردووە کە دژی مافـو ئازادیی تاکەکانە، بەڵام بە ناچاریی‌و بەهۆی ڕێککەوتننامەی ستراتیژییەوە دەنگی بۆ داوە، کە ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بەوەی کە ئێوە ئەو پەرلەمانتارانەتان نـاردووەتـە پەرلەمان، تەنیا دەسـت بـەرزدەکـەنـەوە بە چاکو خراپ، لەلایەکیش چاوی خەڵکو سەرۆکی هەرێمی پێدەبەستڕێت کە یاساکە گرنگە بـەوەی کە زۆرینەی پەرلەمانتاران دەنگیان بۆ داوەو پەسەندیان کردووە، بەڵام مەترسیدارتر ئەوەیە کە پەرلەمانتار خاوەن ئیرادەی خۆی نەبێتو بەبێ ئیرادەی خۆی، دەست بۆ پرۆژەیاسایەک بەرزبکاتەوە کە پەیوەندیی بە مافـو ژیانو ئازادیی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، ئەوان سوێندیان خواردووە کە پارێزگاریی لە مـافـو ئازادییەکانی خەڵکی بکەن، ئـەوان دونیایەک مووچەو ئیمتیازات لەپێناو بەرگریکردن لە مافی هاوڵاتییانی وەردەگـرن‌و لەوەش نەنگی تر ئەو پەرلەمانتارانەیە کە دەڵێن، بەهۆی وەزعی سیاسییو ڕێککەوتنی ستراتیژییەوە دەنگیان بە یاساکە داوە، ئەگەرنا ئەوانیش ناڕازین لە یاساکە، ئەو بێئیرادەییەیە کە پەرلەمانی ئیفلیج کردووە، ئایا پەرلەمانتارێک سوور بزانێت کە پرۆژەیاسایەک خراپەو دژ بە مافـو ئازادییەکانی کۆمەڵگەیەو دەنگیشی بۆ بدات، جەنابی سەرۆک، چی لێ چاوەڕوان دەکەیت...!

Mrkurd76@yahoo.com

بەتۆمەتی دالّدەدانی راوێژکارانی بەعس، سکالاّ لەسەر بارزانی تۆماردەکرێت

رۆژنامە ناوی ئەو پێشمەرگەو هاوڵاتییانە بڵاودەکاتەوە کە دوو مستەشاری بەعس تۆمەتبارن بە کوشتنیان

راپۆرتی: شاسوار مامە

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەو داواکارییەی کەسوکاری قوربانییانی دەڤەری پشدەری جێبەجێ نەکرد کە داوایانکردبوو، دوو لە راوێژکارەکانی بەعس کە ئێستا لەهەولێر دەسوڕێنەوە، بەسزای یاسایی بگەیەنرێو بەوهۆیەشەوەو بەتۆمەتی دالّدەدانیان، لەدادگا سکالاّ لەسەر بارزانی تۆمارکرا.

هەردوو راوێژپێکراوانی سەردەمی رژێمی بەعس، عەباس بایز بالّو ئاغاو برایم ئاغای کانەبی، کە تۆمەتبارن بە بەشداریکردن لەئەنفالو کیمیاباران‌و کوشتنی هاوڵاتییانی کورد لە سەردەمی رژێمی بەعس، چەندین داوای یاساییان لەدادگاکانی کوردستان‌و دادگای بالاّی تاوانەکانی عێراق لەسەر تۆمارکراوە، بەلاّم تا ئێستا بە ئازادی



عەباس بایز بالّوئاغا

دەسوڕێنەوەو حیزبی دەسەلاّت دەیانپارێزێت.

نەبی عومەر، هاوڵاتییەکی خەڵکی گوندی گرتکەو وتی: «چەندینجار داوامانکردووە کە ئەو (٢)تاوانبارە بەسزا بگەیەنرێن، بەلاّم دەسەلاّت وەلاّمی نەداوینەتەوەو ئەو تاوانبارانەش بە ئازادی دەژین‌و بەئارەزووی خۆیان هەلّسوکەوت دەکەن بە بەرچاوی خەڵکەوە».

ئەو هاوڵاتییە، هەردوو راوێژکارەکەی بەعس بەچەندین تاوانی کوشتن تۆمەتبار دەکات‌و دەڵێت: «برایم کانەبی کەسوکاری ئێمەی دەفرۆشت بە بەعس‌و رژێمی بەعسیش لەسێدارەی دەدان، هەروەها عەباس بایزو برایم کانەبی خەڵکێکی زۆریان بەدەستی خۆیان کوشتووەو بەشێکی زۆریشیان فرۆشتوون بە بەعس»، ئاشکراشی دەکات: «لە سەنگەسەر خەڵکیان دەگرت‌و بەرشەقیان دەدان‌و بە بەرچاوی جەماوەرەوە دەیانکوشتن».

بەپێی ئەو زانیارییانەی رۆژنامە کە لە کەسوکاری قوربانییانی دەڤەری پشدەرەوە وەریگرتوون، عەباس بایز خانووی لەسەنگەسەر دروستکردووەتەوەو لەسالاّنی رابردووشدا بەنهێنیی هاتووەتەوە ناوچەکە، بەلاّم لەم ماوەیەدا حکومەت هیچ هەوڵێکی دەستگیرکردنی نەداوەو هیچکام لە زەویی‌وکانیشی دەستی بەسەردا نەگیراوە، لەکاتێکدا چەندین سکالاّی لە دادگاکانی هەرێم لەسەر تۆمارکراوە.

عەباس بایز بالّو ئاغا، راوێژکاری فەوجی(٩١) بوو کە فەوجەکەی لە سالّی(١٩٨٦) دادامەزراند، بەلاّم پێشتر مەفرەزەیەکی تایبەتی ژمارە (٩)ی سەر بە ئیستخباراتی قەلاّدزێ هەبووە. عەباس بایز، وەکو فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات‌و دلّسۆزێکی سەدام‌و بەعس تۆمەتبارکراوە بە ئەنجامدانی تاوانێکی زۆر کە ئەوانە بەشێکیانن:

کوژرانی (٢)پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە (١٩٧٧/٦/٢٥)دا لە گوندی ماخۆبزنان لە بۆسەیەکی پیاوەکانی عەباسی بایز بالّو ئاغا، بەناوەکانی (عومەر عەبدوڵلاّ، کانەبی رەسوڵ ناوەشتی) هەروەها بریندارکردنی پێشمەرگەیەکی دیکە بەناوی (عەبدوڵلاّ حاجی شێخە گرتکی).

لە سالّی (١٩٧٨) عەباس بایز لە بۆسەیەکدا پێشمەرگەو کادیری کۆمەڵەی رەنجدەران (لەتیف عەبدوڵلاّ)، لە نزیک گوندی بەستەستێن دەستگیرکردو رادەستی بەعسی کردەوە، کە دواتر فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو و رژێمی بەعس لەسالّی(١٩٧٩) لە موسڵ خنکاندیان.

لە (١٩٨٠/٥/١٧)دا لە گوندی (دووگۆمان) ی پشدەر، هێزێکی پێشمەرگەی پارتی سۆسیالیست بە سەرکردایەتیی (حاجی برایم شیرخۆر) کە ئەوکات ئەندامی سەرکردایەتیی ئەو پارتە بوو، کەوتنە بۆسەی عەباس بایز فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (٩)ی سەر بەئیستخباراتی قەلاّدزێو پیاوەکانی توانییان (١٠)پێشمەرگە بە ناوەکانی (حەسەن سور ژاراوەیی، حەسەن حوسێن حەسەن، حوسێن عەبدوڵلاّ محەمەد، خدر حەمەسور پشدەری، رەسوڵ‌سلێمان سەنگەسەری، محەمەد هەمزە قەجەر ژاراوەیی، مەحمودحاجی محەمەد، فەقێ عەبدوڵلاّ فەقێ، عەبدوڵلاّ هەمزە بێشیری، عەلی حەمەئەمین خرۆیلکە) بەدیل بگرن‌و دواتریش لە (١٩٨٠/١٢/٣٠) هەموویان لە موسڵ‌لەسێدارەدران.



هەروەها لە خۆپیشاندەران نەکەن، جگە لەوەی (٢)برا بەیەکەوە بەناوەکانی (رەسوڵ سلێمان مینەو حاجی سلێمان مینە) لەسالّی (١٩٨٢)لە گوندی گرتک دەکوژێت.

لەلایەکی ترەوە، عەباسی بایز بالّو ئاغا، تۆمەتبارە بەکوشتنی قادر لاجانی، کوردی ئاوارەی خۆرهەلاّتی کوردستان بەبەرچاوی ژن‌و منداڵەکانییەوە لە سەنگەسەر لەسالّی (١٩٨٢)داو بریندارکردنی میوانێکی ناوبراو کە دواتر بەهۆی برینەکەیەوە قاچی برایەوە.

لە (١٩٨٣/٧/٢٣)دا عەباس بایزو سیخورێک بەناوی (جەلال حەمەد ئەمین سەروچاوەیی)، (٢) پێشمەرگەی یەکێتی کە ئامۆزابوون بەناوەکانی (محەمەد حەسەن‌و حەسەن حوسێن) لە گوندی سەیداوای رانیە دەکوژن، دواتر عەباس بایز هەرخۆی سیخورەکەشی کوشت.

لەسالّی(١٩٨٤) دا عەباس بایز لە دەربەندی رانیە (٢) پێشمەرگەی یەکێتی کە لای عەبدوللاّی مام عەلی‌ئەندامی پەرلەمانی ئێستای کوردستان پێشمەرگەبوون دەکوژێت.

هەروەها عەباس بایز، تۆمەتبارە بە کوشتنی ئەو هاوڵاتییانە: (ئەحمەد قادر قەمچوغەیی، ئومێد رەسوڵ سونەیی، کوشتنی (٢)هاوڵاتی گوندی ماخۆبزنان، پیرۆت عەولاّ شێخە، حاجی پیرۆت حەمەد، حەسەن ئەمین ژاراوەیی، حەمە ئەبوبەکر چاوشین، خدر حەسەن فەقێ ژاراوەیی، رەسوڵ شێخە عەبدوڵلاّ، رەسوڵ حاجی ئالایی زەنگلاّنی‌و کۆرەکەی، رەسوڵ حاجی شەریف چەکوانی، رەمەزان سورە، سالّح ئیسماعیل سەنگەسەری، سلێمان مۆراد، سەعید حەسەن (شیوعی)، عەبدوڵلاّ ئەحمەد، کوشتنی هاوڵاتییەکی گوندی گرتک، محەمەد ئەبوبەکر، محەمەد عەبدوڵلاّ (مام فەقێ)، محەمەد کەمال (شیوعی)، میرە عەباس مامەند رانیەیی، کانەبی رەسوڵ کانەبی، کۆری عەبدوڵلاّ تاپڕ(شیوعی)، کۆری وەستا عەزیزی دۆلاّ، فاتیمە عەزیز(سەنگەسەر)، فەقێ عەبدوڵلاّ).

کوشتنی شێخ حەمە سالّح تاڵەبانی‌و (٢)لە کچەکانی بەناوەکانی (نازدارو هێرۆ) لە شەوی جەژنی رەمەزان (١٩٨٤/٦/٣٠) لە گوندی کەلکان، پێدەچێت عەباس بایز تۆڵەی کردبێتەوە بەهۆی کوژرانی (٢)خوشکەزای لەهەمان ساڵدا لە گوندی گردجان.

کوشتنی(سەید رەسوڵی بابە گەورە) ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڕەکی هەوارەبەرزەی شاری سلێمانی کە لە (عەبدولڕەحمان قاسملو جیابووبووەوە.

هەروەها تۆمەتباریشە بەکوشتنی (٢) پێشمەرگەی یەکێتی لە هۆزی هەمەوەندی ناوچەی چەمچەماڵ، لە سەنگەسەر لەسالّی (١٩٩٤)داو کوشتنی لاوێکی شاری خانەی رۆژهەلاّتی کوردستان بەناوی(ئاکۆ) لە سالّی (١٩٩٥)دا.

بەپێی سەرچاوەکان، عەباس بایز بالّو ئاغا بەشداریکردووە لە ئەنفالەکانی (١، ٢، ٥، ٦، ٧ و فەرماندەی فەوجی (٩١)ی رژێمی بەعس، لەلایەن دادگای بالاّی تاوانەکانی عێراقەوە بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو ژمارە (١٠٨)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان، هەرچەندە لەدوای راپەڕین بەرەی کوردستانیی لێبووردنی بۆ سەرجەم راوێژپێکراوانی بەعس دەرکردووە، بەلاّم بەپێی سەرچاوەکان عەباس بایز تا سالّی (٢٠٠٣)و رووخانی رژێمی سەدام حوسێن پەیوەندیی هەبووە لەگەڵ بەعس.

عەباس بایزو برایم کانەبی ئامۆزای، چەندین سکالاّیان لەسەر تۆمارکراوە لەلایەن دادگاوە، بەلاّم دەسەلاّتی کوردی ئامادە نییە بیانخاتە بەر دەست دادگاو رێگەی داوە لە هەولێری پایتەخت نیشتەجێبن.

سەردار رەسوڵ کە یەکێکی ترە لە کەسوکاری قوربانییانی دەڤەری پشدەر، ئاماژە بەوە دەکات: عەباس بایز لەگەڵ (ئیتلاعات)ی ئێران دەستی تێکەڵ کردبووو (١٦)کەس لە پیاوەکانی بردبوو بۆ ئێران، بەلاّم دواتر ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون، عەباس بایزیان جێهێشتو هاتنەوەو ویستیان بچنەوە ناو یەکێتی، بەلاّم عەباس بایز بە پیلانێک سەرجەمیانی بە کوشتنداو تا ئێستاش تەرمەکەیان نادیارە.

ئەو هاوڵاتییە، وتیشی: «لەسالّی(٢٠٠٢)دا عەباس بایز بڕی (٧٠) هەزار دیناری سویسری ئەوکاتەی لەگەڵ ئۆتۆمبێلێک بە (٢)کەس بەخشیبوو بۆ ئەوەی من بکوژن، چونکە من هەمیشە سوربووم لەسەر داوای مافەکانمان‌و تۆڵەکردنەوە لەو (٢)تاوانبارە».

وتیشی: «ئەو کەسانەی راسپێردرابوون بۆ کوشتنم، نەیانویست من بکوژن‌و لەئێستاشدا من (٢)سکالاّم لەسەر عەباس بایز هەیە، یەکێکیان بەهۆی کوشتنی براکەم‌و ئامۆزاکەم، دووەمینیشیان بەهۆی هەولّی کوشتنی خۆم».

سەردار رەسوڵ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: «عەباس بایز خۆی لەژێر بالّی پارتی پاراستووەو ئەگەر پارتی پشتگیریی نەکردایە، ئێستا دەدرایە دادگا».

رۆژی (١٢/١٥) لە دادگای بەرایی پشدەر، کەسوکاری قوربانییانی دەڤەری پشدەر، سکالاّیەکی یاساییان لەسەر مەسعود مستەفا بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان تۆمارکرد، بە تۆمەتی دالّدەدانی (عەباس بایزو برایم کانەبی) تۆمەتبارانو راوێژپێکراوان لەسەردەمی بەعس، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن، چەندین جاری تریش داوای یاساییان لەسەر ئەو (٢)تۆمەتبارە تۆمار کردووە، بەلاّم لێپێچینەوەیان لەگەڵ نەکراوەو ئازادن‌و پاریزراون.

کەسوکاری قوربانییانی دەڤەری پشدەر، راشیدەگەیەنن، کە بەهۆی دالّدەدانی ئەو تۆمەتبارانەو بێبەهۆلوێستی‌و بێوەلاّمی سەرۆکی هەرێم لە ئاست داواکارییەکانیان، سکالاّ تۆمار دەکەن لەسەر مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و ئاشکراشی دەکەن، لە دوایەمین سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ دەڤەری پشدەر، داوایەکیان پێشکەشکردووە بۆ بەسزاگەیاندنی ئەو تۆمەتبارانە، بەلاّم وەلاّمیان نەدراوەتەوە. هاوکات، کەسوکاری قوربانییانی دەڤەری کۆیەش پشتیوانیی لە داوای کەسوکاری قوربانییانی پشدەر دەکەن‌و لەکاتی تۆمارکردنی سکالاّکەدا، نوێنەرانی کەسوکاری قوربانییانی کۆیەش ئامادەبوون.

عەبدوڵلاّ ئیبراهیم، بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر، رایگەیاند: «داواکاریی کەسوکاری قوربانییانی ناوچەکە دەگەیەنین بە سەرووی خۆمان‌و پشتگیریی لە داواکەیان دەکەین‌و مافی خۆیانە داوای بەسزاگەیاندنی ئەو کەسانە بکەن کە تۆمەتبارن بەکوشتنی کەسوکاریان».

بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: «دەستبەسەرداگرتنی مولّک‌و مالّی هەرکەسێک، پێویستی بە بڕیاری دادگا هەیەو تا ئێستا بڕیاری لەو شێوەیە نەدراوە».

لەهەموشی سەیرتر ئەوەیە، کە تائێستاش عەباس بایز لە دەڤەری پشدەر دەستی دەڕوات‌و ڕێگەنادات پرۆژەی خزمەتگوزاریی لەناو مولّکەکانیدا بکرێت. بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر، لەم بارەیەوە دەڵێت: «بڕیاربوو پرۆژەی پردی گوندی ئاشوران کە زیان بەزەوی عەباس بایز دەگەیەنێت، دروستبکرێت، بەلاّم خاوەنی کۆمپانیای جێبەجێکار پێی راگەیاندین، کە هەڕەشەی لێکراوەو پێی راگەیەنراوە، ڕێگەنادات ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت»، وتیشی: «ئەگەر داوای یاسایی لەسەر ئەو تۆمەتبارانە تۆمار نەکرابێت، ئەوا ئەگەر بگەڕێنەوە ناوچەکەش، ناتوانین ڕێگریبان بکەین».

عەباس بایز بالّو ئاغا، زۆرجار نکۆڵی لەو تاوانانە کردووە کە دەخرێنە پاڵی‌و باسی لەوە کردووە، کە هەمیشە یارمەتی خەڵکی داوە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا، بەلاّم بەڵگەنامەکان ئەوە ڕەتدەکەنەوەو دڵنیایی دەدەن لە بەشداریی ئەو (٢)راوێژکارەی بەعس لە تاوانەکانی رژێمی بەعسدا.

ناحیەی سەنگەسەر

فۆتۆ: شاسوار

ئازادیی لەنێوان ئیرادەو عەریزەدا

شاخەوان عەلی

رۆژی ٢٠١٠/١٢/١٢ وەک چاوەڕواندەکرا بارزانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٠)ی (یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان – عێراق!)ی واژۆ کرد، کە پێشتر لەلایەن فراکسیۆنی کوردستانییەوە زۆرینەی دەنگی لە پەرلەماندا بەدەستهێنابوو.

هەڵبەت، خۆپیشاندان یەکێکە لە مافەکانی خەڵکو لە تەواوی دەوڵەتانی دنیادابوونی هەیە،لەدەوڵەتانی دیموکراتی، یان ستەمکار، یان ئایینیو و عەلمانیدا... لە حەقیقەتدا خۆپیشاندان دیاردەیەک نییە تەنیا لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا بەرچاو بێت، بە پێچەوانەوە چ قەبارەو چ ژمارەی جارەکانی لەوڵاتانی ستەمکارداگەورەترو زۆرترە، وەک ئەو خۆپیشاندانە گەورانەی لە چینو کوباو عێراقی جاراندا ئەنجام دەدرا، بۆیە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر پێمانوابێت؛ لە هەر جێگەیەک خۆپیشاندان هەبێت ستەمکاریی بوونی نییە، بەڵکو ئەو فەزایەیە کە بۆ خۆپیشاندانەکە، یان هەڵبژاردنەکە ساز دەکرێت، فەزایەک کە مرۆڤ تیایدا ئازادەو هیچ فشارێک لەسەر ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی نییە، لێی ناپرسرێتەوەو سزا نادرێت لەسەر خۆپیشاندانو ئازادییەکانی.

نیو سەدە زیاترە کورد خەونی دەسخستنی ئازادیی هەیە... لە خەباتو بەرخوداندا بووە لەپێناویدا... بەشێوەیەک کە ئازادیی بگەڕێتەوە بۆ ئیرادەی مرۆڤ خۆی، کە زەمینەیەکو ژینگەیەک بۆ ئازادییەکانی بڕەخسێنێت، خەونی ئەوەی هەبووە کە بتوانێت دەست لە ئازادیی راستەقینە بدات... بەڵام زۆر پێش ٢٠١٠/١٢/١٢ هەستکراوە کە ئازادیی لە کوردستاندا بوونێکی ساختەی هەیەو یۆتۆپیایەکە کە بۆ گەمەکردنو هەڵخراندنی مەیلی ئازادیخوازیی ئەم وڵاتە.

ئێستا هێزێک لە کوردستاندا هەیە ئاشکراتر لە هەر کاتێک لە ئازادیی دەترسێتو بە ناوی سنووردانان بۆ ئازادییەکان خەریکە دەستکاریی سەرلەبەری نەخشەی ئازادیی دەکات، ترس لە ئازادیی لای ئەم هێزانە مێژوویەکی تازەتری هەیەو وچانێک دەکەوێتە دوای ئازادیخوازان، زۆربەی هەرە زۆری دەسەڵاتە ستەمکارەکان لە سەرەتاوە ئازادییان کردووەتە دروشمو تا ئەو کاتەی ئازادیی چۆڕێ خۆێنی تیادا بووبێتو قازانجێکی مابێت بۆیان لێی دەپرسن، بەڵام ئەم هێزە ساختانە کاتێک هەستدەکەن چیتر ئازادیی لە خزمەتیاندا نییەو ڕەنگە پێگەیان بلەرزێنێت، ئیتر وردە وردە سنووری ئازادییەکان بەرتەسک دەکەنەوەو سەرەتا بە دیلکردنی مرۆڤەکان بە ناوی ئازادییەوەو دواجار خودی ئازادیی خۆی پێوەند دەکەن .

ئەم قۆناغانە بە ئاشکرا لە مێژووی سیاسیی کوردیدا هەستی پێ دەکرێت... سەرەتا ئازادیخواز، دواتر بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانو تەشویهکردنی،دواجاریش کەسەرەتاکەی لە دەرکەوتندایە پاشەکشەکردنو دیلکردنی خودی ئازادیی خۆیەتی، هەرچەندە ئازادیخوازیی ساختە مەترسییەکی گەورەیە، لەویش گەورەتر بەرتەسککردنەوەوتەشویهیئازادییەکانە، بەڵام هیچ بەڵایەک لەوە خراپتر نییە کە پەشیمان بینەوە لە ئازادییو وەک تەیرێکی عەنتیکە فڕێی بدەینە قەفەزەوە ...

ئێستا ئەو کاتەیە کە ئیتر دەسەڵاتی کوردی خنەخنی ئەوەیەتی لە ئازادیی پاشگەز بێتەوەو بە کاڵایەکی قەڵبی بزانێ بۆ کۆمەڵگەی کوردیو بە هۆی پشێویی و خیانەتو فەسادی بزانێت.

لە مادەی دووەم / برگەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە: کە نابێت مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گرووپێک دژی گرووپێکی دیاریکراو بێت بە هۆی (ئایین، یان نەتەوە، یان ڕەگەز، یان هاندانی گرووپێک دژی گرووپێکی دیکە بێت)، ئەمە یەکێکە لەو برگە مەتاتیانەی کە مەترسییەکی گەورەی هەیە، لەبەرئەوەی (دژ-دژایەتی) چەمکێکی نارۆشنو پێناسە نەکراوە لە بڕیارەکەداو جگە لەوەش نوکتەیە، ئەگەر خۆپیشاندان دژ بە شتێک، لایەنێک، گرووپێک نەبێت، هەڵبەت دژبوون لە خۆپیشانی مەدەنیانەدا بە مانای توندوتیژیی نییەو لە مەغزای ئەم دەستەواژەیەدا شتێکی شاراوەو مەترسیدار هەیە، کە ڕەنگە بتوانێت هەموو خۆپیشاندانێک هەلبووەشێنێتەوە، ئەگەر گرووپێک وابزانێت دژیەتی.

لەکاتێکدا کە بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانو مومارەسەکردنی ئەو مافە پێویستە خۆپیشاندەران عەریزە بدەن بە وەزیری ناوخۆ، یان پارێزگا، قایمقام، ناحیە، دواتر ئەوان ئیمزا لەسەر ئازادییو شێوازو ڕادەی ئەو ئازادییە بکەن... لە ڕاستیدا عەقڵێکی ئاوا جگە لەوەی پێناچێت هیچ لە ئازادیی تێگەیشتبێت، بێگومان هیچ لە مەیلی ئازادیخوازیش نازانێت، سەرباری ئەوەی ژینگەی سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئایینییو کەلتووریو دەزگاکانی کۆمەڵگە فاکتەری بەهێزن بۆ بەرتەسککردنی ئازادییو ڕادەکەی، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین کە ئیرادە پنتی یەکەمو بەهێزترین فاکتەرەکانی ئازادییەو بەو هۆیەشەوە زۆربەی جار یاساو مداخەلەکردنی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانو تەنانەت دەسەڵاتیش لە بەردەم ئیرادەی ئازادییدا نووچیان داوەو نەیانتوانیوە خاوەندارێتی ئازادیی لە خودی مرۆڤ خۆیەوە بگوازنەوە بۆ ناو یاساو دەسەڵاتو دەزگاکانیان، ئەم هێزانەی ئەمڕۆ پێیانوایە، ئازادییەکانمان دەبێت بە حیبری یاسا بنووسرێتەوە بەو شێوەیەی کە دەسەڵات پێی باشە، خۆیان ئامادەی نموونەی زیندووی ڕاپەڕینی (١٩٩١)ن، کە تیایدا ئیرادەی ئازادیی دەگەڕێتەوە لای خەڵکو نە یاساو نە دەسەڵاتی ستەمکاری بەعس، نەیتوانی بە ڕاستیو بۆ هەمیشە قۆرخی بکات... لە دنیای دیموکراتیشدا سوڵتەو یاسا، نەک بەکارهێنانی مافو ئازادییەکان نادەنە دەست وەزیرو قایمقامو ناحیەکان، بەڵکو بە تەواویی دەیگەڕێننەوە بۆ ئیرادەی مرۆڤو بۆ پشتگیریی لەو خاوەندارێتییەی یاساو دەسەڵات، قایمقامو ناحیە پشتیوانن، زەوتکردنی ئازادیی لە خەڵکو سپاردنی بە دەسەڵاتو پۆلیس هەڵەیەکە، کە هەموو ستەمکارەکان دەیکەن لە ماوەیەکی کورتیشدا باجی گەورەی ئەو هەڵەیە دەدەنو جگە لە توندوتیژیی زۆربەی جار شۆڕش و جەنگی ترسناکیشی بەدوادا هاتووە ..

مەیلی ئازادیی، یان سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ بۆ ئازادیی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی یاساو وەزیرو ناحیەکانی نەکردووە، بەڵکو لە ساتێک لە ساتەکاندا مرۆڤ خۆی بڕیاری لە ئازادیداوەو هاتووەتە سەر شەقام... پێدەچێت ئازادیی وەکو خۆراکو هەناسەو ڕەمەکەکان وابێت بە نیسبەت مرۆڤی ژیرەوە، بۆیە زۆربەی جار بۆ دەستکاریی ئازادیی نەگەڕاوەتەوە بۆ بەندو بالۆرە سیاسییو یاساییەکان، ئەمە سەرباری ئەوەی سایکۆلۆژیەتی ئاپۆرا (Psychologie collective) یش وەک (گۆستاڤ لۆبۆن) بە وردیی لێی کۆڵیوەتەوە هەستیاریەکی زیاترو جیاواز تری هەیە لەوەی، کە لە لای مرۆڤ وەکو تاک هەیە، بە ڕای ئەم بیریارە گەمەکردنو وروژاندنو بە کەمگرتنی حەماسی خۆپیشاندان مەترسییەکی گەورەیەو ئەگەر ژیرانە مامەڵەی لەتەکدا نەکرێت، دوور نییە توندوتیژیی وەهای لێبکەوێتەوە، کە دەیانجار زیاتر بێت لەو سلبیاتەی کە لە خۆپیشاندانێک چاوەڕوان دەکرێت ...

هەرچەندە گومانم هەیە عەقڵێکی دروستلەپێشو پاشیئەم بڕیارەوەبێتو هەر لە سەرەتایشەوە باوەڕم وابووە؛ کە سەرۆک ئیمزای دەکاتو ئێستاش هیوام بەوە نییە کە هەڵبپەسێردرێت، بەڵام هیوادارم دەسەڵاتی کوردی پاش ئەو هەڵەیەی بەسەریاندا تێپەڕیوە، پەنجە نەدەن لەگەڵ خۆپیشاندەردا.... چونکە مەترسیی خۆپیشاندان هەرچۆنبێت، زۆر کەمترە لە مەترسیی وروژاندنی خۆپیشاندەر ...

Shakhawan_1979@yahoo.com

ونبوون

ناسنامەیەکی فەرمانبەری کۆمپانیای ئاسیاسێڵ، بە ناوی (عدی عدنان عبد)، بە ژمارە (١٤٥٧) سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٩ ونبووە، هەر کەسێک دۆزییەوە بە سوپاسەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ بارەگای سەرەکیی ئاسیاسێڵ لە شەقامی سالم.
ژمارەی مۆبایل ٠٧٧٠١١٩٥٠٠٦





کاردۆ محەمەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

بۆ دیموکراسییەتو ئازادیی، یاساکە ڕەتدەکەینەوە

یاسا، پێویستییەکی کۆمەڵایەتییەو کۆمەڵ بەبێ یاسا ڕێکخراو نابێت. یاساش لە دامەزراوەیەکی تایبەت لە ناو سیستەمە سیاسییەکەپیدا دادەنرێتو پەسندی دەکاتو لە ڕێکخستنی کۆمەڵدا پیادەی دەکات، چونکە ئەگەر یاسا نەبێت، بەهێز بەسەر لاوازدا زاڵ دەبێتو لەجیاتی هێزی یاسا، یاسای هێز وڵات بەڕێوە دەبات. ناتوانین وێنەی کۆمەڵێکی مرۆیی خاوەن ڕێکخستن بکەین بەبێ هیچ یاسایەک، زەرورەتی بابەتییو ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگریشە کە هەرێمی کوردستان وەک ئەزموونێک دابڕاو نییە لەو ڕاستییەی سەرەوە کە لە گەڵێک بواردا پێوستی بە یاسا، بۆ ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی هەیە.

لە هەموو دۆخێکدا بوونی یاسا بەمانای بەرقەراریی دادو دادپەروەریی نییە، ئەگەر لەپێناوی پاراستنی مافی مرۆڤەکاندا نەبێت.

گەڵێک سیستمی دیکتاتۆرو توتالیتار هەبوونو هەن، بەناوی سەروەریی یاساوە مافی هاوڵاتیان پێشێل دەکەنو ستەم لەگەڵان دەکەن.

لە وڵاتی ئێمەشدا، سەرەڕای بوونی دەستوور، وەک بناغەو سەرچاوەی یاساکان کە دەبوایە مەترسیی نیگەرانییەکانمان لە بەرتەسککردنەوەی مافو ئازادییەکان کەمتربکاتەوە، چونکە ناتوانرێت یاسایەک دەربکرێت کە پێچەوانەی دەستوور بێت، کەچی لە واقیعدا وا نییە، لەبەر گەڵێک هۆکاری سیاسییو فەرهەنگییو کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز، دەستووریش بۆ خواستو مەرامە سیاسییەکان پێشێل دەکرێت.

کاتێک یاسادانەر بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵ یاسارێژی دەکات، دەبێت دەربڕو نوێنەری ئیرادەو خواستی ئازادییە گشتییەکانی هاوڵاتیان بێتو هاودژی جارنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان نەبێت.

دەبێت مافەکە لەچوارچێوەی یاسایی بە شێوەیەکی تەندروستتر ئیرادەکەی بەرجەستە کردبێت.

وەک ئاشکرایە، پەرلەمان لەم خولەیدا سستییەکی بێسنووری لە ئەداکردنی وەک دامەزراوەیەکی سەرەکی لە هەرێمدا هەیە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیداو ئەگەر یاسایەک مەبەستێکی سیاسیی لە پشت نەبێت، خاوەخاویی پێدەکات تا گەیشتن بە نزیکی هاتنی پشووی پەرلەمان، ئەگەر بە پەلەش یاسایەک دەربکات وەک ئەوەی خۆپیشاندانی لێدەکاتو بارودۆخی پێش یاساکە بۆ ئازادیی خەڵک فەراهەمتر بوو لەوەی یاساکە جێگیری کرد. لە ئەرکی بەدواداچوونیدا، ئەندامانی پەرلەمان بۆ کارەکانی حکومەت، ئەگەر بەنیوەناچڵییەک وەڵامی پرسیارێکی پەرلەمانتار بدرێتەوە، هاتنی وەزیر بۆ پەرلەمان بووەتە کارێکی مەحاڵو سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانیش، نەک هەر ئامادە نییە بە شێوەیەکی یاسایی بێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، بەڵکو وەڵامی پرسیارەکان هەر ناداتەوە. دوای ئاراستەکردنی ڕەخنەیەکی زۆر لە شێوازی کاری پەرلەمان لە بەرامبەر حکومەتدا، سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەڵێنی دا هەفتەی جارێک حکومەت بۆ ڕوونکردنەوەو وەڵامی پەرلەمانتاران بهێنێتە پەرلەمانو ئەمەشمان هەر نەدی. هەر لەم ماوەیەدا، پەرلەمان یەکێک لەو یاسایانەی کە دەریکرد، یاسای خۆپیشاندان بوو کە لە پەسەندکردنیدا، داخوازیی پێشکەشکەرانی پرۆژەیاسای خۆپیشاندانو ڕای گشتییو دەنگی شەقامی کوردستان بە هەند وەرنەگیرا. دەسەڵات، زیاتر پەرۆشی دەرکردنی یاسایەکە کە ئیرادەی خۆی تێدا بەرجەستە بکات، نەک خواستو داواکاریی هاوڵاتی، بۆیە ململانێیەکی توند بە ئاراستەی جیاواز لە چەسپاندنی ئەم دوو ئیرادە جیاوازەدا هەیە، ئیرادەی پاوەنخوازیی سیاسیی دەسەڵاتو ئیرادەی ئازادیخوازیی هاوڵاتی. پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان، هەنگاوێکی سەرەتایی مەترسیدارە لەلایەن دەسەڵاتەوە لە شکستپێهێنانی ئەزموونێک کە لە قۆناغی ڕاگوزەردایە بۆ جێگیرکردنی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی مافو دیموکراسی، هەموولایەکی ئازادیخوازو پەرۆش بۆ چەسپاندنی ئەزموونێکی دیموکرات و مەدەنیی، لەسەریەتی کە بە شێوازی ئاشتیو مەدەنییانە بەشداربێت لە ڕەتکردنەوەی ئەم یاسایەدا.

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

لێپرسراوی هونەری
شاخەوان ئەنوەر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠٤٧٣٣٦٤٢



ئاپڕووبەری «ووتەر گێت»

پەندێک بۆ سیاسیی‌و میدیاکارو دادوەرەکانمان

مەم بورهان قانع

رەنگە کەم بن ژمارەی ئەو رۆژنامەنووس‌و سیاسییانەی ئاپڕووبەری «ووتەر گێت»یان نەبیستبێت‌و لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر لەنێو ئەم رۆژنامەنووس‌و سیاسییانەدا، کەمن ئەوانەی دەزانن ئەم ئاپڕووبەرییە چییەو چۆن کەوتووەتەوە.

ئاپڕووبەری «ووتەر گێت»، هاوشانی ئاپڕووبەری «وەرەقەکانی پێنتاگۆن»‌و «مۆنیکا گێت»، ئەو سێ ئاپڕووبەرییەن کە پەیوەندییان بەسیاسەتمەدارانڕ‌و کارەکتەرە سیاسییە سەرەکییەکانی ئەمریکاوە هەیە. «وەرەقەکانی پێنتاگۆن»، ئەو حەوت هەزار بەڵگەنامەیەبوون کە ئاماژەیان بەچۆنێتیی تێوەگلانی ئەمریکا لە جەنگی «ڤێتنام»دا دەکرد، هەروەکچۆن چاونەترسانەو وەک بەرپرسیارێتییەکی رۆژنامەنووسییەو ئەخلاقی‌و سەربازی‌فشاری حکومەتەکەی «ریچارد نیکسۆن»، هەریەکە لە رۆژنامەکانی «واشنتۆن پۆست»‌و دواتریش «نیویۆرک تایمز»، لە سەرەتاکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، کەوتنە بڵاوکردنەوەیان.

ئەوەی جێی باسمانە، ئاپڕووبەری «ووتەر گێت»، هاوشانی ئاپڕووبەری «وەرەقەکانی پێنتاگۆن»‌و «مۆنیکا گێت»، ئەو سێ ئاپڕووبەرییەن کە پەیوەندییان بەسیاسەتمەدارانڕ‌و کارەکتەرە سیاسییە سەرەکییەکانی ئەمریکاوە هەیە. «وەرەقەکانی پێنتاگۆن»، ئەو حەوت هەزار بەڵگەنامەیەبوون کە ئاماژەیان بەچۆنێتیی تێوەگلانی ئەمریکا لە جەنگی «ڤێتنام»دا دەکرد، هەروەکچۆن چاونەترسانەو وەک بەرپرسیارێتییەکی رۆژنامەنووسییەو ئەخلاقی‌و سەربازی‌فشاری حکومەتەکەی «ریچارد نیکسۆن»، هەریەکە لە رۆژنامەکانی «واشنتۆن پۆست»‌و دواتریش «نیویۆرک تایمز»، لە سەرەتاکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، کەمن ئەوانەی دەزانن ئەم ئاپڕووبەرییە چییەو چۆن کەوتووەتەوە.

ئاپڕووبەری «ووتەر گێت»، هاوشانی ئاپڕووبەری «وەرەقەکانی پێنتاگۆن»‌و «مۆنیکا گێت»، ئەو سێ ئاپڕووبەرییەن کە پەیوەندییان بەسیاسەتمەدارانڕ‌و کارەکتەرە سیاسییە سەرەکییەکانی ئەمریکاوە هەیە. «وەرەقەکانی پێنتاگۆن»، ئەو حەوت هەزار بەڵگەنامەیەبوون کە ئاماژەیان بەچۆنێتیی تێوەگلانی ئەمریکا لە جەنگی «ڤێتنام»دا دەکرد، هەروەکچۆن چاونەترسانەو وەک بەرپرسیارێتییەکی رۆژنامەنووسییەو ئەخلاقی‌و سەربازی‌فشاری حکومەتەکەی «ریچارد نیکسۆن»، هەریەکە لە رۆژنامەکانی «واشنتۆن پۆست»‌و دواتریش «نیویۆرک تایمز»، لە سەرەتاکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، کەمن ئەوانەی دەزانن ئەم ئاپڕووبەرییە چییەو چۆن کەوتووەتەوە.

ئاپڕووبەری «ووتەر گێت»، هاوشانی ئاپڕووبەری «وەرەقەکانی پێنتاگۆن»‌و «مۆنیکا گێت»، ئەو سێ ئاپڕووبەرییەن کە پەیوەندییان بەسیاسەتمەدارانڕ‌و کارەکتەرە سیاسییە سەرەکییەکانی ئەمریکاوە هەیە. «وەرەقەکانی پێنتاگۆن»، ئەو حەوت هەزار بەڵگەنامەیەبوون کە ئاماژەیان بەچۆنێتیی تێوەگلانی ئەمریکا لە جەنگی «ڤێتنام»دا دەکرد، هەروەکچۆن چاونەترسانەو وەک بەرپرسیارێتییەکی رۆژنامەنووسییەو ئەخلاقی‌و سەربازی‌فشاری حکومەتەکەی «ریچارد نیکسۆن»، هەریەکە لە رۆژنامەکانی «واشنتۆن پۆست»‌و دواتریش «نیویۆرک تایمز»، لە سەرەتاکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، کەمن ئەوانەی دەزانن ئەم ئاپڕووبەرییە چییەو چۆن کەوتووەتەوە.

ئاپڕووبەری «ووتەر گێت»، هاوشانی ئاپڕووبەری «وەرەقەکانی پێنتاگۆن»‌و «مۆنیکا گێت»، ئەو سێ ئاپڕووبەرییەن کە پەیوەندییان بەسیاسەتمەدارانڕ‌و کارەکتەرە سیاسییە سەرەکییەکانی ئەمریکاوە هەیە. «وەرەقەکانی پێنتاگۆن»، ئەو حەوت هەزار بەڵگەنامەیەبوون کە ئاماژەیان بەچۆنێتیی تێوەگلانی ئەمریکا لە جەنگی «ڤێتنام»دا دەکرد، هەروەکچۆن چاونەترسانەو وەک بەرپرسیارێتییەکی رۆژنامەنووسییەو ئەخلاقی‌و سەربازی‌فشاری حکومەتەکەی «ریچارد نیکسۆن»، هەریەکە لە رۆژنامەکانی «واشنتۆن پۆست»‌و دواتریش «نیویۆرک تایمز»، لە سەرەتاکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، کەمن ئەوانەی دەزانن ئەم ئاپڕووبەرییە چییەو چۆن کەوتووەتەوە.

سیناریۆی ئاپڕووبەرییەکە:

–لە ١٧ی حوزەیرانی سالی ١٩٧٢دا، یەکێک لە پاسەوانەکانی بینای «وۆتەرگێت»، تێبینی دەکات کە شریتی لەزگە بە قوفلی هەندێک لە دەرگاکانی بیناکەوە کراونڕ‌و دەکەوێتە لێکردنەوەیان‌و پاش ماوەیەک، سەرلەنوێ شریتە لەزگەییەکان دەکرێنەوە بەقوفلەکانەوە. دواتر، پاسەوانەکان بانگی پۆلیس دەکەن، ئەمەپش دوای ئەوەی کە گومانیان سەبارەت بە هەلواسینی ئەو شریتە لەزگەییانە لەلا دروستدەبێت‌و پۆلیسیش دەچێتە نێو بیناکەوەو پێنج کەس دەستگیردەکات کە خەریکی دانانی دەزگای رادیۆیی (تنصت) بوون بەسەر پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی لیژنەی نەتەوەیی پارتی دیموکراتەوە (ئەو پارتەی رکابەری پارتەکەی «ریچارد نیکسۆن» بووە، وەکچۆن نیکسۆن لە پارتی «کۆماری» بووە).

– لە ١٥ی ئەیلویلی سالی ١٩٧٢دا، دەستەی سوێندخۆران، تۆمەتی سیخوڕیکردنڕ‌و رەواییدان بەدزیکردنڕ‌و هەلکوتانەسەر–ی رووبەڕووی ئەو پێنج کەسە کردەوە، سەرباری دوو کەسی تر؛ کە پەیوەندییان بەکێشەکەوە هەبووە.

– لە مانگی کانوونی دووەمی سالی ١٩٧٣دا، تۆمەتبارەکان بەکێشەکە تۆمەتبارکرانڕ‌و بەمەپش دادوەری دادگاکەو زۆر لە شایەتەکانڕ‌و لیژنەی سوێندخۆران، ئەو گومانەیان لەلا دروستبوو کە سەرۆک «نیکسۆن»‌و رێکخەری هەلمەتی سەرلەنوێ هەلبژاردنەوەی، لەکێشەکە تێوەگلابن.

– لە مانگی مارتی سالی ١٩٧٣دا، «جیمس مکورد (یەکێک لە حەوت تۆمەتبارکراوەکە) نامەیەک بۆ دادوەری دادگاکە دەنووسێتڕ‌و تێیدا ئاماژەدەکات بەتێوەگلانی لایەنی بالا لە کێشەکە.

– لێکۆڵینەوەکانیش ئاماژە بەبوونی بڕێک پارە دەکەن کە بەتۆمەتبارەکان بوونڕ‌و ئەمەپش هێندەی تر گومانەکانی زیاتر کردووەو دوای بەدواداچوونی ژمێریاریی داراییش، دەردەکەوێت ئەو پارانە پەیوەندییان بەو دامەزراوە داراییانەوە هەیە کە پشتیوانی لە هەلمەتی سەرلەنوێ هەلبژاردنەوەی سەرۆک «نیکسۆن» دەکەن.

– هەردوو رۆژنامەنووس «کارل برنستین»‌و «بۆب وود وۆرد» لە رۆژنامەی «واشنتۆن پۆست»، زانیارییان لە کەسێکی نەناسراوەوە دەستدەکەوێت؛ کە لەو ماوەیەدا وەهای بەباشدەزانێت ناوی خۆی بە «دیپ پروت» بناسێنێتڕ‌و ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات، پەیوەندییەک هەیە لەنێوان پرۆسەی دزیکردنڕ‌و سیخوڕیکردنەکەوەهەولدان بۆ پەردەپۆشکردنی، هەروەها لەنێوان لایەنی رەسمیی بالادا، وەک وەزارەتی دادو نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالی‌و ئاژانسی ناوەندی هەوالگری، تا دەگاتە کۆشکی سپی‌و هەردوو رۆژنامەنووسەکەپش دەکەونە بڵاوکردنەوەی.

– لەبری ئەوەی کێشەکە تەنیا بەتۆمەتبارکردنی تۆمەتبارەکان کۆتایی پێ بێت، رۆژ بەرۆژ لێکۆڵینەوە لەبارەی سەرەداوەکانی ئەم هەولە سیخوڕییەوە، فراوانبوونی زیاتر بەخۆوە دەبینێت، تا ئەوراەی لێکۆڵینەوەکە تیمی «کۆشکی سپی»شی گرتەوە.

– لە رۆژی ٣٠ی نیسانی سالی ١٩٧٣دا، سەرۆک «ریچارد نیکسۆن» دوان لە راوێژکارەکانی لابرد، ئەمەپش (گوایە) بەهۆی تێوەگلانیانەوە بوو لەو کێشەیە.

– لە ١٧ی مایسی سالی ١٩٧٣یشدا، دانیشتنەکانی گوێگرتن لە ڕێوشوێنەکانی دادگاییکردنی کێشەکە، لە ڕێی تۆرەکانی تەلەفزیۆنەوە پەخشکراو بەمەپش پێگەی جەماوەریی سەرۆکی تا ئاستێکی زۆر دابەزاند.

– لێکۆڵینەوەکان، ئاماژەدەکەن بەبوونی سیستمی تۆمارکردن لە کۆشکی سپی‌و لیژنەی لێکۆڵینەوە داوای شریتەکان دەکاتڕ‌و سەرۆکیش داواکە ڕەتدەکاتەوە، ئەمەپش گوایە پاڵپشتە بە بەکارهێنانی ئەو دەسەلاتەی کە هەیەتی.

– کۆشکی سپی، دوای سڕینەوەی چەند بەشێکی گرنگی شریتەکانڕ، بەناچاریی شریتەکان دەداتە لیژنەی لێکۆڵینەوە. پاساوی سڕینەوەی ئەو بەشانەی نێو شریتەکەیشی بۆ ئەوە گەراندبووەوە کە بەهەلە سڕاونەتەوەو CIAیش بەو پاساوەی کە شریتەکان هەندێک شتیان لەخۆگرتووە، زیانیان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، ڕێگری دەکات لە بەدەستهێنانی بەشەکانی تری شریتەکان.

– لە ڕۆژی ١٤ی تەممووزی سالی ١٩٧٤دا، دادگاکە بڕیار بەنادەستووریبوونی ئەو بڕیارەی سەرۆک دەدات، سەبارەت بەشاردنەوەی چەند بەشێکی شریتەکانڕ‌و لە ڕۆژی ٣٠ی تەممووزیشدا، توانرا ناوەڕۆکی تەواوەتی شریتەکان ئاشکرابکرێن.

– لە ٢٨ی کانوونی دووەمی سالی ١٩٧٤دا، سەرۆک «نیکسۆن» بەتۆمەتی درۆکردن لەگەڵ FBI تۆمەتبارکرا.

– لە ١ی مارتی ١٩٧٤دا، حوکمی کۆتایی بەسەر حەوت تۆمەتبارکراوەکەدا دەرچوو ئاماژەیش بەسەرۆک «نیکسۆن» کرابوو کە دەستی لە کێشەکەدا هەبووە.

– بارەی سەرۆک «نیکسۆن» لە رووی دەستوورییەوە بەڕەو خراپتر ڕۆیشت، ئەمەپش لەوکاتەدا کە کۆنگرێس بۆ دورخستنەوەی لە پۆستەکەی، دەستی بەوتوێژکردن کرد..

–دوای ئەوەی کە بووە شتێکی بەڵگەنەویست کە زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرێس دەنگ بۆ دورخستنەوەی سەرۆک لە پۆستەکەی دەدەن، «نیکسۆن» بڕیار دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستەکەی داو دواتر لە گوتارێکی تەلەفزیۆنیدا، بەڕەسمیی دەستلەکارکێشانەوەکەی ڕاگەیاند.

– ڕۆژی ٨ی ئەیلول، «جیرالد فۆرد» پۆستی سەرۆکایەتیی وەرگرتڕ‌و لێبوردنێکی سەرۆکایەتیی بۆ «ریچارد نیکسۆن»ی سەرۆکی پێشوو دەرکرد.

– لە سالی ٢٠٠٥یشدا، زانرا ئەو کەسەی لەلای هەردوو رۆژنامەنووس «کارل برنستین»‌و «بۆب وود وۆرد» خۆی بە «دیپ پروت» ناساندووەو بۆ یەکەمین جار سەردەاوی ئەو کێشەیەی ئاشکراکردووە، جێگری بەڕێوەبەری نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالی بووەو ناوی تەواوی «مارک ولیاک فلت»ە.

دەرەنجامەکانی ئاپڕووبەرییەکە:

سەرەنجامڵەدوایئەمکێشەیەوئاشکرابوونی لە ڕێی ناوەندەکانی میدیاو بەتایبەتی ئەو دوو ڕۆژنامەنووسەو بەدواداچوونی لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ سەرەداوەکانی‌و بڕیاری کۆتایی بەتۆمەتبارکردنی سەرۆک «نیکسۆن» لەوەی کە دەستی هەبووە لەپشتی کارەکەوە، ئەم دەرەنجامانەی لەناوخۆی ئەمریکادا لێکەوتەوە:

– دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک «نیکسۆن»‌و لابردنی هەندێک لە یاریدەدەرانی.

– پارتی کۆماری (پارتەکەی ریچارد نیکسۆن)، پێنج کورسی لە ئەنجومەنی کۆنگرێس (کە لە١٠٠ کورسی پێکهاتووەو هەر دوو کورسی نوێنەرایەتیی ویلایەتێک دەکەن)‌و لە دەستدانی ٤٩ کورسی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ بەرژەوەندیی دیموکراتەکان.

– گۆڕانکاریی لە پرۆسەکانی کۆمەککردنی هەلمەتەکانی هەلبژاردندا کرا بەجۆرێک کە ئەم کۆمەککردنە بخرێتە ژێر چاودێریی فیدرالییەوە.

– شێواندنێکی زۆری وێنەی کاری یاسایی‌و پارێزەری، ئەمەپش بەهۆی تێوەگلانی هەندێک پارێزەر لە کێشەکە.

– ئاپڕووبەرییەکە، ڕوانینێکی خراپی سەبارەت بەکاری سیاسیی لەدوای خۆی بۆ خەلکی بەگشتیی بەجێهێشتڕ‌و پاشگرەکەپشی بووە خەسڵەتێکی هەموو ئاپڕووبەرییەکی سیاسیی (وەکچۆن لە کوردستانیشدا ناولێنانی لەمجۆرەمان هەیە)(٢).

ئەو پەندانەی لە ڕێی ئەم ئاپڕووبەرییەو دەرەنجامەکانییەوە فێری دەبین:

ئەم کێشەیە کە ڕووداوێکی گرنگەو یەکێکە لە ڕووداوە گرنگەکانی سەدەی بیستەم (ئەو سەدەیەی کە بەسەدەی تەقینەوەی زانیارییەکانڕ‌و سەدەی لێوانلێو لە جەنگڕ‌و ڕووداو ناسراوە)‌و لە یەکێک لە وڵاتە هەرە زلهێزەکانی جیهاندا ڕوویداوەو پەیوەندیی ڕاستەوخۆیشی بە لوتکەی دەسەڵاتەوە هەیە لەم وڵاتەدا، دواتر بڵاوبوونەوەو ئاشکرابوونڕ‌و ڕێرەوی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنەکەیڕ‌و چۆنێتیی بڵاوکردنەوەیڕ‌و دواجار دەرەنجامەکانی، دەکرێت ببێتە پەند بۆ هەموو ئەو توێژو کارەکتەرانەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەپرسێکی لەمجۆرەوە هەیە، کە لێرەدا تەنیا کارێگەرییەکانی بەسەر سیاسییڕ‌و میدیاکارو دادوەرەکانەوە دەخەمەڕوو:

١– سیاسییەکانڕ‌و پەرلەمانتارەکان:

ئەم ئاپڕووبەرییە، ئەو چیرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە لەوەی کە کاتێک بنەماکانی دیموکراسی دەچەسپێنڕ‌و دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەلەیەکتری جیادەکرێنەوەو دەسەڵاتەکان چاودێر دەبن بەسەر یەکتریەوەو هەریەکەیان بەجیا کاری خۆی دەکات‌و میدیایش دەبێتە چاودێرو «دەسەڵاتی چوارەم»، ئەمە وادەکات کە سیاسییەکان لەبەردەم سەروەریی یاسادا بچووکببنەوەو نەتوانن پێشێلی دەستوور بکەنڕ‌و لەو دەسەڵاتەپش زیاتر بەکاربهێنن کە لە دەستووردابۆیان جێگیرکراوە.سەرباریئەوەی، ئەوەپش بۆ پەرلەمانتارەکان وەبیردەهێنێتەوە: ئەوانەی چوونەتە پەرلەمان، نوێنەری خەڵکن، نەک نوێنەری حیزبەکەیانڕ‌و دەبێت داکۆکیکەری سەرسەختی خەمڕ‌و کێشەکانی خەڵکڕ‌و پارێزەری ڕاستەقینەی دەستووروبنەماکانیشی بن، وەکچۆن «نیکسۆن» دڵنیابوو لەوەی پەرلەمانتارانڕ‌و ئەندامانی کۆنگرێسی سەر بەحیزبەکەپشی لە دژی دەنگدەدەنڕ‌و لە کۆنگرێسدا دەنگی زۆرینە بۆ لابردنی مسۆگەر دەکرێت، هەربۆیە بەناچاریی دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە، بۆیە پێویستە نوێنەرانمان لە پەرلەمانی کوردستانڕ‌و عیراقیش، لەبری مامەلەکردنڕ‌و هەلوێستوەرگرتن بەئەقلییەتی تەسکی حیزبایەتییڕ‌و شەخسپەرستیی، بەپیرۆزییەکانی گەلەکەیانەوە پابەندبن کە ئەوانیش دەستووروڕ‌و زامنکردنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسییڕ‌و ئازادیی خۆپیشاندانڕ‌و تەواوی ئازادییەکانە، لەگەڵ گێرانەوەی خورمەت بۆ مافی هاوڵاتیبوونڕ‌و داکۆکیکردنی سەرسەخت لە کێشەکانی گەلەکەیان، تەنانەت ئەگەر زانیشیان کەسی یەکەمی حیزبەکەیان سوکایەتیی بەو پیرۆزییانەوە دەکات، وەکچۆن ئەمە بەپرسیارێتییەکی ئەخلاقیڕ‌و هاوکات وەزیفیشە.

٢– میدیاکاران:

هەردوو رۆژنامەنووسی بەناوبانگ «کارل برنستین»‌و «بۆب وود وۆرد»، پاڵپشت بە چاونەترسییانبۆبەدواداچوونڕ‌و بڵاوکردنەوەی وردەکاریی ئەم ئاپڕووبەرییە، کە ئەم کارەیان دەکەوێتە نێو کاری ڕۆژنامەنووسیی پشکنین (الصحافة الإستقصائية)ەوە، لەو کاتانەدا، بەشێکی زۆری کاتی خۆیان بۆ ئاشکراکردنی تەواوی وردەکارییەکانڕ‌و سەرەداوەکانی ئەم ئاپڕووبەرییە تەرخانکردڕ‌و ڕەچاوی وردبینیی، دادوەریی، دڵسۆزیی، بێلایەنیی–یان لە بڵاوکردنەوەیدا کرد، هەروەکچۆن ئەمانەیش بەشێکن لە پرەنسیپەکانی ئێتێکی ڕۆژنامەنووسیی سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا(٣)، سەرەڕای پابەندبوونیان بەبنەماکانی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسییەوە. بۆیە، ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە کە دواتر خەڵاتی «پۆلیتزەر»یان پێبەخشرا، دوو مۆدێلی لێکچون سەبارەت بەکاریگەریی میدیاو چاودێریی میدیاو بەدەسەڵاتبوونی میدیاو گەورەیی ڕۆژنامەنووس تەنانەت لەبەردەم کارەکتەرە سیاسییڕ‌و کەسی یەکەمی وڵاتیشدا، تا ئەو ڕادەیەی لە ڕێی چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیڕ‌و بوونی یاساگەلێک‌و دەستوورێکی دیموکراسیڕ‌و کراوەدا (نەک بوونی یاساگەلێک کە فەزای ئازادیی ڕەخنەگرتنڕ‌و فەزایی خۆپیشاندانڕ‌و ڕادەربڕین تەسکبکاتەوە، وەک لە یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە ٣٥ی سالی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستان‌و ئەو یاسای خۆپیشاندانەیشدا هەیە کە هەفتەی رابردوو سەرۆکی هەرێم ئیمزای کردو هەر لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا نارەزایی ڕۆشنبیرانڕ‌و ئۆپۆزسیۆنڕ‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لێکەوتەوە)‌و هەروەها بوونی خروقاتی یاسایی‌و ئەخلاقی لەلایەن سیاسییەکانەوە، میدیاکار دەتوانێت سیاسییەکان بخاتە زبڵدانەوە، تا ئەو ڕادەی ئەگەر سیاسییەکان سەرۆکی وڵاتیش بن (وەک لە چیرۆکی ئاپڕووبەری «ووتەر گێت»دا بۆمان ڕوونکراوەتەوە).

٣–دادگاو دادوەرەکان:

ئەوە،بێلایەنییدادگاودادوەریدادوەرەکانی ئەمریکا بوو کە سڵیان لەوە نەکردەوە سەرۆکی وڵاتەکەیان لە ئاپڕووبەرییەکی لەمجۆرە تێوەگلاوە، هەروەکچۆن بڕیارەکەیان بەوجۆرە دەرکردو سەرۆکیشیان تۆمەتبارکردڕ‌و هاوکات فشاری میدیاکانیش وایانکرد، سەرۆک دەست لە پۆستەکەی بکشێنێتەوە. کەواتە، ئێمە لەبەردەم دادوەرگەلێکداین کە سوێندی پیشەکەیان‌و ئەخلاقی پیشەکەیان لەسەرووی بەرژەوەندییە شەخسییەکانڕ‌و هەروەها لەسەرووی سەرۆکی وڵاتەکەیشیانەوەیە، لەکاتێکدا لە هەرێمی خۆماندا، دادوەرگەلێک هەن، سوێندی پیشەو ئەخلاقی پیشەکەیان دەکەنە قوربانیی بەرپرسێکی دەرەجە چوار، نەک سەرۆکی وڵات (لەگەڵ ڕێزم بۆ بێلایەنیی بەشێکیان). کەواتە، ئاپڕووبەری «ووتەر گێت»، پەندێکیشە بۆ دادوەرو دادگاکانمان لە کوردستان، وەکچۆن ئەم هەرێمەی خۆیشمان بێبەش نەبووە لە ئاپڕووبەری (مەبەستم ئاپڕووبەری ئەخلاقی بەمانا تەقلیدییەکەی نییە، هەروەکچۆن ئەمجۆرە ئاپڕووبەرییانەیش لەلای بەشێکی سیاسییەکانی ئەم هەرێمە بوونی هەیە) سیاسیی‌و کارگێڕیی‌و ئەخلاقی، بۆیە سەربارەی چاونەترسی میدیاکارانڕ‌و ڕەچاوکردنی دادوەریی‌و بێلایەنیی لەکاری میدیاییدا، پێویستمان بەچاونەترسیی‌و بێلایەنیی‌و دادوەریی دادوەرو دادگاکانیشمانە، ئەمەپش بۆ ڕیشەکێشکردنی بەشێکی ئەو خەوش‌و گەندەڵییانەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا هەنڕ‌و بەشێکی زۆریان پشکەکانیان بەر کارەکتەر سیاسیی‌و بەرپرسەکانی هەرێمەکەمان دەکەوێت.

ئەنجام:

ئاپڕووبەری «ووتەرگێت»، دەسەڵاتی سیاسیی ناچارکرد میکانیزم چۆنێتیی‌و بڕی ئەڕ پارەیەی بۆ پرۆپاگەندەکردنی هەلمەتەکانی هەلبژاردن سەرفدەکرێن، بخرێنە ژێر کۆنترۆلی چاودێریی فیدرالییەوە، لەکاتێکدا تا ئەم ساتەوەختەو لە هەرێمی کوردستان‌و عیراقیشدا، بەملیۆنەها دۆلار بۆ پرۆپاگەندەی هەلبژاردن سەرفدەکرێن، سەرباری بەخشینەوەی هەزاران دەمانچە‌و کۆمپیوتەرو ئۆتۆمبێلی دوامۆدێل‌و گرانبەها بەسەر هەندێک بنەمالە‌و بەشێکی خەڵکدا، ئەمەپش بۆ کڕینی دەنگیان (کە ئەمەپش هیچی کەمتر نییە لە ئاپڕووبەری «ووتەر گێت»)‌و سەرچاوەی ئەو پارانەپش دیارنین‌و گومانیش هەلناگرێت کە بەشی هەرە زۆری ئەو پارانە داهاتی خەڵکی هەرێمی کوردستان‌و عیراقیشدا بەگشتیی. هەربۆیە، ئەگەر پەوردیی لەو ئاپڕووبەرییەی «ووتەر گێت» قوڵببینەوە، تێدەگەین ئەم ئاپڕووبەرییە (کە بەردەوام لە وڵاتانی جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامیی‌و بەهەرێمی کوردستانیشەوە، بەشێوازو مۆدێلی جیاجیا بوونی هەیە) پەندێکە بۆ سیاسییەکان‌و میدیاکاران‌و دادگاو دادوەرەکان‌و پەرلەمانتاران‌و بەشێکی گرنگی نوخبەکانی کۆمەڵگە لە جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامیی‌و هەرێمی کوردستان‌و عیراقیشدا بەگشتیی، لەوەی لەپشتی هەر ئاپڕووبەرییەکەوە (بەتایبەتی ئاپڕووبەری سەرۆک‌و سیاسییەکانی وڵات) لێشاوێک پەندو لەبەرانبەریشدا، چەند کەسێکی چاونەترس ئامادەن، کەسانێک کە جورئەتی ئاشکراکردن (وەک میدیاکار)‌و حوکمدانیان (وەک دادوەر) کردووە.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

(١) «جۆزێف پۆلیتزەر»، بەرەچەڵەک هەنگارییەو یەکێکە لەناوە درەوشاوەکانی میدیا لە ئەمریکاو جیهاندا بەگشتیی. «پۆلیتزەر»، خاوەنی چەند دامەزراوەیەکی میدیایی بووەو ئەوکاتەیشی لە ساڵی ١٩١١دا کۆچی دوایی کرد، بەڵەوەی کۆچی دوایی بکات، وەسیەتی کرد، بڕی دوو ملیۆن‌و نیو دۆلار لە سەروەتەکەی تەرخانبکرێت بۆ کردنەوەی پەیمانگەیەکی ڕۆژنامەنووسیی‌و هەروەها تەرخانکردنی خەڵاتێکی ساڵانە بەناوی خۆیەوە، هەروەکچۆن خەڵاتەکە بەناویەوە (پۆلیتزەر) ناونراوەو ساڵانەیش دەدرێتە داهێنەرانی بواری میدیا لەسەر ئاستی جیهان‌و هەروەها داهێنەرانی کایەی ئەدەب (لەسەر ئاستی ئەمریکا).

(٢) بۆ نموونە ئەوکاتانەی یەکێتی‌و پارتی لە ناوڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووداو، لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدابوون‌و بەڕێز جەوهەر نامیق سالم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (لەسەر لیستی پارتی) بوو، ئەوکاتانەی سەرۆکی پەرلەمان لە تەلاری پەرلەمان‌و لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێکی تردا پەناگیری (اعتصام) یان کردبوو، میدیاکانی یەکێتی، هەندێک «بەلگەنامە»یان بڵاوکردەوەو پاڵپشت بەو بەلگەنامانە (کە گوایە وەک نامەو بروسکەی سەرۆکی پەرلەمان بۆ سەرکردایەتیی پارتی لە»مەسیف سەلاحەدین» نێردرابوون)، میدیاکانی یەکێتی وەهایان بڵاوەکردەوە کە سەرۆکی پەرلەمان، وەک هەڤاڵێکی حیزبیی بووەتە ڕەسیدی هێزەکانی حیزبەکەی (پ.د.ک)‌و ئەمەیشیان وەک ئاپڕووبەرییەک بۆ سەرۆکی پەرلەمان ناوەدبرد، هەروەکچۆن پاشگری وشەی «گێت»یان خستبووە پشتی ناوی سەرۆکی ئەوکاتەی پەرلەمانەوە.

(٣) بگەڕێوە بۆ: جۆن. ل. هاتلنگ، ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسیی (گفتوگۆیەکی زانستیی ڕێساکانی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسییە؛ هەروەکچۆن کۆمەڵەی سەرنووسەرانی ڕۆژنامە ئەمەریکییەکان دەستنیشانیکردووە)، پێشەکی‌و وەرگێڕانی: مەم بورهان قانع، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

ڕیکلام
www.gorran.org



وەزیر یان وەزارەت



ئەمین جاف

هاوپەیمانیی کوردستان لە چەند مانگی رابردوودا، شەڕی بۆ (مەنسەب‌و وەزیر)، بۆ کەسانێکی دیاریکراو کرد! نەک بۆ پۆستی سیادیی‌و وەزارەتە گرنگەکان.پێش ئەوەی وەزارەت وەرگرن، ئەوان وەزیرەکانیان ئامادەکردبوو.

پێش راگەیاندنی کاندیدە کوردەکان، ناوی ئەو کەسانە شاراوە نییە‌و هەوڵەکان بۆ ئەوە دراوە کە وەزارەتێک وەرگرن بۆ فلاّن بەڕێز شیاو بێت، چونکە رووی‌و ئاشکرایە کە هەندێک لەو وەزارەتانە لەبەر خاتری چەند بەڕێزێک وەرگیراون.

ئەگەرەکانی ئەو هەوڵانەش لەوەدایە: دەبێت هاوپەیمانیی باوەڕی بە کەسی تر نەبێت جگە لەو بەڕێزانە، یاخود کەسی تر شک نەبات کە ئەو پۆستانەی پێبسپێرێت، یان ئەگەرێکی شاراوەیەو نابێت خەڵک بیزانێت.

هەموو لایەنە عێراقییەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کێ باشترین وەزارەت بەدەستبهێنێت بۆ سوودو بەرژەوەندیی گشتیی، لە هەوڵی ئەوەدابوون یەکێک لەم وەزارەتانە بەدەستبهێنن (نەوت، دارایی، کارەبا، گواستنەوە، ئاوەدانکردنەوە، سامانەکانی ئاو، گواستنەوە، پلاندانان...)، تەنیا کورد هیچ هەوڵێکی دیار نەبوو.

ساڵی ٢٠٠٩ پاش دەیان کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق، وەک خۆیان ناویان لێناوە بە (تەوافوق) یاسایەک لەدایک بوو، دواتر ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندیکرد، گەورەترین زیانی بە مافەکانی ئێمە گەیاندو باشترین سوودیشی بە خەڵکی باشووری عێراق بەخشی.

هەروەک بەڕێز تالەبانی لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت: «لە کوردستان (٢,٥ دوو ملیۆن‌و نیو) دەنگدەر (٥٨) کورسییان پەدەستهێنا، هەمان ژمارە لە باشووری عێراق (٧٠) کورسییان بەدەستهێنا، بەراوردو نرخاندن وازلێدێنم، با خەڵکی کوردستان خۆیان قسەی لەسەر بکەن هۆکانی چی بوون.

لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا، خەڵکانی عێراق دەنگیان بۆ (٣٢٥) ئەندام دا، زیاتر لە (٩)مانگ لایەنە سیاسییەکانی عێراق کێشەیەکیان هەبوو نەیانتوانی حکومەت پێکبێنن‌و ڕێکبکەون، بەڵام دیسان سەرکردە سیاسییەکانی عێراق، پێڕێکیان بە دەوری خۆیاندا لێداوەو لەسەر داخوازیی‌و پشتگیریی کورد، گەرانەوە سەر ئەو تەوافوقەی کە بەسەر دەستوورو یاساو هەموو بنەمادیموکراتییەکاندا سەپێنراوە! لەم دەوڵەتە فیدراڵییەدا!، ئەوەبوو توانییان بگەن بە نیمچەڕێکەوتنێک کە هەتا ئەو ساتەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانیش سوێندە یاساییەکەی خوارد، هیچکام لەو لایەنانە باوەڕیان بەو ڕێکەوتننامەیە نەبوو.

سەرسوڕمان لەوەدایە کە هەموو لایەنەکان لەکاتێکدا داوای حکومەتی شەراکەتی نیشتمانییان دەکرد، پاش ئەو ڕێکەوتنە لەرزۆکو نەزۆکە، ئێستا وا دەبینین شەڕی کورسی‌و پۆستەکان دەستپێکرد، ئەوەتا تەنیا بۆ رازیکردنی لایەنەکان، یان کەسایەتییەکان، پۆستی تازە دادەمەزرێنن، لەوە دەچێت کە دوو دەزگای ڕاپەڕاندن لە عێراقدا دروست بێت، کە لە دنیادا وێنەی نییە! چەندەها جێگر بۆ سەرۆکی پۆستە سیادییەکان دادەنرێت، پێکهێنانی زیاتر لە (٤٢) وەزارەت بێ ئەوەی پێویست بکات واتای چییە، بۆنموونە، لە (میسر (٣٥) وەزارەت، ئەڵمانیا(١٥) وەزارەت، چین(٢٢) وەزارەت، ئەفغانستان (١٧) وەزارەت، باشووری ئەفریقا (١٩) وەزارەت) هەن، ئەگەر بارودۆخەکە وا بروات، ئەوا لە عێراق دەبێتە (٥٠) وەزارەت.

لێرەدا بەباشمزانی کە بە خاڵبەندیی هەندێک پرسیار بوروژێنم:

١- بۆ دەبێت کورد یارمەتیدەربێت بۆ ئەو کەسانەی کە یاسای ریشەکێشی بەعس دەیانگرێتەوە، بەدڵنیاییەوە هەر چەند ڕۆژێکی تر ئەوانە پلەو پایەی بەرز وەردەگرن‌و دژ بە موبادەرەی کورد ڕەفتار دەکەن.

٢- کورد، بۆ ئەوەندە بە پەرۆشی ناوبژیکردنی سوننەو شیعەوە بوو؟ لەکاتێکدا ئەو کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەیان سەدە، کەواتە ئەو چارەسەرە جۆرێکە لە پینەو پەڕۆ، سودیشی بۆ ئێمە نابێت، چونکە کاتییە.

٣- گریمان کە کورد لە ژێر فشاری ئەمریکا ئەو ناوبژیوانییەی کرد، بەڵام ئایا هیچ گەرەنتییەکی مۆرکراویی لە حکومەتی ئەمریکا وەرگرتووە؟

٤- جارێکیتریش گریمان ئەوا کورد گەرەنتی لە مالیکی وەرگرتووە، بەڵام ئایا مالیکی بە تەنیا وەک سەرۆکی وەزیران دەتوانێت مەرجەکانی کورد جێبەجێ بکات، یان چەندەها لایەنی تر بەشدارن لەو کێشەیەدا؟

٥- ئایا ئەو پەلەکردنە بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق لە بەرژەوەندیی کورد بوو؟یاخود عەواتیف وایلێکردین کە لەبەر خاتری ئەمریکییەکان ئەو موبادەرەیە بکەین، ئەگینا چەند پێکهێنانی حکومەت دواکەوتایە، ئەوەندە ئەمریکاو وڵاتانی پەیوەندیدار پێویستیان بە ئێمە دەبوو.

ڕیکلام
چاپخانەی زەرگەتە
بۆ چاپکردنی
ڕۆژنامە
کتێب
گۆڤار
ناونیشان: سلێمانی - گردی زەرگەتە
٠٧٧٠١٥١٦٥١٨ - ٠٧٧٠١٤٣٤٥٣٦

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩